# هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بە پێی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام

لوقمان حیشمەت حەسەن

ماستەرنامە

******

**کەناڵی**

**(سەرچاوەی زمان و ئەدەب و ڕێگەکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)**

☟

https://t.me/Sercawe

لەم کەناڵەی تیلیگرامدا، ئەم سەرچاوانە هەیە:

١-زمانی کوردی

٢-ئەدەبی کوردی

٣-پەروەردە/ ڕێگەکانی وانەوتنەوە/ بوارەکانی دەروونزانی بە زمانی کوردی

٤- فەرهەنگی کوردی

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی بەغدا
کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان
بەشی زمانی کوردی / خوێندنی باڵا ـ ماستەر

# هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بە پێی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام

ماستەرنامەیەکە

**لوقمان حشمەت حەسەن**

پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغدایەوە کردووە و بەشێکە لە پێویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەری پەروەرد لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردیدا

بە سەرپەرشتی
پرۆفیسۆر
**عەلی داوود جوامێر**

بەفرانبار (٢٧٢٢)ی کوردی      جمای دووەم (١٤٤٣)ی کۆچی      کانوونی دووەم (٢٠٢٢)ی زاینی

# بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ أَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَسَالَتْ أَوْدِيَةٌ بِقَدَرِهَا
فَاحْتَمَلَ السَّيْلُ زَبَدًا رَابِيًا وَمِمَّا يُوقِدُونَ عَلَيْهِ
فِي النَّارِ ابْتِغَاءَ حِلْيَةٍ أَوْ مَتَاعٍ زَبَدٌ مِثْلُهُ
كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْحَقَّ وَالْبَاطِلَ فَأَمَّا الزَّبَدُ
فَيَذْهَبُ جُفَاءً وَأَمَّا مَا يَنْفَعُ النَّاسَ فَيَمْكُثُ فِي
الْأَرْضِ كَذَلِكَ يَضْرِبُ اللَّهُ الْأَمْثَالَ ﴾

**صدق الله العلي العظيم**

﴿ سورة الرعد:**17**﴾

## بڕیاری سەرپەرشتیار

گەواهی دەدەم کە ئەم نامەیە بە ناونیشانی (هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بە پێی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام) قوتابی (لوقمان حشمەت حەسەن) بە سەرپەرشتیی من لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغدا ئامادەی کردووە، بەشێکە لە پێویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەری پەروەردە لە (ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)دا.

**سەرپەرشتیار**

**واژۆ:**

**ناو و نازناو: پ. عەلی داوود جوامێر**

**ڕێکەوت:    /    /٢٠٢١**

بە پێی پێشنیازی مامۆستای سەرپەرشت، ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی هەڵسەنگاندن دەکەم.

**واژۆ:**
**ناو و نازناو: پ. عەلی داوود جوامێر**
**سەرۆکی بەشی زمانی کوردی**
**/    /٢٠٢١**

## بڕیاری شارەزای زمانەوانی

گـەواهی دەدەم کە ئەم نـامەیە بە ناونیشـانی (هەڵسـەنگاندنی پەرتـووکی زمـان و ئەدەبـی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بە پێی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام) قوتـابی (لوقمـان حشـمەت حەسـەن ) لە کـۆلێژی پەروەردەی ئیـبن ڕوشـد بـۆ زانسـتە مرۆڤایەتییەکـانی زانکـۆی بەغـدا ئامـادەی کـردووە، بەشـێکە لە پێویسـتییەکانی وەرگرتنـی بڕوانـامەی ماسـتەری پەروەردە لە (ڕێگاکـانی وانەوتـنەوەی زمـانی کـوردی)دا، بینـیم لـە لایـەنی زمانـەوانی و دەربـڕینەوە گونجـاوە بـۆ تـاوتوێکردن، لەبەر ئەوە واژۆم کردووە.

**شارەزای زمانەوانی**

**واژۆ:**

**ناو و ناسناو:پ .ی سرود وەلی ئیسماعیل**

**زانکۆ و کۆلێژ: زانکۆی بەغدا /کۆلێژی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان**

**ڕێکەوت: / /٢٠٢١**

## بڕیاری شارەزای زانستی

گەواهی دەدەم کە ئەم نامەیە بە ناونیشانی (هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بە پێی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام) قوتابی (لوقمان حشمەت حەسەن) لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغدا ئامادەی کردووە، بەشێکە لە پێویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەری پەروەردە لە (ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)دا، بینیم لە لایەنی زانستییەوە گونجاوە بۆ تاوتوێکردن، لەبەر ئەوە واژۆم کردووە.

**شارەزای زانستی**

**واژۆ:**

**ناو و نازناو: پ . ی. عومەر عادل عەباس**

**زانکۆ و کۆلێژ:زانکۆی گەرمیان/کۆلێژی پەروەردە**

**ڕێکەوت: ١٢ / ٩ /٢٠٢١**

**شارەزای زانستی**

**واژۆ:**

**ناو و نازناو:پ.ی د. مەولود حەمەد نەبی خلێفانی**

**زانکۆ و کۆلێژ: زانکۆ دهۆك / کۆلێژی پەروەردە**

**ڕێکەوت: ٨ / ٨ /٢٠٢١**

## بڕیاری شارەزای ئامار

گەواهی دەدەم کە ئەم نامەیە بە ناونیشانی (هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بە پێی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام) قوتابی (لوقمان حشمەت حەسەن) لە کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکانی زانکۆی بەغدا ئامادەی کردووە، بەشێکە لە پێویستییەکانی وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەری پەروەردە لە (ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)دا، بینیم لە لایەنی ئامارییەوە گونجاوە بۆ تاوتوێکردن، لەبەر ئەوە واژۆم کردووە.

**شارەزای ئامار**

**واژۆ:**

**ناو و نازناو:پ.ی.د. دڵشاد شاکر ئیسماعیل**

**زانکۆ و کۆلێژ:زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی پەروەردە**

**ڕێکەوت: ٤/ ٩ /٢٠٢١**

## بڕیاری لیژنەی تاوتوێکردن

ئێمەی سەرۆک و ئەندامانی لیژنەی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندن، ئەم نامەیەمان خوێندەوە، کە بە ناونیشانی (هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بە پێی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام) و لەگەڵ قوتابییەکەدا گفتوگۆمان لەبارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کرد و بڕیارمان دا، کە شایانی ئەوەیە پلەی ( ) بڕوانامەی ماستەری پەروەردەی لە (ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی کوردی)دا پێبدرێت.

**واژۆ: پ.ی.د**
**ناو: صباح جليل خليل**
**ئەندام**
**بەروار: ٣ / ١ /٢٠٢٢**

**واژۆ: پ.د**
**ناو:پ.ی.د. مناضل عباس قاسم**
**ئەندام**
**بەروار: ٣ / ١ /٢٠٢٢**

**واژۆ:**
**ناو:پ. عەلی داوود جوامێر**
**ئەندام و سەرپەرشت**
**ڕێکەوت: ٣ / ١ /٢٠٢٢**

**واژۆ:پ.د**
**ناو: مهاباد عبدالكريم احمد**
**سەرۆکی لیژنە**
**بەروار: ٣ / ١ /٢٠٢٢**

لەلایەن ئەنجومەنی (کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان/ زانکۆی بەغدا) پەسند کرا .

**ڕاگـــر**
**پ.د. علاوي سادر جازع**
**ڕاگری کۆلێژی پەروەردەی ئیبن ڕوشد بۆ زانستە مرۆڤایەتییەکان**
**ڕێکەوت: / /٢٠٢٢**

## پێشکەشە بە

ـ گیانی پاکی ئەو هەردوو کەسەی بوون بە هۆیی هەبوونم..... باوك و دایکم

ـ هاندەر و پشت و پەنام و چرای ماڵم، هاوبەشی خۆشی و خەم و ژانم..... هاوسەری خۆشەویستم

ـ گوڵەکانی دونیام و سۆمای چاوەکانم منداڵ و هاوڕێیەکانم فاتمە، موستەفا ، مەریەم ، ڕەزا و عبدوڵلا

ـ هەموو ئەوانەی بوون بە هۆیی بەرەوپێشچوونم هەر لە سەرەتاییەوە هەتا خوێندنی باڵا..... مامۆستاکانم

ـ هەموو ئەو دڵسۆزانەی و هەوڵی خزمەتکردنی زمانی کوردی بکەن

ـ هەموو ئەوانەی کە دڵسوزن و قەڵەمەکانیان بۆ زانست و مرۆڤایەتی دادەنێن

توێژەر

## سوپاس و پێزانین

ـ بۆ خودای گەورە و میهرەبان کە ئەو دەرفەتەی پێدام تاکو بگەیمە قۆناغی ماستەر و بەردەوام لە هەموو کارەکانم یارمەتی داوم.

ـ بۆ سەرپەرشتی توێژینەوەکەم ا. عەلی داود جوامێر کە هەر لەسەرەتای توێژینەوەکەم ئەرك و ماندووبونێکی زۆری بینی ویارمەتی دام چ لە تێبینیکردن و گەڕان دوای سەرچاوە.

ـ بۆ بڕیاردەری بەشی زمانی کوردی م.ی فەیسەڵ غازی لە یارمەتی و تێنییینیەکانی.

ـ بۆ پرۆفیسۆر و مامۆستاکان ئەوانەی پەوەندییان کرد بە تێبینی ئاراستەکردن لەسەر ڕاپرسە سەرەتاییەکە و پێشکەشکردنی پێشنیازە بەسوود و بەنرخەکانیان بووم.

ـ بۆ مامۆستایانی بەشی زمانی کوردی لە پشتگیریکردن و هاندانیان هەتا گەیشتمە ئەم پلە.

ـ بۆ خێزان و بەتایبەت هاوڕێی ژیانم و موستەفای کوڕم کە هەردەم هاندەر و بەداواداچوونیان بۆم کردوون.
ـ بۆ مامۆستا (عەلی وەلی) بەڕێوەبەری گشتیی خوێندنی کوردی لە وەزارەتی پەروەردە کاتی پەیوەندیکردنی بەشیکردنەوەی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی ( پەرتووکە هەڵسەنگراوەکە) .

ـ بۆ د.عەلا عبدولخالق مەندەلاوی کە زۆر یارمەتیدەرم بوو.

ـ بۆ پ.ی سرووود وەلی ئیسماعیل جاف ، پ.د ئیسماعیل ئیبراهیم سەعید ، پ.د عادل گرمیانی لە زۆر یارمەتییان دام لە ڕووی زمانەوانییەوە.

ـ لە کۆتاییدا سۆپاسی هەموو هاوڕێیان دەکەم تەنانەت ئەوەی بە وشەیەکیش سوودمەندی کردبم.

توێژەر

## پوختەی توێژینەوەکە

**ئامانجی توێژینەوەکە:** هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بە پێی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و دیارکردنی ڕادەی گرتنەوەی بابەتەکانی ناوەڕۆکی پەرتووکەکە لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی گەشەپێدنی بەردەوامدا( ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ڕەهەندی ئابووری و ڕەهەندی ژینگەیی).

**ڕێبازی توێژینەوەکە:** بۆ بەجێهێنانی ئامانجی توێژینەوەکە، توێژەر ڕێبازی وەسفی شیکراو (Descriptive Research) پەیڕەوی کرد بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بە پێی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوامدا.

**کۆمەڵگای توێژینەوە و نموونەکەی :** پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە کۆماری عێراقدا (جگە لە هەرێمی کوردستان) .

**سنووری توێژینەوەکە:** پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە کۆماری عێراقی فیدڕاڵ ( جگە لە هەرێمی کوردستان) ئەوەی لە سالی (2015 ) و لەسەر دەستی کۆمەڵێك لە مامۆستایانی زمانی کوردی و پسپۆرانی پەروەردەدا دامەزرا .

**ئامرازی توێژینەوەکە:** توێژەر بەکاری ڕاپرسێك هێنا بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەرتووکەکە، کۆمەڵێك لە پێوەری تایبەت کە پەیوەندییان هەیە بە رەهەندە سەرەکییەکانی گەشەپێدانی بەردەوامەوە. ئەم پێوەرانە بە شێوە سەرەکییەکەیان لە (44) پێوەر پێکهات و بەش بەش کرا لەسەر سێ رەهەندی سەرەکی لە رەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەواوم، هەروەها دوای پێشاندانی ڕاپرسەکە بە چەند پسپۆرێك لە بواری هەڵسەنگاندن و ڕێگاکانی وانەوتنەوەدا و لادانی کۆمەڵێك لە بەند و دیاریکراوە بە پێی پێشنازەکانیان، ژمارەی ئاماژەکان گەیشتە(38) پێوەر، هەروەها پێشانی درا بە مامۆستایانی زمانی کوردی هەتا پێشنیاز و تێبینیەکانیان پێشکەش بکەن.

**ئامرازە ئامارییەکان:** توێژەر بەکاری چەند ئامرازێك بۆ ژماردنی ئەنجامەکان هێنا، ئەمانن:

ا ـ دووبارەکراوەکان .

ب ـ ڕێژەی سەدی.

پ ـ هاوکێشەی هۆلستی بۆ دۆزینەوەی هاوکۆڵکەی ڕێککەوتن نێوانی دوو شیکردنەوە.

**ئەنجامەکانی توێژینەوەکە:** شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی کاتی شیکردنەوەی ئەنجامەکان بەم شێوەیە دەرکەوت: دەسکەوتنی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی (120) دووبارەکراوە بەڕێژەی سەدیی(76٪ ) لە کۆی دووبارەکراوەکان لە کۆی گشتییەکە(160) دووبارەکراوە بوو، بەڵام دەسکەوتی ڕەهەندی ئابووری لە پلەی دووەم هات بە (34) دووبارەکراوە بەڕێژەی سەدیی (20.25) لە کۆی گشت دووبارەکراوەکان و لە پلەی سێیەم دەسکەوتی ژینگەیی (6) دووبارەکراوە و بە ڕێژەی سەدیی(3.75 ) لە کۆی گشت دووبارەکراوەکاندا.

**دەرئەنجامەکان:**

1- لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام خۆ دەگرێت بەڵام بە ڕێژەیەکی جیاواز.

2 ـ پەرتووکەکە گرنگیدا بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و بە ڕەهەندی ئابووری بە ڕێژەیەکی کەمتر بەڵام ڕەهەندی ژینگەیی گرنگی کەمتری پێ درا.

**ڕاسپاردەکان :**

**بە پێ ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ڕادەسپێرێ بەم خاڵانەی خوارەوە:-**

1- ناساندنی مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی بە ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام
2 ـ پشت بەستن بە ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لە پرۆگرامەکانی فێرکردن لە قوتابخانەکانی تر.

**پێشنیازەکان :**

**بە هۆی گەیشتن بە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەی خوارەوە:**

1 ـ ئەنجامدانی توێژینەوەیەك هاوشێوە لە گەڵ توێژینەوەی ئێستا بۆ قۆناغی زانکۆکان.

2 ـ ئەنجامدانی توێژینەویەك هاوشێوە لە گەڵ بابەتەکانی تردا.

**پێرستی ناوەڕۆك**


| لاپەڕە | ناونیشانی بابەت |
|---|---|
| XI | قورئانی پیرۆز |
| XI | بڕیاری سەرپەرشتیار |
| XI | بڕیاری شارەزای زمانەوانی |
| IV | بڕیاری زانستی |
| XI | بڕیاری شارەزای ئامار |
| VI | بڕیاری لێژنەی تاوتوێکردن |
| VII | پێشکەش کردن |
| VIII | سوپاس و پێزانین |
| IX | پوختەی توێژینەوە |
| XI - | پێرستی ناوەڕۆك |
| XV | پێرستی خشتەکان |
| XVI | پێرستی پاشکۆکان |
| **21 -1** | **بەشی یەکەم** |
| **2** | کێشە وگرفتی توێژینەوەکە |
| **3** | گرنگی توێژینەوەکە |
| **16** | ئامانجی توێژینەوەکە |
| **17** | سنووری توێژینەوەکە |
| **17** | دیاریکردنی زاراوەکان |
| **83 -22** | بەشی دووەم/ لایەنە تیۆری لێکۆڵینەوەکانی پێشوو |
| | تەوەری یەکەم |
| **23** | لایەنە زارەکییەکانی توێژینەوەکە |
| **23** | هەڵسەنگاندن |
| **24** | هەڵسەنگاندن، سەرهەڵدان و پەرەسەندنی مێژووی |
| **27** | چەمکی هەڵسەنگاندن |
| **28** | گرنگی هەڵسەنگاندن |
| **28** | بنەماکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن |
| **30** | جۆرەکانی هەڵسەنگاندن |
| **34** | ڕۆڵی هەڵسەنگاندن و ئامابجەکانی |
| **35** | ئامانجەکانی هەڵسەنگاندن |

| | |
|---|---|
| 35 | تایبەتمەندییەکانی هەڵسەنگاندن |
| 37 | بوارەکانی هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی خوێندنگە |
| 38 | پەرتووکی خوێندنگە/ ئەرکەکانی پەرتووکی خوێندنگە |
| 40 | گرنگی پەرتووکی خوێندنگە |
| 43 | پێوەرەکانی هەڵبژاردنی پەرتووکی خوێندنگە |
| 44 | تایبەتمەندییەکانی پەرتووکی خوێندنگەی چاك |
| 46 | هەلسەنگاندنی پەرتووکی خوێندنگە |
| 49 | گەشەپێدانی بەردەوام /چەمکی گەشەپێدانی بەردەوام |
| 50 | مێژووی پەرەسەندنی چەمکی گەشە پێدانی بەردەوام |
| 52 | بۆچوونە سەرەکییەکانی گەشەپێدانی بەردەوام |
| 55 | ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام |
| 56 | تایبەتمەندییەکانی گەشەپێدانی بەردەوام |
| 58 | بەڵگەکانی گێرانی فێرکردن بەرەو گەشە پێدانی بەردەوام |
| 59 | تێکەڵکردنی بۆچوونەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لەگەڵ پەرتووکەکانی خوێندندا |
| 60 | گرنگی پەیوەندی کردن لە نێوان فێرکردن و گەشە پێدانی بەردەوامدا |
| 62 | ئامانجەکانی فێرکردن بە هۆی گەشەپێدانی بەرەوام |
| 63 | گۆرانی فێرکردن ئەوەی ئەنجامەکانی فێرکردن بە هۆی گەشەپێدانی بەردەوامە |
| 64 | شێواز و ستراتیژییەتەکانی وانەوتنەوە بە هۆی گەشەپێدانی بەردەوام |
| 64 | لێهاتووە پێویستەکانی گەشەپێدانی بەردەوام |

| | |
|---|---|
| 66 | ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام |
| 70 | تەوەری دووەم /لێکۆڵینەوەکانی پێشوو |
| 70 | لێکۆڵینەوەی عەرەبییەکان |
| 78 | لێکۆڵینەوە بیانییەکان |
| 79 | هاوسەنگی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو |
| 82 | بەشی سێیەم / پروگرامی توێژینەوە و ڕێکارەکانی |
| 82 | پرۆگرامی توێژینەوەکە |
| 83 | کۆمەڵگای توێژینەوە و نموونەکەی |
| 83 | ئامرازی توێژینەوەکە |
| 84 | ئامادەکردنی ئامرازەکە |
| 85 | ڕاستی و دروستی ئامرازەکە |
| 87 | جێگیری |
| 88 | **پراکتیزەکردنی ئامرازەکە** |
| 91 | بەشی چوارەم /خستنەڕووی شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە |
| 92 | بەشی چوارەم /خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە |
| 93 | شیکردنەوەکەی ئەنجامەکان |
| 94 | ڕەهەندەکان |
| 95 | ئاماژەکان |
| 104 | بەشی پێنجەم/ ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان |
| 105 | ئەنجامەکان |

| | |
|---|---|
| 106 | ڕاسپاردەکان |
| 106 | پێشنیازەکان |
| 108 | سەرچاوەکان  بە زمانی کوردی |
| 109 | سەرچاوەکان بە زمانی عەرەبی |
| 123 | سەرچاوەکان بە زمانی بیانیەکان |
| 128 | پاشکۆی ژمارە(1) ناوی شارەزا و پسپۆران |
| 130 | پاشکۆی ژمارە(2)ڕاپرسی ئاماژەکەرەکان  بەشێوە سەرەتاییەکەی |
| 136 | پاشکۆی ژمارە(3)ڕاپرسی ئاماژرکەرەکان بەشێوە کۆتاییەکەی |
| 142 | پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبییەوە |
| A-D | پوختەی توێژینەوە بەزمانی ئینگلیزی |
| | پێڕستی پاشکۆکان |
| 123 | پاشکۆی ژمارە(1) ناوی شارەزا و پسپۆران |
| 125 | پاشکۆی ژمارە(2)ڕاپرسی نیشادەرەکان  بەشێوە سەرەتاییەکەی |
| 131 | پاشکۆی ژمارە(3)ڕاپرسی نیشادەرەکان  بەشێوە کۆتاییەکەی |
| 136 | نووسراوی کار ئاسانی |
| 137 | بەرگی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی |
| 139 | پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبییەوە |
| 141 | پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی ئینگیلیزییەوە |
| | پێڕستی خشتەکان |

## پێرستی خشتەکان



| ژ | ناونیشانی خشتەکە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | خشتەی دیاریکرنی هاوکۆلکەی ڕێککەوتن بەکارهێنانی هاوکێشەی هۆلستی نێوانی توێژەر و شیکەرێکی دیکە و هاوکۆلکەی ڕێککەوتن بەکارهێنانی دەم | **92** |
| 2 | خشتەی ڕێژە سەدییەکان بۆ ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی | **96** |
| 3 | دیاریکردنی ڕێژەی سەدی و دووبارەکراوەکانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە | **101** |
| 4 | دیاریکردنی ڕێژەی سەدی و دووبارەکراوەکانی ڕەهەندی ئابوورییەوە | **104** |
| 6 | دیاریکردنی ڕێژەی سەدی و دووبارەکراوەکانی ڕەهەندی ئابوورییەوە | **106** |
| 7 | خشتەی ڕاپرسی ئاماژەکەرەکانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بەشێوە سەرەتاییەکەی | **132** |
| 8 | خشتەی ڕاپرسی ئاماژەکەرەکانی ڕەهەندی ئابووری بەشێوە سەرەتاییەکەی | **134** |
| 9 | خشتەی ڕاپرسی ئاماژەکەرەکانی ڕەهەندی ژینگەیی بەشێوە سەرەتاییەکەی | **135** |
| 10 | خشتەی ڕاپرسی ئاماژەکەرەکانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بەشێوە کۆتاییەکەی | **138** |
| 11 | خشتەی ڕاپرسی ئاماژەکەرەکانی ڕەهەندی ئابووری بەشێوە کۆتاییەکەی | **140** |
| 12 | خشتەی ڕاپرسی ئاماژەکەرەکانی ڕەهەندی ژینگەیی بەشێوە کۆتاییەکەی | **141** |

# پێڕستی پاشکۆکان


| ژ | ناونیشانی پاشکۆکە | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | ناوی شارەزا و پسپۆڕان | **130** |
| 2 | ڕاپرسی ئاماژەکەرەکان بەشێوە سەرەتاییەکەی | **132** |
| 3 | ڕاپرسی ئاماژەکەرەکان بەشێوە کۆتاییەکەی | **138** |
| 4 | ناونیشانی توێژینەوەکە بە مانی عەرەبیی | **146** |
| 5 | پوختەی توێژینەوەکە بەزمانی عەرەبی | **147** |
| 6 | ناونیشانی توێژینەوەکە بە زمانی ئینگیلیزیی | **A-D** |

# بەشی یەکەم

**ناساندنی توێژینەوەکە**

**کێشەی توێژینەوەکە**

**گرنگی توێژینەوەکە**

**ئامانجی توێژینەوەکە**

**سنووری توێژینەوەکە**

**دیاریکردنی زاراوەکان**

## بەشی یەکەم /ناساندنی توێژینەوەکە

**کێشەی توێژینەوەکە :**

کێشەی گەشەپێدانی بەردەوام یەکێکە لە گرنگترین کێشەکان ئەم سەردەمیانەوە لە ناویشیاندا عێراق، وڵاتی عێراقیش هەژمار دەکرێت لەو وڵاتانەی کە هیچ پێشکەوتنێکی بەخۆوە نەدەیوە بەتایبەت لە ڕووی زانستییەوە.

مەبەست لە گەشپێدانی بەردەوام، گەشپێدانی بەردەوام ماڵ و سامان و بەرهەم نییە، بەڵام گەشپێدانی ژیری(عەقلی) یەکێکە لە گرنگترین و لە پێش هەموویانە لە پێناو بە دەستهێنانی بەرزترین زاڵبوون بەسەر دیاردەکانی لاوازی، بۆ نموونە وەك پێشکەوتنی ئابووری و زانستی و ژینگەیی، ئەو ئەزموونەی زۆر لە وڵاتان تێنەپڕیوون .

هەوڵدان لە پێناوی گەشپێدانی بەردەوامی لایەنە ئابوورییەکان بە تەنها نەگەیشتووەتە ئامانجێکی دیاریکراو لەبەر فەرامۆشکردنی لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ژینگەیی بۆ بەرزکردنەوەی پلەی بیرو هۆش بە گشتی بۆ نەوەکانی میللت .

پێوانەی پێشکەوتن لەم میللەتانەدا لە بواری زانستی و شارستانیدا دەبینرێت لە کۆمەڵگاکانی مرۆڤایەتی بە گشتی و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی تا چەند لەگەڵ پێشکەوتنی توانای مرۆیی دەگونجێت.

ئەمەش ئەوە دیاری دەکات کە ئاستی پێشکەوتن و دواکوتنی لەم میللەتانەدا چەندە

فێرکـردن کـۆڵەکە سـەرەکییەکەی دامەزرانـدنی پێکهێنـانی شارسـتیانیەتییە، هەر شارسـتانییەتێک بەرەوپـێش ناچێـت، بە بـێ ڕێزگـرتن لە پەروەردە و فێرکـردن لەگەڵ ڕێزگـرتن لە بیـر و بیرکـردنەوە و بەرزکـردنەوەی ئاسـتی بیرکـردنەوەی خەڵکـی ئەم شارستانییەتیە لە هەموو لایەنەکـانەوە. بەم پێیە کۆمەڵگاکـانی خۆرئـاوا بەرەوپێشچوون و گەیشتن بە پەرەسەندنی زانیارییەکانیان.

زانستیش بنچینەی هەر شتێکە بۆ هەر مەبەستێك کە ئـارەزوو دەکەیـن پێـی بگەیـن، لەبەر ئەوە دەبێت ڕەهەنـدەکانی پەرەسـەندنی بەردەوام بە شێویەکی زانستی بخوێنین، هەتا بگەینە مەبەستەکانمان، بەتایبەتی ئەو کەسانەی پسپۆرن لە بـواری پەروەردە و فێرکردندا، ئەوەش بەو واتـایە دێـت، تـوێژینەوە و گەڕان بەدوای هەر چارەسـەرێکدا بە پێـی پەروەردە پەرەدەسـێنێت و بەردەوامیـی دیـار دەخـات، چـونکە زانسـت ناگـاتە ئامانجەکـانی بە بـێ پەروەردە و فێرکردن، بەڵکو هەردووکیـان پەیوەنـدییەکی تونـدیان هەیە لەگەڵ گەشـەپێداندا

به هەموو لایەنەکانیەوە و زۆر لە ئابووری ناسە هاوچەرخەکان لە جیهانماندا بڕوایان بە فێرکردن هەیە وەك کێشەیەکی مسۆگەر کە گەشەپێدان سەپاندویەتی .

تـوێژەر لە میـانەی پرسـیاری زارەکـی دەسـتی بە پرسـیارکردن دەکـرد لە کۆمەڵێـك مامۆستای زمانی کوردی لە قوتابخانە ئامادەییەکاندا، چونکە خۆی یەکێکە لە دەرچووانی بەشی زمانی کوردی و پسپۆڕی زمانی کوردیە و گرنگیەکی زۆری بە زمانی کوردیەوە داوە، بە مەبەستی ئەوەی بزانێت ئایا پلەی زانیاریی ئەم مامۆستایانە لەبارەی گەشەپێدانی بەردەوام و ڕەهەندەکانی تا چ ئاستێکە؟ و ئایا ڕەهەندەکانی لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردیدا لێهاتوون؟ بەڵام بۆی دەرکەوت زۆربەیان هیچ زانیاریەکیان لەبارەی ئەم بابەتە نییە، بەتایبەت ئێمەی لە وڵاتـی عێراقدا لەم بـوارە مـاوەی یەك لە سێیی ئامانجەکانی پەرەسەندنی بەردەوام ئەوەی بڕیاردراوە بۆ جێبەجێ کردنی (هەتا ٢٠٣٠) ئەنجام بدرێت پەڕیومانە.

زمانی کوردیش لە قۆناغی چوارەم و پێنجەمی ئامادەیی لە هەموو پارێزگاکانی عێراق جگە لە هەرێمی کوردستاندا دەخوێندرێت، توێژەر هەوڵدەدات پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی ئەوەی دانراوە بۆ فێرخوازانی پێنجی ئامادەیی هەڵبسەنگێنێت بە پێی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و هەتا چەند بـواری بەجێهێنـانی ئەم ڕەهەنـدانە لە بابەتەکانی ئەم پەرتـووکە دا هەیە؟ ، چـونکە گەشـەپێدانی بەردەوام بنچینـەی ئاینـدەی دانیشـتوانی ئەم جیهانەیە و ئەوەی لێی دەژین و ئەرکە لەسەر شانمان دەستکەوتەکان و سامانی بپارێزین بۆ نەوەکانی ئایندە.

بۆیە تـوێژەر بە هیـوایە ئەم تـوێژینەوەیە ببێتە سـەرەتای توێژینەوەکـانی هەڵسـەنگاندنی پەرتووکەکـانی تـری قوتابخـانە لە هەمـوو قۆناغەکـانی خوێنـدن و خوێنـدنی زانکـۆیی لە عێراقدا بە گشتی و دیاریکردنی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام (ئابووری، کۆمەڵایەتی و ژینگەیی) و بواری جێبەجێکردنیان لە قۆناغەکان و پرۆگرامەکانیاندا.

## گرنگی توێژینەوەکە:

لە ئەزموونەکانی جیهاندا لە بواری پەروەردە و فێرکردندا ئەم دوو بوارە بە شێوەیەکی سـەرەکی گرنگیی خۆیـان پێشـان دەدەن، چونکە پەروەردە واتـای ئامـادەکردنی مرۆڤە بـۆ ژیـان ، هەر لە منداڵییەوە هەتـا دەگاتە پشتبەخۆبەستن لە هەمـوو بوارەکانی ژیانـدا، وەکو لایەنەکـانی هـزری، جەسـتەیی، دەروونـی، کـۆمەڵایەتی و جوانکـاری. (عەزیـز، ٢٠١٤، ص٩)

فێرکــردن مــامەڵەیەکی مەبەســتدارە لە نێــوان مامۆســتا و فێرخــوازدا، بە هــۆی گواسـتنەوەی زانیــاری و ئاراســتەکردنی ڕەفتــاری فێرخــوازەوە ، بە مەرجـی حەز و

ئارەزووی فێرخواز هەبێت لەو بابەتانەی فێری دەبێت، فێرکردن ئەرکی مامۆستایە بۆ گواستنەوەی زانیارەکان بۆ فێرخوازەکانی. ( رەسول، ٢٠١٤، ل١٣)

لێرەدا گرنگیی پەروەردە و فێرکردن دەردەکەوێت، چونکە هەردووکیان بنچینە ڕاستەقینەکەی پێشکەوتنی نەتەوە کۆن و نوێیەکانن و هەر لە مێژەوە دەیان نموونە هەیە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، چونکە گرنگییان بە پەروەردە و فێرکردن داوە، کە گەشەکردنیان دیاردا و گەیشتنە قۆناغێکی پێشکەوتوو لەم بوارەدا، کاتی بە سەرکەوتوویی نەخشەیەکیان دانا بۆ کارکردن لە بابەتەکانی ڕامیاری و ئابووری و زانستی و .... ، و بە تایبەت گرنگییاندا بە بابەتەکانی پەروەردە و فێرکردن . (حمدي، ٢٠٢٠،ص ٢٣ )

هەروەها دەبینین بنچینەی ململانێی جیهان بە پێشکەوتنی پەروەردە و فێرکردنەوە وەستاوە، نەتەوەکانی زەوی پێبڕکێیەك نێوانیان هەیە بۆ پێشکەوتن لە بواری زانست و فێربووندا، هەتا بتوانن بە پێی ئەم زاڵبوونە دەسەڵاتی خۆیان بەسەر جێهاندا بسەپێنن. و ئەو شۆڕشە زانیارییە کە لە جیهاندا بڵاو بووەتەوە ، ئەرکی سەرشانمانە بە خێرایی و چالاکی هەوڵ بدەین هەتا بگەینە کاروانی ئەم شۆڕشە زانیارییە، چونکە ئەوەی دوا بکەوێت لەم

کاروانەدا، بە نائومێدی دەمێنێتەوە و وەکو ئیفلیج دەبێت لە بواری زانستی و ڕامیاریدا.

(القريشى، ٢٠٠٧،ص ٣)

پەروەردە و فێرکردن، خواستە سەرەکییەکەی بوون و مانەوەی نیشتمانەکانە و ڕاستییەکە بۆ هەنگاونان بۆ ئایندە و هێزێکی کاریگەر و پێویستە بۆ گەشەپێدانی بەردەوام و سوودوەرگرتن لە دیارترین دەستکەوتەکانی کۆمەڵگاکان، ئەوەی بە (دەستکەوتەکانی مرۆڤایەتی) دادەنرێن، چونکە بە بنەمایەکی سەرەکی دادەنرێت بۆ پێشکەوتنی وڵاتان، ئەوەش بە پێی ئامادەکردنی مرۆڤ و گەشەکردنی توانای عەقڵی و کەسایەتییە. (عطية،٢٠١٠،ص ٢٥)

هەروەها مرۆڤ هاندەرێکی کاریگەرە لە پرۆسەی دروستکردنی شارستانییەتی و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگاکانداو بە پەروەردە و فێرکردن دەتوانێت ئامادە بێت بۆ ژیان، هەتا پەیوەندی بە پێکهێنان و گەشەسەندنی کۆمەڵگاکەی بکات لە ڕێگەی ئامادەکردنی دەرفەتێکی گونجاو بۆ گەشەپێدانی تەواو لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا ( کەسایەتی، جەستەیی، عەقڵی و هزری). (حاجی سەلام، ٢٠١٩ ،ل ٧-٨)

لە ڕوانگەی(توێژەر)ەوە، کە بابەتی پەروەردە و فێرکردن ڕۆڵێکی گرنگی لە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکاندا هەیە، چونکە بنەمایەکی سەرەکییە بۆ دروستکردنی مرۆڤی پێشکەوتوو، ئەوەی لە بنچینەدا پشتی بە پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی زانستی بەستووە. هەتا ئەم بوارە بە دەسکەوتێکی نوێی ئابووری بۆ زیادبوونی داهاتی نەتەوەیی بوو، لە ڕێگەی ئامادەکردنی زانکۆ و دامودەزگاکان و پێشوازیکردن لە فێرخوازان لە هەموو جیهاندا، بۆ خوێندن و بەخشینی بڕوانامەی خوێندنی باڵا پێیان هەتا بتوانن ڕۆڵیان هەبێت لە پێشکەوتنی نیشتمانەکانیان لە ماوەی گەڕانەوەیاندا.

پێویستە گرنگی بە پەروەردە بدرێت لە هەموو قۆناغەکاندا و بەتایبەت لە قۆناغی ئامادەییدا، چونکە لەم قۆناغەدا فێرخواز بۆ قۆناغی زانکۆ ئامادە دەبێت، لەم قۆناغەدا فێرخواز لە قۆناغێکی هەرزەکاریدایە و وزەیەکی باشی هەیە، لەبەر ئەوە دەبێ بەباشترین شێوە ئامادەی بکرێت، هەتا توانای هەبێت بەرگەی گرانیی و ماندووبوونەکانی ژیان بگرێت، و ببێتە هۆکارێک بۆ مانەوەی کۆمەڵگاکەی. (العیساوي و أخرون، ٢٠١٢، ص٤٦ )

لەبەر ئەوە توێژەر پێی وایە کە بەهۆی پەیوەندی کردن لە ژیانی مودێرنەوە دەبێ هەر مرۆڤێك فێرببێت، چونکە پەروەردە و فێربوون زۆر گرنگە بۆ پێویستییەکانی ژیان و هەر کۆمەڵگایەك گرنگی دەدات بە پەروەردە و فێرکردن و پرۆسەی فێرکردن، ئەوە لە هەموو بوارەکانی زانست و ژیاندا پێش دەکەوێت.

فێرکردن دەستە بەهێز و بەرزەکەی پەروەردەیە، چونکە بە فێرکردن دەتوانرێت خواستنی پەروەردە جێبەجێ بکرێت، بەڵکو ڕەنگدانەوەی شێوەی بەڕێوەبردن و بەجێهێنانی ئامانجەکانی پەروەردەیە، هەر گۆمەڵگایەك دەزگا پەروەردەییەکانی پتەو و پێشکەوتوو بن لە هەموو قۆناغ و بوارەکانی ژیاندا پێش دەکەون، وەك کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان، ئەوەش بە یارمەتیدانی پسپۆرە پەروەردەییەکان و زانیارییە پێشکەتووەکانیان دەبێت. (زایر و عایز،٢٠١١،ص ١٦)

پەروەردە نیشانەی گەشەپێدانی بەردەوامە بۆ پێشکەوتن، چونکە خۆی خاوەنی بەرەوپێشچوونی مرۆڤە داهێنەرەکانە، ئەوانەی کە دەتوانن گۆڕانکاری لە کۆمەڵگاکانیاندا بکەن و کاریگەری و داهێنانیان پێشکەش بکەن و پێویستییەکانی کۆمەڵگانیان پڕ بکەنەوە و بەردەوامبن بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان. (الطنطاوی،٢٠٠٩،ص ٥)

هەروەها ئەم چەرخە سەلماندی کە بەراوردکاریی هێز و پێشکەوتنی وڵاتان بە ڕێژەی خوێندوارەکانیان دەبێت، نەک بە زۆریی ژمارەی دانیشتوان و دەوڵەمەندیی دەسکەوتە سروشتییەکان و هێزە جەنگاوەرەکانیان، بەڵام بە پێی ئاستی زانستەکانیان

دەبێت، لەبەر ئەوەیە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکان هەوڵی دروستیی جۆری فێرکردن و بەرزکردنەوەی ئاستی فیرکردنی کۆمەڵگەکەیان دەدەن. (الدوری ٢٠٠٩ ،ص ١٨)

لێرەدا ئەرکی دەزگاکانی پەروەردە و فێرکردنە خەڵکی کۆمەڵگاکانیان بۆ ئەمڕۆ و جیهانی ئاینده ئاماده بکەن، ئەوەش بە ئامادەکردنیان دەبێت بەشێوەیەك کە بیرو بۆچونەکانیان نەرم ونیان بێت و بگونجێن لەگەڵ گۆڕانکاری و نوێگەرییەکانی ژیاندا، هەتا بتوانن پەیوەندی بە خەڵک و نەتەوەکانی دەوروبەریانەوه بکەن، واتە پەروەردەی نوێ کار دەکات لەسەر پەرەسەندنی بیرو هۆشی فێرخوازان و هانیان دەدات بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە تووشیان دەبێت لە ژینگەی فێربوون و دەرەوەی خوێندنگە و دەستکردن بە داهێنان و چارەسەرکردنی بوارەکانی ژیان، ئەوەش بەهۆی بەکارهێنانی نوێترین ڕێگاکانی وانەوتنەوە و تیۆرە پەروەردەیی و فێرکارییەکان لەلایەن مامۆستایانەوە دەبێت. ( الخفاف، ٢٠١٣،ص ٢١-٢٢)

لێرەدا بیروڕای توێژەر ڕێک دەکەوێت لەگەڵ ئەوەی کە دەڵێت پەروەردە بە تەنها هۆیەك دادەنرێت کە مرۆڤ بەهۆیەوە دەتوانێت بگاتە پێشکەوتن و خۆشگوزەرانی و لەخۆڕازیبوون، بۆ ئەوەی ڕەفتارە باشەکانی ڕەنگ بداتەوە لەسەر هەموو کۆمەڵگاکەی، چونکە پەروەردەی ساماندار زۆرهانی خەڵک دەدات بۆ گەیشتن بە خۆشی و بەختیاری.

هەروەها **"**زمان وەك هەر( هەبوون)ێك یان دیاردە سێستەمێکی زیندوو بەر هەمان پێڕەو دەکەوێ"( ئەمین ،٢٠٠٩،ل ١٠)، کۆمەڵێك لە دەنگ و بێژە پێکهاتووە، شتێکی تایبەتە بۆ مرۆڤ کە بە پێی دەتوانێت بەکاری بهێنێت کاتی دەربڕین و دیاریکردنی هەست و سۆزەکان لە پێناوی بەستنی واتا و هەستەکان لەگەڵ دەرخستنی دەنگ و ئاماژەکان کاتی پەیوەندیکردنیان لەنێوان کۆمەڵگادا، بێ گومان ئەم دەرخستنانە ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە بۆ بەردەوامیی گەشەپێدان و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگاکاندا، واتا زمان بەشێکە لە دەروونزانیی کۆمەڵایەتی ئەوەی بەشێکە لە سایکۆلۆژیای گشتییەوە. (دی سوسیر، ١٩٨٨،ص ٣٣ ـ ٣٤ )

زمان گرنگترین کەرەستەی ئاخاوتن و گەیشتنی زانیاری و سوود وەرگرتنە لە زانیارییەکاندا، لە بواری پەروەردەدا بە گرنگترین هۆ دادەنرێت چ لە زمانی نووسراو یان قسەکردندا بێت، لە لایەکی ترەوە زمان کەرەستەی ئادەمیزادە بۆ دیاریکردنی ئارەزوو و هەستەکانی لە کاتی دەربڕینی ئەو هەستانەی کە لە ناخیدا شاردراوەتەوە کە بە هۆیی دەردەبڕێت بەشێوەیەکی نووسراو یان بیستراو، جگە لەوە زمان بنەمای کۆبوونەوەی کۆمەڵگاکانە و پەیوەندیکردنیان لەگەڵ یەکتریدا، چونکە زمان کەرەستەی تاکە بۆ توندکردنی پەیوەندییە گشتییە کۆمەڵایەتیەکان وهۆی پەیوەندیکردنە لەگەڵ کۆمەڵگاکاندا، جگە لەوەش زمان بەشێوەیەکی جوان و داهێنەرانە مرۆڤ بەکاری

دەهێنێت بۆ نووسینی بەرهەمەكانی وەك هۆنراوە و پەخشان و بیرۆكە تایبەتەكانی خۆی. (الربيعي، ٢٠٠٦ ،ص ٢٠ )

زمـــان تەنهـــا كەرەســـتەیەكە كە نەتەوەكـــان دەتـــوانن بەهـــۆییەوە مێژووەكانیـــان و زانیارییەكانیـــان و بەرهەمە ئەدەبییەكانیـــان تۆمـــاربكەن، جـــگە لە توانـــای لەخـــۆگرتنی بەرهەمەكـــان و بیـــرۆكەی ڕۆڵەكـــانی و كۆمەڵگـــاكەی، لە بەرئەوە زمـــان بە گرنگتـــرین هۆكاری مانەوەی نەتەوە و سەربەخۆیی و بەردەوامی دادەنرێت، ئەوەی هەست بە بوون و ڕێزگرتنی خۆی دەكات، بەڵكو ئەگەر نەتەوە جەستە بێت، زمان گیانە.

( هاندلی ، ٢٠١٧ ، ص١٧ )

زمـان شـتێكی سنووردارە، دەتـوانین دیـاریی چۆنیەتیی دەركردنـی بكەیـن لەو بەشـەی دیـارییكراوە بـۆ ئاخـاوتن كـاتی خەڵـك بەكـاری دەهێـنن بـۆ ئاخـاوتن، كاتێـك بتـوانن بەستنەوەی شێوەی بیستراو لەگەڵ بیرۆكەكە دیاری بكەن، زمـان لایەنـی كۆمەڵایەتیی زارە، لە هەمان كاتدا زمان سیستەمێكە لە كۆمەڵێك هێمای هەستپێكراو لە ڕێگەی بینین و بیستن دەردەكەوێت، ئەركە سەرەكییەكەی بەستنی واتاكان لەگەڵ وێنەی دەنگەكانە، بـێ گومانیش هەر زمانێك چەند هێمایەكی هەیە، ئەم هێمایە ڕۆڵێكی سەرەكیی هەیە بۆ مـانەوە و پەرەسـەندنی كۆمەڵگاكـان، واتـا زمـان بەشـێكە لە دەروونزانیـی كـۆمەڵایەتی، كە ئەم زانستە بەشێكە لە دەروونزانی گشتییە. (تشومسكی ١٩٩٠،ص ٤٤ )

زمـانی كـوردی زمـانێكی دێـرینە بە دێرینـی نەتەوی كـورد و زەوی كوردسـتانە، و زمـانی كـوردی لە زمـانە هینـدۆ ئەوروپییەكـانە (محمـود، ٢٠١٤،ص ٢)، یـان لە خێزانـی زمـانە ئێرانییەكـانە (خەزنەدار، ٢٠١٢، ٣٧)، ئەوەی كۆمەڵگاكانی كوردستان قسـەی پـێ دەكەن و دوای جەنگـی یەكەمـی جیهـانی كوردسـتان بـووەتە چـوار بەش بەهـۆی ڕێكەوتـن نـامەی سـایكیس بیكـۆ و هەر بەشـێك بـووە لە ژێردەسـەی دەوڵەتێـك (عێـراق ، ئێـران ، توركیا ، سوریا). (خورشید، ٢٠٠٦،ص ٦٨)

ئەم زمـانە بە دوو شـێوە ، بە پیتـی عەرەبـی و پیتـی لاتینـیەوە دەنووسـرێت. (زەڵمـی ،٢٠١٩،پ ٢١٩)، گرنگی زمانی كوردی لە دەوڵەتـی عێراق و بەتـایبەتی لە كوردستانی عێراقدایە، زۆرترین دانیشتووانی بە كوردی قسە دەكەنك چونكە لەگەڵ زمـانی عەرەبـی بە دوو زمـانی سـەرەكی دادەنـرێن، ئەوەش بە پێـی دەسـتووری عێراقـی فیدراڵ لە بـابەتی چوارەمـدا دەڵێـت:" زمـانی عەرەبـی و زمـانی كـوردی دوو زمـانی سـەرەكیین لە عێراقـی فیدراڵدا" . (دەستووری عێراقی فیدراڵ،ل ٢٠٠٥ )

لەنێـوان ئەو ٧١٥٠ زمـــانە زینـــدووەی كە لە جیهانـــدا هەیە (ألـــودغیري، ٢٠١٧ ،ص٧)، زمانی كوردی بە زمانێكی زیندوو ناسراوە و ڕیزبەندی ژمارەكەی ١٤٣ هەمین

زمانە، مێژووی فەرمیبوونی زمانی کوردی لە عێراقدا بۆ ساڵی ١٩٥٨ز دەگەڕێتەوە، ماوەی بڕیار درا لە دەستەواژەی سێیەم لە دەستووری ئەو چەرخەدا ئەوەی دەڵێت: " عەرەب و کورد هاوبەشن لەم نیشتمانەدا" و لەو ماوەدا دەستیان کرد بە خوێندنی زمانی کوردی لە قوتابخانەکان و لە زانکۆی بەغداد/ کۆلێژی ئاداب. (خۆشناو، ٢٠١٣،ل ٨١-٩٢ )

لە کۆماری عێراقدا زمانی کوردی زمانی ستانداردی هەیە، بە تایبەت لە هەرێمی کوردستاندا لە دەزگاکانی پەروەردە و فێرکردن و چاپخانەکان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەکاری دەهێنن، و زمانی کوردی بە شێوەزاری (سۆرانی) لە هەموو دەزگا فەرمییەکانی عێراقی فیدراڵدا شان بەشانی زمانی عەرەبی بەکار دەهێنرێت. (محمود،٢٠١٤،ص ٣)

لەم چەرخەدا زۆر گرنگی بە زمان و فێربوونی زمانی دەرەکی دراوە، بە هۆی بڵاوبوونەوەی گەشتکردن و پەیوەندیکردن بەشێوەیەکی ئەلیکترۆنی لەگەڵ خەڵکی جیهاندا لە ڕێگەی بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە بۆ فێربوونی زانیاری و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگا جیاوازەکانی جیهان.( العماری، ٢٠١٥ ،ص ١٧٠) ، هەروەها لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانین ژیان و پەیوەندی زیاتر لەگەڵ شارستانییەتەکانی دیکە بکەین و ئازاد بین لە پابەندەکان ئەوەی پێی بەستراوین بەهۆی ئەندامێتیی نەتەوەیی ،یان بەهۆی ئەرکەکانی ژیان لە نێوان کۆمەڵگاکان ئەوانەی جیاوازن بە قسەکردن بە دوو زمان یان زیاتر. (الودغیری، ٢٠١٧ ،ص ٩)

توێژەرپێی وایە کە ئەم بەرەوپێشچوونە هەرە زۆرە لە گشت جیهاندا و ئاسانی پەوەندیکردنی ئەلیکترۆنی لە نێوان کۆمەڵگاکان و بینینی جیهان وەکو گوندێکی بچووک، تاک ناچار دەکات کە بە زیاتر لە زمانێک قسە بکات، بەتایبەت زمانە جیهانییەکان، بۆ سوودوەرگرتن و زیادبوونی دەسکەوتەکان لە ڕێگەی دۆزینەوەی دەرفەتی کارکردن وەکو وەرگێران و کاری گەشتیاری .

هەروەها بۆ ئەوەی پەروەردە ئامانجەکانی بەجێ بهێنرێت، پسپۆران و زانا پەروەردەییەکان دەستیان کرد بە داهێنانی پرۆگرامە فێرکارییە کارییەکان بەهۆی گەیشتن بە ئامانجە پەروەردییەکان، دەستیان کرد بە دانانی پرۆگرامە سەرنجڕاکێشەکان، ئەوەی بیر و هۆشی فێرخوازان دەورژێنێت و ئەو پرۆگرامانەی لەسەر بنەماکانی پێکهێنانی پرۆگرامی (بنەمای فەلسەفی، بنەمای کۆمەڵایەتی و بنەمای دەروونی)ی داهێنراوە، ئەوەی یارمەتیی فێرخوازان دەدات بە داهێنان و دۆزینەوە و شاکاری، جگە لە چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کە بە شێوەکی زانستی ڕووبەڕوویان دەبێتەوە، هەنگاو بە هەنگاو هەتا بگەنە پەرەسەندنی زانستی لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا. ( الوکیل، ٢٠٠٥ ،ص ١١١)

پرۆگرامی خوێندنگە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی فێرکردندا، چونکە خۆی بنچینە سەرەکییەکەی بونیادنانی پرۆسەی پەروەردەیە، هەروەها ڕوونترین ڕێگایە لە ڕێگاکانی پرۆسەی فێربوونی ئامانجدار، ئامانجە سەرەکییەکەی پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی فێرخوازانە، چونکە پرۆگرامی خوێندن هیوا سەرەکییەکەی پەروەردەیە لەپێناو گەیشتن بە جێبەجێکردنی ئامانجی کۆمەڵگاکان. (العيساوي و آخرون،٢٠١٢،ص ١٧)

هەروەها پرۆگرامی خوێندنگە بواری زانیاری و چالاکیە فێرکارییەکانە، ئەوەی قوتابخانەکان نەخشەی بۆ دادەنێن بە هیوای یارمەتیدانی فێرخوازان بۆ گەشەپێدانی کەسایەتیان بەسەرپەرشتیی مامۆستاکانیان ( جبار، ٢٠١٩ ،ص ٤٦٣)، جگە لەوە پرۆگرامی خوێندنگە ئاوێنەی ڕەنگدانەوەی فەلسەفەی سیستەمی پەروەردەیە، ئەوەی ئامانجە سەرەکییەکەی وەرگێڕانی فەلسەفەی پێویستییەکانی کۆمەڵگا و ئارەزووە ئایینییەکان ئەوەی داوا پێیدەکەن بۆ پەروەردەی منداڵەکانیان، پرۆگرامی خوێندنگە بە جێیی دڵنیایی و دژی کەم وکورتیی هۆیەکانی دەرەوەی قوتابخانەیە، ئەوەی کاریگەریی لەسەر فێرخوازان هەیە، یان داگیرکردنی بیروهۆشەکانیان بەهەموو شێوازکانی. (الدليمي و ألهاشمي، ٢٠٠٨،ص ٨)

پرۆگرامی خوێندنگە و پەرتووکەکانی قوتابخانە پێگەیەکی گرنگیان هەیە لە پرۆسەی فێرکردندا و بە کرۆکی پەروەردە دادەنرێن، لە پێناو ئەم گرنگییە دەبێ هەر سیستەمێکی پەروەردەیی پرۆگرامێکی دیارکراوی فێرکاریی بۆ دابنرێت، کە ڕوون بێت بە پێی ڕەنگداوەی ئەو فەلسەفەیەی کە کۆمەڵگا باوەڕی پێ دەکات، هەتا بە پێی ئەم پرۆگرامە بتوانن لە منداڵییەوە پەروەردەی کۆمەڵگاکان بکەن لەسەر بنەمایەکی تەندروست و ئاراستەکراو.(سعادة و عبدألله ، ٢٠١١،ص ٢٥٣ـ ٢٥٥)

توێژەر پێی وایە کە پەرتووکی خوێندنگە وەرگێڕانی پرۆگرامی خوێندنە و بە گرنگترین کەرەستەکانی بەجێهێنانی پرۆکرامی فێربوونە، بە پێیی نەخشەی وانەکان دادەنرێت، بۆیە گرنگی پەرتووکی خوێندنگە لە پرۆگرامی خوێندنگە کەمتر نییە و گرنگییەکەشی بە گواستنەوەی زانیارییەکان و ئاراستەکردنی ڕەفتاری فێرخوازان لە ماوەی فێربوون و فێرکردندا دیاتر دەبێت.

هەروەها بەهای پەرتووکی خوێندنگە لە پرۆسەی فێرکردندا بە گوێرەی کۆششی دانان و ئامادەکردنی زیاد دەبێت، بە هۆی ئەم گرنکییە پەرتووکی خوێندنگە ئەرکی دانان و دەرهێنانی لەسەر فەرمانڕەواییەکانە، کە لە زۆربەی وڵاتاندا ئەم ئەرکە لەسەر شانی وەزارەتی پەروەردەیە، بە یارمەتیی دەزگا زانستی و پەروەردەییەکانییە وەکو زانکۆ و هەڵسەنگاندنی لە لایەنی زانستییەوە لە لایەك و گونجانی لەگەڵ پەیویستیەکانی فێرخوازان

له لایەکی ترەوە، چونکە پەرتووکی خوێندنگە یەکەم سەرچاوەی فێرکردنی فێرخوازانە و یەکەم هۆ و ڕابەری ڕاستەوخۆی مامۆستایە لە کاتی پێشکەشکردنی وانەکانیدا، جگە لەوە کاریگەریەکی گەورەی هەیە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، هەمیشە هۆیەکی گشتگیرە، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی ناوەڕۆکی پرۆگرامی خوێندنگە دەنوێنێت.

https://esrc.org.lb/article.php?id

پەرتووکی خوێندنگە گرنگترین ئامرازە کە قوتابخانە و دەزگا پەروەردەییەکان پشت پێ دەبەستن و یەکەم هۆیە کە فێرخوازان لە کاتی فێربووندا بەکاری لە هەموو ئاستەکانی فێرکردندا (بنەڕەتی، ناوەندی و ئامادەیی) دەهێنن ، چونکە هۆیەکی گرنگ و هاندەرە بۆ بیرکردنەوە و داهێنان، تەنانەت سەرچاوەیەکە بە ڕاستیی سەلمێنراوە کە فێرخواز بە ئاسانی زانیارییەکانی لێ وەردەگرێت و یاریدەری فێرخوازانە بۆ گەشەپێدانی لێهاتووییەکانی خوێندنەوە و گەشەپێدانی توانا عەقڵییەکانیان، لە کاتی پێشکەشکردنی بابەتەکانی زماندا زیاتر گرنگی دەردەکەوێ، دەتوانین بڵێین پەرتووکی خوێندنگە هۆیەکی سەرەکییە بۆ پێشکەشکردنی زمان بۆ فێرخوازاندا.(سليماني، ٢٠١٢، ص٥٣)

لێرەدا ڕای لێکوڵەر لەگەڵ ئەوەدایە، کە دەڵێت پەرتووکی خوێندنگە یەکەم سەرچاوەی فێرخوازە لە کاتی وەرگرتنی زانیارییەکاندا، جگە لە خستنەڕووی زانیاریی نەوەکانی پێشوو، کۆکراوەی زانست و وتەکانە، پەرتووکی خوێندنگە ڕەفتارێك لە خۆدەگرێت، کە بەرە بە وەڵامدانەوەیەکی بەسوود دەدات لە ناخی دڵمان و هەست و سۆزێکی بەسوود دەورژێنێت، پەرتووکی خوێندن یەکەم هۆکارە کە تێیدا شێوەی پرۆگرامی خوێندنگە ڕوون دەبێتەوە و ئارەزووەکانی وەردەگێڕێت وهانی دەدات بۆ جێبەجێکردنی ئامانجە پەروەردەییەکان.

پەرتووکی خوێندنگە بەشێویەکی گشتی بابەتە فێرکارییەکان دیاری دەکات، چونکە پرۆسەی فێربوون بە پەرتووکی خوێندنگە و مامۆستا و ڕێگای وانەوتنەوە و پرۆگرامی خۆێندنگە پشت دەبەستێت، هەر کەم و کوڕییەك لە گۆشەیەك لەم گۆشانە ڕوو بدات، دەبێتە هۆی کەم و کورتی لە پرۆسەی گەیاندنی زیانیاریەکان بە فێرخواز، لەبەر ئەوە پەرتووکی خوێندنگە تەنها بۆ بەکارهێنانی لە ناو پۆلدا دانراوە، بە شێوەیەکی گرنگپێدراو لە لایەن پسپۆرانی کارامەوە ئامادە دەکرێت، هەر یەک لەوانە پسپۆرە لە بوارێکی زانستی تایبەتیدا، جگە لەوە ئامادەکردنی بە پێی هۆیە جۆراوجۆرەکانی فێرکارییە، لەبەر ئەوە و بە هۆی ئەم شتانە پەرتووکی خوێندنگە سەرچاوەیەکی سەرەکی پرۆسەی فێرکارییە لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن و لە گشت ئاستەکانیدا. (ألزويني و آخرون، ٢٠١٧ ،ص ٥٥٤ )

کاتی بمانەوێ دڵنیا بین لە جێبەجێکردنی ناوەڕۆکی پەرتووکی خوێندنگە دەبێ هەڵیبسەنگێنین، چونکە هەڵسەنگاندن بە گرنگترین چالاکی دادەنرێت ئەوەی لەگەڵ هەموو پرۆسەکانی پەروەردەدا دەڕوات، هەر لە پرۆسەی نەخشەکێشان کە لە گرنگترین چالاکیەکانی ئامادەکردنی پرۆگرامی خوێندنە و هۆیەکانی و بەستراوە بە بەرەوپێشچوونی پەروەردەوە، چونکە یارمەتیمان دەدات لە کاتی بڕیاردان لەسەر چالاکی و کاریگەریی پرۆسەی فێرکردن بە هەموو ڕەگەز و پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی، چونکە دیاریی ڕۆڵی سەرەکیی پەیداکردنی زانیاریی ورد بۆ سەرپەرشتانی پەروەردەیە پسپۆرەکان هەتا سوود لێی وەربگرن و دیاریی ڕادەی چالاکیی پرۆسەی پەروەدە بکەن و هەتا تا بتوانن بڕیار بدەن و بە بەڵگەی پێویست ئاڕاستەی ستراتیژیەتە تایبەتیەکانی بکەن و نەخشەی پرۆسەی فێرکردن دابنێین بۆ ئەوانەی ئەنجامی پرۆژەی دانانی پەرتووکەکانی خوێندن دەدەن تا ڕێنمایی بکەن بە هیوای خزمەتکردنی پرۆسەی پەروەردە. (الشامخ، ٢٠١٨ ،ص ٦ـ ٨)

هەڵسەنگاندن بەشە گرنگەکەی پرۆسەی پەروەردەیە، کە بریتییە لە پرۆسەیەکی ڕێکخراو هەموو زانیاری و داتاکان و چۆنییەتی شیکردنەوەیان لەخۆ دەگرێت، جگە لە ڕوونکرنەوەی ئەو زانیارییانەی کە تێدایە و پەیوەندییان بە پەرتووکە هەڵسەنگێنراوەکەیە هەیە، بە هۆی ناساندنی ڕادەی پێویستیی جێبەجێکردنی ئامانجە پەروردەییەکان، تا پرۆسەی پەروەردە بەرەو پێش بچێت.( جوامیر، ٢٠١٨،ص ٧٢٧)

هەروەها هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەکان پرۆسەیەکی ڕێکخراوە، ئامانجە سەرەکییەکەی گەیشتنی پرۆگرامە فێرکارییەکان بە باشترین ئەنجام، هەتا هەموو پرۆسە فێرکارییەکان جێبەجێبکرێت، ئەوانەی بەستنەوەیەکی توندیان هەیە لەگەڵ گەشەپێدانی زانستی و تەکنولۆژی و پەروەردەیی لەگەل گۆمەڵگاکان ئەوانەی حەز لە گۆڕینی بەردەوام بەرەو چاکە دەکەن و هەوڵ دەدەن لەگەڵ گەشەکردن پێکەوە بن. (زایرو عایز، ٢٠١١ ،ص ٩٣)

هەر هەڵسەنگاندنێك لەسەر چەمکی نوێی پرۆگرامی خوێندن بکرێت ، مەرجە سەیر بکرێت بەشێویەك کە لە بینینی ڕابوردوو جیاواز بێت، چونکە هەڵسەنگاندنی داهاتوو هەموو ڕەگەزەکانی پرۆگرام وەك (ئامانجەکان و ناوەڕۆك و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و چالاکیی فێرخوازان و مامۆستایان) لەخۆ دەگرێت و لایەنە بەهێز و لاوازەکانی پرۆگرامی خوێندن یان بەشێک لە پرۆگرامەکە ڕوون دەکەنەوە وەکو پەرتووکی خوێندن، هەتا بگاتە پێشنیازی ئاڕاستە کردنێکی گونجاو لەگەڵ بارودۆخی ئایندە و کارکردن لەسەر باشترین ئامراز ئەوەی دەستکەوێت بۆ چاککردنەوەی پرۆگرامی خوێندن بە هۆی چارەسەرکردنی ئامانجە پەروەردەییەکان بەشێویەکی گونجاو لەگەڵ هەموو لایەنەکانی پرۆگرامی خوێندندا. (زاير و اخرون، ٢٠١٤ ،ص ١٩٤ )

هەروەها هەڵسەنگاندن بەو واتایە دێت: توانای بڕیاردان دەربارەی بەهای بیر یان کار یان ئەنجامەکان بە پێی هۆیی تاقیکردنەوە یان پێوەرێکی دیاریکراو. هەڵسەنگاندن دوو ئاست لە خۆی دەگرێت کە ئەمانن: بڕیاردان بە پێی پێوەرێکی خۆیی - بڕیاردان بە پێی پێوەرە دەرەکییەکان.( فرج، ٢٠٠٧،ص ٢٨)

لە ڕوانگەی تویژەرەوە پەرتووکی خوێندن یەکێکە لە گرنگترین ئامرازەکانی پرۆگرامی خوێندنە، ئەوەی پرۆگرامی کۆن و نوێ خوێندن پشت پێ دەبەستێت، لەبەرئەوە دەبێ هەڵسەنگاندن و شیکاریی بکرێت بە شێوەیەکی بەردەوام بە سەرەپەرشتی کردنی پسپۆرە پەروەردەییەکان، چونکە پرۆسەی هەڵسەنگاندن زۆر گرنگە و گۆشە سەرەکییەی پرۆسەی پەروەردەیە، بۆ دیاریکردنی لایەنەکانی بەهێزی یان لاوازی و کەم و کورتیی پەرتووکە هەڵسەنگێنراوەکە و پێشنیاز بدریت بۆ چاکردنەوەی بابەتە لاوازەکان یان گۆڕینیان بە لە کاتی پێویست.

هەروەها ئەگەر بچینە نێو جیهانی پەروەردە و پرۆگرامی خوێندنەوە (کە بنەمای فێربوون و فێرکردنە) لە ڕێگەی گەشەپێدانی بەردەوامدا، دەبینین زۆربەی وڵاتەکان لە بواری فێربوون بە هۆی گەشەپێدانی بەردەوام بەشدارییان کردووە لە پێناو بڵاوکراوەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لەنێوان ساڵانی( ٢٠٠٥- ٢٠١٤) بە بڕیاردانی لەسەر ئامانجەکانی فێرکردن بە هۆی گەشەپێدانی بەردەوام و جێبەجێکردنی بواری ئامانجە سەرەکییەکانی (United Nations, 2005, Report) و پەیوەندیکردنیان بە جێبەجیکردنی بەڵێنەکانی جەددە لە ساڵی (٢٠٠٦) بە تایبەت بەڵێنی پێنجەم ئەوەی تایبەتە بە فێرکردن بە هۆی گەشەپێدانی بەردەوامدا، ئەوەی بانگ دەکات بۆ پەرەسەندنی ئەرکە پەروەردەیەکان و پشتیوانکردنی داهێنەرەکانی بواری فێرکردن و گواستنەوەی تەکنۆلۆجیا . (تعهدات جدة، ٢٠٠٦،ص ٦)

جگە لە بڕیاردانی زۆربەی وڵاتانی جیهان بە جێبەجێکردنی فەرمانی کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان ئەوەی لە 1ی کانوونی دووەمی ٢٠١٦ بڕیاری لەسەر درا کە (١٧) ئامانج لەخۆی دەگرت بۆ نەخشەکێشانی گەشەپێدانی بەردەوام هەتا ساڵی ( ٢٠٣٠) لەخۆی دەگرت کە یەکێك لەم ئامانجانە ئامانجی چوارەم بوو، ئەوەی تایبەت بە فێرکردن بوو کە دەڵێت دەبێ هەموو کەس فێر ببێت بە فێرکردنێکی باش و دادوەر و گشتگیرەوە، لەگەڵ هاندانی دەرفەتی فێرکردن بەدرێژایی ژیان بۆ هەموو کەس. (United Nations, 2016, Report)

تویژەر دەبێنێت چوونەناوە ڕاستەقینەکە لە نێوانی ژیانی مرۆڤدا، دێت لە پێناو گەشەپێدانی بەردەوامەوە، چونکە مرۆڤ هاندەری گۆڕان و نەخشەکێش و جێبەجیکەر و

پـارێزەر و بەجێهێـنەری ڕەهەنـدەکانی گەشــەپێدانی بەردەوامە، ئەوەی بەپێـی هەمـوو ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام جێبەجێی دەکرێت.

لێردەا پەیوەنـدییەکی ئاسۆیی دیـار دەدات نێـوان پەروەردە و پرۆگـرام و گەشـەپێدان، چونکە گەشەپێدانی بەردەوام بە هۆی کۆمەڵێك ستراتیژیەت ئەنجام دەدرێت، گرنگترین ئەم سـتراتیژیەتانە فێرکـردن و پەرەســەندنی پرۆگـرامە پەروەردەییەکـانە و بەکارهێنـانی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لە نێوانی پەرتووکە فێرکارییە بڕیاردراوەکان . (غنيم و أبو زنط، ٢٠٠٩،ص ٧٨)

توێژەر دەبینێت، گەشـەپێدانی بەردەوام زۆرترین بابەتەکـانی گەشـەپێدانی بەردەوام لە خۆ دەگرێت، چونکە چوونەناویەکدا هەیە نێوان لایەنەکـانی گەشـەپێدانی بەردەوام، وەکو گەشەسەندی ئابووری کە: بریتیە لە بەکارهێنانی دەستکەوتە سرووشتی و مرۆڤایەتییەکان بە چاکترین شێوە، بە هۆی زیادبوونێکی بەردەوام لە دەرامەت و بەرهەمهێنـان بەشێویەك کە زۆرتر بێت لەگەڵ زیادبوونی ڕێژەی دانیشتووان ، گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی: بـریتیە لە چـاککردنەوەی بـارودۆخی کـۆمەڵایەتیی دانیشـتووانەکان لە ڕێـگەی بەرەپێـدانی وزە شـاراوەکانی مـرۆڤ بە قـایمترین شـێوە هەتـا بگـاتە دیمۆکراسـییەت و خۆشـگوزاری ،گەشەپێدانی مرۆڤایەتی: بریتیە لە ئازادی پێدانی خەڵك بە هەڵبژاردنی پێویستییەکانیان لە هەمـوو لایەنە ئابووریەکـان و ئاسایشـی کەسـی و پەیوەنـدیکردن بە هەڵبژاردنـی بیـرو باوەڕی ڕامیاری.

هەروەهـا تـوێژەر دەبینێـت کە چوونەنـاوە و بەسـتنەوەیەك هەیە لە نێـوان بابەتەکـانی گەشەپێدان، چونکە مرۆڤ چەقەکەیە و بە هۆیی جێبەجێ دەکرێت و بۆ خۆی دانراوە.

بەم هۆکارانە دەتوانین هەموو ئەم گەشەپێدانانە کۆ بکەینەوە و یەك نـاوی بۆ دانەین، وەك گەشــەپێدانی بەسـتراو، گەشـەپێدانی بەسـتراو کە مـرۆڤ چەقـی بابەتەکەکـانی بـوو، تەنها لەسەردەمی داهاتوو بوو بەبێ بیرکردنەوە بە نەوەکـانی ئاینده. هەروەهـا نووسـەرانی ڕاپـۆرتی کـۆمیتەی (بۆرتلانـد) بە ناونیشـانی (لە ئاینـدە هاوبەشـین) لە سـاڵی( ١٩٧٨) زاراوەی گەشــەپێدانی بەردەوامیــان دانــا و پێناســەیان کــرد بەو گەشــەپێدانەی ئامــادەی پێویستییەکانی مرۆڤ دەکات بە بێ کاریگەری لە سەر پێویستیەکانی نەوەکانی ئایندەوە. بە هۆی ئەو پێناسەیە گەشەپێدانی بەردەوام بوو بە دابینکەری دادوەری لە نێوانی نەوەکـان و لەنێو خودی نەوەی ئەم کـاتە، بەهۆی ڕێکخستن نێوان ئامـانجی ئـابووری و مرۆڤـایەتی و ژینگەییەوە، بۆ پاراستنی پێکهاتەکانی دەسکەوتە جۆراوجۆرەکان، ئەوەی مـافی نەوەکـانی ئاینده دەپارێزێت. (علي، ٢٠١٣،ص ١٠٤)

لە ساڵی ٢٠٠٢ کۆمەڵەی گەلانی یەکگرتوو بڕیارێکیان دا، لەپێناو داواکاریی ژاپۆن و سویَد لە کۆبوونەوەی (٥٨) بەدەستپێکردنی بڕیارنامەی ((فێرکردن بە هۆی گەشەپێدانی بەردەوام)) لەسەرەتای ساڵی٢٠٠٥ هەتا ٢٠١٤ و ڕاسپاردنی ڕێکخراوی کۆمەڵەی یەکگرتوو بۆ پەروەردە و فێرکردن و ڕۆشنبیری و زانست (یۆنسکۆ) بۆ ڕابەریکردنی ئەم ئەرک و کۆبۆنەوەیە و دەستکردن بە دانانی ڕەشنووسێکی نێودەوڵەتی بۆ جێبەجێکردنی ئەو ئەرکە لەم بڕیارنامەیە . (United Nations,2000,p:23)

هەروەها دەوڵەتی عێراق پەیوەندیی لەگەڵ ١٧٠ دەوڵەت و هەرێم کرد لە کۆبوونەوەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا، لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٥ز، و بڕیاریان دا بە دانانی نەخشەڕێگایەك بۆ بەجیهێنانی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام، و مەرجە لەسەر هەموو وەڵاتە کۆبوونەوەکارەکان ئامانجەکانی جێبەجێ بکەن هەتا ساڵێ ٢٠٣٠ز، و لەو ئامانجانە، ئامانجی چوارەم بوو، ئەوەی پەیوەندیی بە فێرکردنەوە هەیە بە پیێ ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوامدا. ( التقرير ألطوعي، ٢٠١٩ ، ص٦)

لەسەر ئەم بنەمایە (یۆنیسکۆ) ڕەشنووسێك دارشت بۆ بەجێهێنانی ئەم بابەتە لە نێوانی وڵاتانی جیهان و داوای کرد لە هەموو حکومەتە بەشدارکەرکان لەم کۆبوونەوە هەتا ببینن چۆن کارڕایی کردنێك بەکاری بهێنن بۆ بەجێهێنانی ((فێرکردن بەهۆی گەشەپێدانی بەردەوام)) لە نێو پلانەکانی پەروەردە و ستراتیژیەتە فێرکارییەکانیان و داواکرد لە ١٠٠٠زانکۆ و سەدان دەوڵەت بە پەیوەندکردن بە یەکێك لە دەست پێشخەریەکانی بە ناوەی((بە بشداربوونی جیهانێتی لە فێرکردن بە هۆی گەشەپێدانی بەردەوام))، کە ئامانجە سەرەکییەکەی نواند بە پتەوکردنی تێگەیشتن و بەکارهێنانی باشترین ستراتیژیەت بۆ تێکەڵکردنی گەشەپێدانی بەردەوام لەگەڵ قۆتابخانە و زانکۆ و دەزگاکانی پەروەردە و فێرکارییەوە و دەستکردن بە هەوڵدان و تویژینەوە جیهانییەکان بە هۆێ هەڵسەنگاندن و پەرەوپێشجوونی فێرکردن و فێربوون لە پێناوی ئەنجامدانی ئەم پرۆژەیە لە پێناوی خستنەناوەی گەشەپێدانی بەردەوام لە ناخی پرۆگرام و تویژینەوە و دەزگاکانی پەروەردە و فێرکردنەوە. ( علي، ٢٠١٣،ص ١٠٠-١٠٣)

گەشەپێدانی بەردەوام و پەروەردە و فێرکردن لەگەڵ یەکتری بە هاوبەندییەکی مێژوویی دەبەسترێن، چونکە ئەم هاوبەندییە دوای جەنگی جهانیی یەکەم دەستپێیکرا، کاتی گرنگی درا بە بابەتی گەشەپێدان بەهۆی وێرانبوونی زۆربەی وڵاتانی ئەوروپا دوای ئەو جەنگانەی تووشیان هات لە لایەك و سەربەخۆبوونی چەند وڵاتیك لێیان لە داگیرکەران لە لایەکیترەوە، لە بەر ئەوە مەرج لەسەر حوکمەتەکانیان بوو هەوڵبدەن بەرەو دۆزینەوەی باشترین ڕێگا بۆ گەشەپێدانی وڵاتەکان و خۆشگوزەرانیی خەڵکەکانیان وبە لەناوبردنی دواکەوتنیان بە هەموو جۆرەکانی، وایان زانی کە توانای گەشەپێدان و

بەرەوپێشــچووونی وەڵاتەکانیــان و دۆزینــەوەی چارەســەرکردنی گونجــاو بــۆ ئەو گیــرو گرفتانە تووشیان هات، بوو بە پێوانەی توانای چۆنیەتیی بەڕێوەربردنی وڵاتەکانیاندا کە گرنگتــرین شــت لایــان گەشــەپێدانی خەڵکەکانیــان بــوو،ئەوەی هێمــا و بنچینــە و هــۆی گەشەپێدانە. (الحلو،٢٠١٢،ص ٩ )

مــرۆڤ بــنکە ســـەرەکییەکەی پەیـــدابوونی کۆمەڵگاکـــانە، پەروەردەش کـــۆڵەکە ســەرەکییەکەی چــۆنیەتی پێکهێنــانی ئــادەمیزادە لەهەمــوو لایەنەکــانییەوە، گەشــەپێدانی بەردەوام باشترین کۆڵەکەیە بۆ بەرەوپێشچوونی تاکایەتی و خۆ چۆنیەتیی ڕێکخستنی مرۆڤە ، هەتا ببێتە مرۆڤێکی بەسوود کاتی پەیوەندی کردن بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگا و پاراستنی دەرامەتی زەوی هەتا بەشی نەوەکانی ئایندەوە ون نەبێت. (السعیدی، ٢٠١٩، مقال )

توێژەر پەیوندییەکی ڕەسەن دەبینێت لە نێوان پەروەردە و فێرکردن لەگەڵ گەشەپێدانی بەردەوامدا، چونکە پایە و هۆ و ئامانجە سەرەکییەکەی هەردووکیان مرۆڤە، هەروەها پەیوەندییەك نێوان پەروەردە و گەشەپێدان لە رووی زەمانەوە هەیە، کە واتای شتێکی بەسوود بۆ مرۆڤ دەدات بۆ داهاتو و ئایندە کاتی پەروەردەی بەرەو ڕەوشتە چاکەکەکان دەدرێت، هەروەها گەشەپێدان ئەگەر مرۆڤ بەشێوەیەکی زانستییەوە ڕەفتارەکانی خۆی بگۆرێــت و پەروەردەی بــدرێت لەســەر پاراســتنی ژینــگەی دەوروبەری خــۆی و ئــابووریکردن لە دەرامەت و دەســکەوتەکان ئەوەی لە زەوی و ژیــانی رۆژانە دەستدەکەوێت بە هیوای سوودوەرگرتنی خۆی و کۆمەڵگا و نەوەکانی ئایندەوە، دەبینین ئەم مرۆڤە دەبێتە مرۆڤێک بە توانا و خاون سپاردە و زانست و جێبەجێکەری ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوامەوەو .

فێربوون و فێرکردن پێویستێکە لە پێویستیەکانی گەشەپێدانی بەردوام، جگە لەوەش ڕوانــگەی پەرەوردەی نــوێ بــۆ گەشــەپێدانی بەردەوام وەک هــۆیەکی ســەرەکییە بــۆ گەشــەپێدانی ئــابووری و کــۆمەڵایەتی و ژینگەیــی. (وادی، ٢٠١١ ،ص ٦) چــونکە گەشەپێدانی پەروەردەیی: تێبینیەکی پەروەردەییە هەوڵدەدات هاوسەنگێك بدۆزێتەوە نێوانی سامانی مرۆڤایەتی و ئابووری و داب ونەریتیی ڕۆشنبیری و پەروەردەیی و کۆموڵایەتی لەگەڵ بەردەوامبوونی دەسکەوتە سروشتییەکان بە هۆی ژیانێکی باشتر بۆ تاك و کۆمەڵگا لە داهاتوو و ئایندەدا. (حسین، ٢٠٠٩،ص ١٠٧)

هەروەها گەشەپێدانی پەروەردەیی بەردەوام، ئامادەی پێویستیە پەروەردەییەکان دەکات هەر لە منالْییەوە هەتا پیری بە پێی پرۆگرامێکی تەواو و دارازراو، بە هۆی دیارکردنی گیروگرفتەکــانی پرۆســەی فێرکــردن و هەوڵــدان بــۆ چارەســەرکردنیان و ئامــادەکردنی

پێویستیەکانی پەروەردە و ڕۆشبیری بۆ تاکەکان بە کوێرەی توانایان. ( United Nations,2005,p:10)

لەبەر ئەو باسانەی کە توێژەر باسی و دیاریی دەکرد، بۆی دەرکەوت کە گەشەپێدانی بەردەوام سەرناکەوێت بە بێ فێرکردن و فێربوون کاتی مرۆڤەکان توانایان هەبێت بەرەو پەرەسەندن لە هەموو لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەییەوە، بە هۆی گەشەپێدانی خۆیان و کۆمەڵگاکانیان ، ئەمەش نایێت بە بێ فێرکردن و فێربوون کە بنچینەی گەشەپێدانی کۆمەڵگاکانە، ئەوانەی دەخوازن خەڵک و وەڵاتەکانیان پەرەوپێش بچێت، و زۆریش لەم کۆمەڵگاکانە گەیشتنە لوتکەی گەشەپێدان و بەرەوپێشچوون و نموونەیان زۆرە لە هەموو وڵاتانی جیهاندا، لەکاتێکدا حکومەتەکان زۆر گرنگییاندا بە پەروەردە و فێرکردن هەتا ڕاپەرن لە هەموو لایەنەکانی گەشەپێدان و بەتایبەت جێبەجێکردنی گەشەپێدانی بەردەوام.

هەروەها قۆناغی ئامادەیی، قۆناغێکی گرنگە لە نێوان قۆناغەکانی خوێندنەوەدا، چونکە ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان دوو قۆناغ (ناوەندی و زانکۆیی)و گرنگی ئەم قۆناغە بە کۆمەڵێکی تایبەتمەندیی گرنگ دیاری دەکرێت ئەرکە لەسەر سەرپەرشتیارانی سیستەمی پەروەردە و فێرکردن وەریبگێڕن بەرەو پرۆگرامێکی پەروەردەیی و فێرکاری، هەتا بتوانن ئامانجەکان جێبەجێ بکەن و تازەگەرییەکی جیهانی سەرکەوتوو لە خۆبگرێت، جگە لەوەش فێرخوازان ئامادە دەبێن بۆ قۆناغی زانکۆیی یان دوای ئامادەیی، تاکو توانایان هەبێت بە لەبەرگرتنی گەشەپێدانی کۆمەڵگاکانیان و پاراستنی دەسکەوتەکانی وڵاتەکانیان بکەن بە هیوای گەیشتن بە وڵاتە پێشکەتووەکان و پێشکەشکردنی باشترین بەرهەمە بەسوودەکان بۆ کۆمەڵگاکایان.(الزبیدی، ٢٠١٨،ص ٦)

لێرەدا گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەردەکەوێت:

١ ـ زمانی کوردی لە کۆماری عێراقی فیدراڵ بە زمانێکی فەرمی دادەنرێت شان بەشانی زمانی عرەبیەوە.

٢ ـ پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی ئامرازێکە بۆ بڵاوکردن و فێربوونی زمان و ئەدەب و رۆشنبیریی کوردی.

٣ - پرۆسەی هەڵسەنگاندن بۆ یارمەتی دانی پسپۆرانی پەروەردە و فێرکردن بۆ پەرەسەندن و داهێنان و نوێکردنەوەی پرۆگرامە پەروەدەییەکان.

٤ ـ گەشەپێدانی بەردەوام ، چونکە یارمەتیدەرێکە بۆ پەرەسەندنی کۆمەڵگا و نەتەوەکان دەدات.

٥ ـ ناساندنی گەشەپێدانی بەردەوام لە لایەنی مامۆستا و فێرخوازان ، چونکە ئەمانە بە ڕەگەزە سەرەکییەکانی ڕۆشنبیری کۆمەڵگاکان دادەنرێن، و ئەرکی بەرەوپێشچوونی نیشتمان و کۆمەڵگاکانیان لەسەرشانیانە.

٦ ـ گەشەپێدانی بەردەوام بۆ پاراستنی لایەنەی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەییان بۆ نەوەکانی ئایندە ، چونکە ئەم گۆیە هەر بۆ ئێستا نییە بەڵکو بە نەوەکانی ئایندە ئەوەی دوامان دێن.

**ئامانجی توێژینەوەکە :**

هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بە پێی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام، لە ڕێگای ئەم پرسیارە : ئایا سنووری جێبەجێکردنی ڕهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام نێوان پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بە پێی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام ئەوەی فێر پێدەکرێت لە قوتابخانە ئامادەییەکانی عێراق جگە لە هەرێمی کوردستاندا لە خۆ دەگرێت؟.

**سنووری توێژینەوەکە :**

١ـ پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی.

٢ ـ ساڵی خوێندن ( ٢٠٢٠ـ ٢٠٢١).

**دیاریکردنی زاراوەکان**

**1 : هەڵسەنگاندن :**

١ــ گرۆندلاند(٢٠٠٧) "کۆکردنەوەی زانیارەکان و بەکارهێنانیان بەهۆی گەیشتن بە بڕیاردان لەسەر پرۆگرامێکی دیارکراو". (Gronland ,1971, p8)

٢ـ فرج (٢٠٠٧) " توانای بڕیاردان لەسەر نرخی بیرەکان یان ئەنجامەکان بەپێی پێوانە یان تاقیکردنەوەیەکی دیارکراو، و ئەم بڕیاردانە لە دوو ئاست پێکدێت : بڕیاردان بە هۆی پێوانەیەکی خۆدی و بڕیاردان بە هۆی پێوانەیەکی دەرەکی" .(فرح،٢٠٠٧،ص ٢٨ )

٤ ـ نیزامەدین(٢٠٠٧) "هەڵسەنگاندن بە واتای نرخاندن ، نرخ بۆ دانان دێت" (نیزامەدین، ٢٠٠٧،ص ٢٨٣ )

5ـ زایر و عایز(٢٠١١) " پرۆسەی چارەسەرکردنێکی تاکایتییە، ئامانجە سەرەکییەکەی پێشکەوتنی زانستنی تاك و کۆمەڵگاکانە، کە بەهۆیی دەتوانرێت دیاریی شتە گرنگەکان

بکرێت ئەوەی بە پێی پرۆسەی پەروەردە پەرەدەسێنێت و چاك دەبێت" ( زایرو عایز،ص ٢٠١١، ٢٦٥ )

6ـ ألعتيبي( ١٤٣٦ـ ١٤٣٧ ) " پرۆسەیەکی بەردەوام و پێویست، بە مەبەستی نرخاندنی ئامانجەکان و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پرۆگرامەکانی خوێندن و هۆیەکانی فێرکاریی ئەوانەی بکاردەهێنرێن کاتی فێرکردن بۆ دیاریکردنی ڕێژەی کاریگەرییان" (ألعتيبي، ١٤٣٦ـ ١٤٣٧هـ،ص ٣)

7ــ العزاوي(٢٠١٦) " پرۆسەیەکی گشتگیر و بڕیاردانێکی پەنجەڕاێکێش لەسەر پرۆگرامێکی دیارکراو، بەهۆیی پەرەسەندن و چاککردنەوە و گۆڕانکاریی ناوڕۆکەکانی، بەمەرجێك ئەم گۆڕانکارییە بەرەو باشی بڕوات و سوودمەندی کۆمەڵگا لەخۆ بگرێت" (ألعزاوي ، ٢٠١٦،ص١٠ )

**پێناسەی ڕێکاریی بۆ هەڵسەنگاندن:**

هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ خوێندکارانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی و دیاریکردنی ڕادەی لەخۆگرتنی ئەم پەرتووکە لە ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوامدا.

**پێناسەی تیوریی بۆ هەڵسەنگاندن:**

ڕێبازێکە بەکاردەهێنرێت کاتی تێگەیشتن و ورگرتن و خەملاندنی زانیاریی فێرخوازان یان پرۆگرامەکان لە پێناوی بەرەنگارییان بە بەکارهێنانی چەند ئامرازێک بە هۆی گەیشتن بە ئەنجامە و چارەسەرکردنی کێشەکان.

**2 : پەرتووکی خوێندنگە:**

١ـ عمر(١٩٨٠) "پەرتووکێکی فەرمییە دانراوە لە لایەن حکومەتی وڵاتەکان بە هۆی بەکارهێنانی کاتی فێرکردنی فێرخوازان، پەرتووکی خوێندنگە باشترین بابەتە فێرکارییەکان لای فێرخوازە و خۆشترین پرۆگرام لایە، بەمەرجێك ئەگەر بە شێوەیەکی باش ئامادەی بکرێت، لە لایەنی بابەتە فێرکارییەکان و شێوەی هەڵبژاردنی وێنە ڕوونکەرەکان لەگەڵ هەڵبژادنی ڕەنگی لاپەڕەکان کاتی چاپکردنی پەرتووکەکە بە شێوەیەکی ڕوون و پاراو، هەتا بمێنێت بە هۆشی فێرخواز و لەبیروهۆشی جاپ بێت بە درێژترین خایەن" (عمر،١٩٨٠،ص ٩ ـ ١٠ )

٢ ـ ألحيلـة (٢٠٠٣)"سيسـتەمێكی ڕێكخـراو و گشـتگێرە، نـاوەڕۆكەكەی پرۆگرامـی بڕیاردراو بەكاردەهێنێت و چەند ڕەگەزێك لەخۆ دەگرێت وەكو ئامانجەفێركارییەكان ، ناوەڕۆك ، چالاكیەكان و هەڵسەنگانەكان،بە مەبەستی یارمەتیدانی مامۆستا و فێرخواز لە قۆناغێكی دیاریكراو و پرۆگرامە خوێندنێكی دیاریكراو" (ألحيلة، ٢٠٠٣،ص ٢٣٥)

٣ ـ قريسـي(2008) "دانـراوێكە بـۆ فێركـردن بە شـێوەیەكی ئاسـانكار، زانیارەكـانی پرۆگرامی خوێندن لە خۆدەگرێت، كە ئەم زانیـارانە بەشێوەی دەقی نووسراو ئەوەی بیرە سەرەكییەكانی زانستێك لە زانستەكان لەخۆ دەگرێت" ( قريسي، ٢٠٠٨ ،ص ١٠٣ )

٤ ـ الجيلالي و لوحيدي(2014) " بە گرنگترین سەرچاوەی فێركردن دادەنرێت ، چۆنكە زۆرترینی پرۆگرامی خوێندنی بڕیاردراو لەخۆ دەگرێت و بەرزترین ئاست لە زانیاریی هەڵبژێراو ئامادە دەكات بۆ جێبەجێكردنی ئامانجە پەروەردەیەكان، لێرەدا ئەم چەمكە بە پەرتووكی دیاریكراو پەنجە ڕادەكێشێت"( الجيلالي و لوحيدي ،٢٠١٤،ص ١٩٥ـ١٩٦)

٥ ـ صالح و داخل(٢٠١٨) "یەكێك لە هۆیە گرنگە فێركارییەكانی پرۆسەی پەروەردەیە، بە ئـامرازێكی سـەرەكی دادەنرێـت بـۆ بەجێهێنـانی پرۆگرامـی خوێندنـدا كە هـۆیە فێركارییەكانی دیكە پشت پێ دەبەستن، چونكە دەفرێكی سەرەكییە بۆ زانیاری، ئەوەی بۆ فێرخوازان پێشكەش دەكرێت، جگە لەوەش پەرتووكی خوێندن سەرچاوەی سەرەكیی مامۆستایە، ئەوەی بشت پێی دەبەستێت كاتی ئامادكردنی وانەكان پێش ئەوەی بچێتە پۆلی وانەوتنەوە" (صالح و داخل، ٢٠١٨ ،ص ١٨ـ ٢١)

**پێناسەی ڕێكاری بۆ پەرتووكی خوێندنگە :**

پەرتـووكی زمـان و ئەدەبـی كـوردی بـۆ فێرخـوازانی پۆلی پێنجەمـی ئامـادەی ئەوەی دانراوە بۆ فێرخـوازانی قۆنـاغی پێنجەمـی ئامـادەیی لە كۆمـاری عێراقـی فیـدراڵ (جگە لە هەرێمی كوردستان)دا بە ئامانجی فێربوونی زمان و ئەدەبی كوردی.

**پێناسەی تیۆریی بۆ پەرتووكی خوێندنگە:**

ئەو پەرتـووكەی كۆمەڵێك لە زانیـارە سـەرەكییەكان لە خـۆ دەگرێـت، ئەوەی ئامـادە دەكرێـت بـۆ جێبەجێكردنـی ئامـانجە پەروەردەییەكـان كە دیـاریكراون لە لایەنـی پسـپۆرە پەروەردەییەكان بە ماوەیەكی دیاریكراو.

**3 : پۆلی پێنجەمی ئامادەیی :**

١ ـ حسین و تۆما(2009) "ئەو پۆلەیە کە دەکەوێتە نێوان پۆلی چوارەم وپۆلی شەشەم لە قۆناغەی ئامادەیی ، بە هۆی زانیاری پێدان و ئامادەکردنی فێرخوازان بۆ قۆناغی دوای ئامادەیی وەکو کولێج یان پەمانگاکان" (حسین و توما، ٢٠٠٩،ص ١٤٧)

**پێناسەی ڕێکاریی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی :**

یەکێکە لەپۆلەکانی قۆناغی ئامادەیی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی لە دەوڵەتی عێراق(جگە لە هەرێمی کوردستان) پێی دەخوێندرێت، ئەوەی توێژەر دەیەوێت هەڵیبسەنگێنێت بە پێی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام.

**4 : ڕەهەندەکان:**

١ـ نیزامەدین(٢٠٠٣) "بەواتای ڕێگای ئاو یان تونێل دێت" (نیزامەدین، ٢٠٠٣ ، ص٢٨٢)

٢ ـ سكيك(٢٠٠٨) "زاراوەیەکی مات ماتیکییە، بەکاری دەهێنرێت ماوەی پێوانەکردنی درێژایی و پانی و بەرزی و ڕەهەندی چوارەم (کات) و هتد"(سكيك ٢٠٠٨ ،ص ٥)

٣ـ صليبا(٢٠٠٨) "زاراوەیەکی وێنەییە لە ئەندازیاری وریگێراوە، لە هەموو بۆچوونە ڕێکارییەکان بەکار دەهێرێت ئەوەی مەبەستی دیاریی جێاوازای نێوانی راستوگۆیی و خەیاڵ دەکات جگە لە بەکارهێنانی لە بواری ئەدەبییەوە" (صليبا،٢٠٠٨ ، ص٢١٣ )

**پێناسەی ڕێکاریی بۆ ڕەهەندەکان:**

ئەو ڕەهەندانەی بریتین لە ڕەهەندی کۆمەلایەتی و ئابووری و ژینگەیی تایبەتن بە گەشەپێدانی بەردەوام، توێژەر دەیەوێت پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بە پێیان هەڵبسەنگێنێت.

**5 : گەشەپێدانی بەردەوام:**

١ ـ نیزامەدین(٢٠٠٨) "دیار (گەشەپێدان) بەواتای پەرەپێدان ، پەرەوەردەکردن و کەورەکردن دەکات و ( بەردەوام ) بەواتای هەمیشەیی، درێژخاین، جاوید، یەکبینە و ماو دێت" (نیزامەدین، ٢٠٠٨، پ١٠٥٩)

٢ـ ابو النصر و محمد (٢٠١٧) "پێناسەی کردووە بە گەشەپێدانێکی بەردەوام ویەکسان و تەواو، کە ڕەهەندی ژینگەیی دەپارێزێت لە هەموو پرۆژەکانی لەگەڵ پاراستنی دەرامەتی

دەسـكەوتەكانى نەوەكـانى داهـاتوو و نەوەكـانى ئاينـدەدا "(ابوالنصـرومحمد، ٢٠١٧، ص ٨٢)

٣ـ حسين(٢٠١٨)" دەڵێت : لە فەرهەنگـی (وێبسـتر) پێناسـەی کـراوە بەو گەشـەپێدانەی دەسکەوتە سروشتیەکان بەکاردهێنێت بە بێ وێرانکردنی بەشێك یان گشت دەسکەوتەکان، یـان (w، Rougehouse بەڕێوەبەری پاراستنی ژینگەی ئەمریکا) پێناسـەی دەکرد بەو پرۆسـەی بڕیـار بە گرنگیـی بەجێهنـانی ئـابووری دەدات و دەگونجێـت لەگەڵ تواناکـانی ژیـنگە، واتـا دەسـتپێکردنی گەشـەپێدانیی ئـابووری و پاراسـتنی ژیـنگە پرۆسـەیەکی تەواوکەری یەکترین نەك دژوارن" (حسين، ٢٠١٨، ص٦ـ ٧ )

٤ـ مهێدی(٢٠٢٠)"چالاکییـک دەگەینێتە پێشـکەوتنی و خۆشـگوزەرانیی کۆمەڵگاکـان بە باشترین چالاکی لەگەڵ پاراستنی دەسکەوتە سروشتییەکان بەبێ زیانگەیاندن بە ژینگە و خراپەکردنـــی زەوی ، گەشـــەپێدانی بەردەوام جیـــاوازە لەگەڵ گەشـــەپێدانی یاســـایی بە زۆرترینـی ئـاڵۆزیی چونکە بەستنەو و پەیونـدیی هەیە لەگەڵ هەموو شتێکی پەیوەنـدیی هەیە بە ئابووری و ژینگەیی و کۆمەڵایەتیدا"(مهيدي، ٢٠٢٠، ص ١)

**پێناسەی ڕێکاریی بۆ گەشەسەندنی بەردەوام:**

بەکارهێنانی هەموو بەروبوومێکی بەدەستکەوتوو مادی بێت یان وەرەیی بە باشترین شێوە لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا، کـاتی داهـاتوو لەگەڵ پاراستنی مـافی نەوەکـانی ئایندە لەم دەســــکەوتانە، لەگەڵ ڕچـــاوکردنی ڕەهەنـــدەکانی گەشـــەپێدانی بەردەوام کـــاتی جێبەجێکردنیان .

# بەشی دووەم

# لایەنە تیۆرییەکان و لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

## تەوەری یەکەم

| هەڵسەنگاندن | گەشەپێدانی بەردەوام |
|---|---|
| سەرهەڵدان و پەرەسەندنی مێژووی هەڵسەنگاندن | گەشەپێدانی بەردەوام |
| چەمکی هەڵسەنگاندن | چەمکی گەشەپێدانی بەردەوام |
| گرنگی هەڵشەنگاندن | مێژووی پەرەسەندنی چەمکی گەشەپێدانی بەردەوام |
| بنەماکانی پرۆسەی هەڵسەنگاندن | بۆچوونەکانی گەشەپێدانی بەردەوام |
| جۆرەکانی هەڵسەنگاندن | ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام |
| ڕۆڵی هەڵسەنگاندن و ئامانجەکانی | تایبەتمەندییەکانی گەشەپێدانی بەردەوام |
| تایبەتمەندییەکانی هەڵسەنگاندن | بەڵگەکانی گێڕانی فێرکردن بەرەو گەشەپێدانی بەردەوام |
| بوارەکانی هەڵسەنگاندن | گرنگی پەیوەندی کردن لە نێوانی فێرکردن و گەشەپێدانی بەردەوام |
| پەرتووکی خوێندنگە | ئامانجەکانی فێرکردن بە هۆی گەشەپێدانی بەرەوام |
| کاری پەرتووکی خوێندنگە | گۆڕانی فێرکردن ئەوەی ئەنجامەکانی فێرکردن بە هۆی گەشەپێدانی بەردەوامە |
| گرنگی پەرتووکی خوێندنگە | شێواز و ستراتیژییەتەکانی وانەوتنەوە بە هۆی گەشەپێدانی بەردەوام |
| پێوەرەکانی هەڵبژاردنی پەرتووکی خوێندنگە | لێهاتووە پێویستەکانی گەشەپێدانی بەردەوام |
| تایبەتمەندییەکانی پەرتووکی خوێندنگە | ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام |

## تەوەری دووەم

# لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

### لێکۆڵینەوە عەرەبییەکان

### لێکۆلێنەوە بیانییەکان

# بەشی دووەم

# لایەنە تیۆریەکان لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

## هەڵسەنگاندن:

هەرچەندە هەڵسەنگاندن چەمکێکی  نوێیە لە نێو چەمکەکانی زانستە دەروونییە پەروەردەییەکاندا، بەڵام خۆی لە ڕووی واتاوە کۆنە، چونکە لەگەڵ یەکتریدا چەسپاون لە هەموو بارودۆخێکدا ئادەمیزاد ئەنجامی دەدات، جارجاریش هەر لە خۆیەوە بە بێ مەبەست سەر هەڵدەدات ماوەی ئەنجامدانی فەرمانێک لە ژیانی ڕۆژانەماندا بە شێوەیەک کە هەستي پێ دەکرێت یان نا ، چونکە مرۆڤ متمانەی لەسەر ئەزموون و لاسایی کردنەوە و  تێبینیکردنە لەکاتی فێربووندا، هەمیشە ڕاهاتووە بە هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری خۆی، کە زۆرترینیان بەشێوەی جووڵانەوەی دیاری دەکات لە ژیانی ڕۆژانەیی و ئەنجامەکانی و ڕاستێتی و هەستپێکراودا، جگە لەوەیش ڕێبازەکانی هەڵسەنگاندنی ڕەفتاری خۆی زۆرترینیان بەخۆیی و هەڕەمەکی دیاری دەکات. ( خولە، ٢٠١٥ ، ص٢)

هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی فراوان و گشتگیرە لە هەموو لایەنەکانی ژیان بەکاردەهێنرێت، هەر لەشت و ئەنجامە سادەکان هەتا بابەتە قوڵ و ئاڵۆزەکان، کاتێك بە کارهێنانی چەند پێوەرێکی دیاریکراو وەك ڕاپرسەکان بەهەموو شێوەکانی یان بە ئەزموون و تاقیکردنەوەکان لەسەر پرۆژەیەک یان پرۆگرامێك یان سیستەمێك یان پەرتووکێك پرۆسەی هەڵسەنگاندن بەجێ دەهێنرێت، بەهۆی دیاریکردنی لایەنە باش و لاوازەکانی ئەم هۆکارە و بڕیاردان لەسەر مانەوەی یان پەرەپێدان یان گۆڕینی. لە بواری پەروەردەدا هەڵسەنگاندن ئامانجە سەرەکییەکەی پەروەردە و فێرکردن و گەشە پێدانی ئاستی لێهاتوویی فێرخواز و چەندێتی وەرگرتن و سوود وەرگرتن لە زانیارییەکان کە پێی پێشکەشی دەکرێت لەهەموو قوناغەکانی خوێندندا بەگوێرەی بەجێهێنانی بنەما پەروەردەییەکان لە نێوان پرۆگرام و پەرتووکەکانی خوێندن و گونجاوی ئەم پرۆگرامانە لەگەڵ کۆمەڵگاکەیاندا.

بەهەر شێوە لە بواری پەروردەدا هەڵسەنگاندن بایەخێکی گەورەی هەیە، بە جۆرێك بەبێ ئەنجامی ئەم پرۆسەیە ناتوانرێت گوێرە بەرەوپێشچوونی ئاستی فێرخوازان دیاری بکرێت ، یان ڕادی سەرکەوتووی یان سەرنەکەتوویی هەر بابەتێك بە هەڵسەنگاندن دەپێورێت. (ڕەسول، ٢٠١٤،ل ٢١٩- ٢٢١ )

## 1 ـ هەڵسەنگاندن، سەرهەڵدان و پەرەسەندنی مێژوویی:

ئادەمیزادی کۆن لە کاتی فێربوون پشت دەبەستێت بە ئەزموونی هەڕەمەکی (هەوڵدان و هەڵە) و ڕەفتاری خۆی هەڵدەسەنگێنێت لەسەر بنەمای ئەنجامی ئەزموونەکان ، بەڵکۆ خاوەن پیشەکان لە کۆمەڵگای سادە و کۆندا هەڵسەنگاندنیان بەکاردەهێنا ماوەی بڕیاردان بە گوێرەی توانا و چالاکی فێربوونیان لە ئەنجامدانی ئیش و کارێکی دیارکراودا و بە گوێرەی توانای ئەنجامدانی کارە دیارکراوەکە، چونکە پشت بەستن بە هەڵسەنگاندنیان بە بیستنی زارەکی بووە بەهۆی فێربوونیان، لەو کاتەدا ڕاهاتنی فێرخوازەکان لەسەر لەبەرکردنی بابەتە ڕاستەقینەکان یان پارچە ئەدەبییەکان و گێڕانەوەکاندا بووە، بەربڵاوی ئەم جۆرە سادەییە لە هەڵسەنگاندندا بە هۆی نەبوونی نووسین و خوێندنەوەوە بوو لەو سەردەمەدا. (العتيبي، ١٤٣٧هـ ، ص١٥)

ئەوەی لە هەڵسەنگاندن دەکۆڵێتەوە، جۆراوجۆریی هەڵسەنگاندن بۆی دیار دەکات و هەڵسەنگاندنی هەر چەرخێکیش بە جۆرێك نواندنی هەیە، وەکو کۆمەڵگا ئاساییەکان هەڵسەنگاندنیان لەسەر دەستی خاوەن پیشەکان بووە، کاتێك خاوەنکار هەڵسەنگاندنی بۆ کرێکارەکان دەکرد لە بارێکی کرداریدا ، داوایان لێدەکرێت هەستن بە کارێکی دیارکراو ، ئینجا بڕیار لەو ئاستەی کە کرێکارەکە پێی گێشتووە لەو کارەی کە پێی ڕاسپێردراوە، هەر بۆیە لە کۆمەڵگای یۆنانی کۆندا جۆرێك لە هەڵسەنگاندن و پێوانەیی نووسینەکی بەکارهێنراوە بۆ نرخاندنی ئەنجامی دەستکەوتی فێرخوازان لە قوتابخانەکانیاندا. (جاسم، ٢٠١٩، ص٧ )

مامۆستایان وەکو سوکرات و ئەفلاتون و کەسانی دی چەند ئامرازێکی جۆراوجۆری هەڵسەنگاندنیان بەکارهێناوە،لە ماوەی هەڵسەنگاندنی بابەتێک لە بابەتەکانی فێرکردندا، هەروەها لە کۆمەڵگای چینی یەکەم هەوڵ بۆ هەڵسەنگاندن بە شێوەیەکی فەرمی لە ساڵی (٦١٦پ. ز) داوە، ماوەی هەڵسەنگاندنیان بەکارهێنا بۆ سەرپەرشتکردنی پلە و پایەی فەرمانڕەوایی پە شێوەیەکی جیاواز. (الرشدان ومعيني ١٩٩٤، ص٣١٩) پاڵپشتیکردن لەسەر ئامرازی هەڵسەنگاندنی نووسینەکی بۆ سیستەمی تاقیکردنەوە وەك بنچینەیەك بۆ وەرگرتن و بەرزکردنەوە لە هەردوو خزمەتی سەربازی و شارستانی. (علام، ٢٠٠٧،ص ٩٨)

هەروەها عەرەبەکان پێش هاتنی ئیسلام بابەتی هەڵسەنگاندنیان بەکارهێناوە، بازاڕی عوکاز باشترین بەڵگەیە بۆ ئەم مەبەستە، کاتێك دەستیان کرد بە هەڵسەنگاندنی هۆنراوە و زانستە ئەدەبییەکانیان لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیان، لەو بازارە دەقە ئەدەبییەکانیان پێشکەش

دەکرد، بە هۆی بڕیاردان لەسەریان و لەگەڵ دیاریکرنی دەقە چاکەکان، ئەوەش بە پشتبەستن بەچەند پێوەرێکی دیارکراو بوو، بەمەرجێك دەقەکان ئەو پێوەرانیان لەخۆ دەگرت. (ألعربي،٢٠٠٧، ٢٨ص )

دوای ئیسلام عەرەب و موسەڵمانەکان زۆر گرنگییان بە هەڵسەنگاندن داوە، وە بە یەکەم کەس دادەنرێن لە دانانی چەند تاقیکردنەوەیەکی دیاریکراودا بۆ هەڵبژاردنی کەسی شیاو بۆ شوێنێکی شیاو، ئەوەش بەپێی کۆمەڵێك مەرج لە سروشتی کار و پیشەیەك خوازراوە، بۆیە پێغەبەری خودا موحەمەد دروودی خودای لەسەر بێت بیلالی حەبەشی هەڵبژارد بۆ بانگدان، چونکە بیلال خاوەن دەنگێکی بەرز و جوان بوو، بۆ دادوەری کەسانی خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و دادپەروەری دیارکردووە و بۆ ڕابەرایەتیکردنی سوپا کەسانی ناسراوە بە ئازایەتی لە جەنگەکاندا دیاری کردووە و بۆ وەرگرتنی سەرانە ئەوکەسانەی دیارکردووە کە ناسراون بە دەسپاک و لە خودا ترس دیارکردووە. (زایر و آخرون، ٢٠١٤ ، ص١٩٣ـ ١٩٤)

ئیسلام خاوەنی زۆر لە بیروباوەڕ و یاسا گشتگیرەکان لە خۆ کرتووە، لە هەموو لایەنە جیاوازەکانی ژیاندا، وەکو بیروباوەڕی ئیسلامی و ئامۆژگارییەکانی، ئەوانەی هانی موسەڵمانەکان دەدەن بۆ هەڵسەنگاندنی ئاکارەکانیان بەپێی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خودا بووە، کە لەم بابەتەدا خودای پەروەردگار دەفەرموێت( لَقَدْ خَلَقْنَا الإنْسَانَ فِي أَحْسَنِ تَقْوِيمٍ )سورة ألتين/ألآية:٤ ، لە شوێنێکی تریشەوە دەفەرموێت (ٱلَّذِى خَلَقَ ٱلْمَوْتَ وَٱلْحَيَوٰةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلًا ۚ وَهُوَ ٱلْعَزِيزُ ٱلْغَفُورُ)سورة ألملك/ألآية٢، و لە فەرمایشتەکانی پێغمبەری خودا موحەمەد درووی خودای لێ بێت دەفەرموێت(( ئەوەی بڕوای بە خودا و ڕۆژی قیامەت هەبێت ، لەگەڵ دراوسێکانیاندا خراپەکاری نەکات، ئەوەی بڕوای بە خودا و ڕۆژی قیامەت هەبێت ڕێزی میوانەکانی بگرێت، ئەوەی بڕوای بەخودا و ڕۆژی قیامەت هەبێت قسەی چاکە بکات یان بێ دەنگ دابنیشێت)). (البخاری، ١٩٨١، ص ١٨٣)

هەروەها لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا یەکەم هەوڵدان بۆ هەڵسەنگاندن لە ساڵی ( ١٨٤٥ز ) سەری هەڵداوە ماوەیەك (هۆرسمان) داوای کرد گرنگی بە چاکسازی بدرێت لە شێوازی هەڵسەنگاندنی فێرخوازەکانی ئەو چەرخە، بەڵکو زیاتر هەڵسەنگاندن بەرەوپێش چوو لە سەرەتای سەدەی نۆزدەهەمەوە لە ماوەی (جیمس کاستل) بایەخي دا بە توانا عەقڵییەکان و بەستنەوەیان لەگەڵ توانای زیرەکی تاکەکان، دەستی کرد بە پەرەسەندنی تاقیکردنەوەکان، هەتا بەکار بهێنرێت لە زانستە بەراوردکارییەکاندا ئەوەی لە نێوانیاندا بە دوای توانای فێرکردنی فێرخوازەکانەوە دەگەڕان.(حمدان، ١٩٨٦ ، ص٢١)

لە ئەورووپا یەکەم هەوڵدان بۆ هەڵسەنگاندن سەری هەڵدا لە وڵاتی بەریتانیا ساڵی (١٨٤٦ز) لەسەر دەستی (جۆرج فیشەر) کە ماوەیەك بەڕێوەبەری قوتابخانەی دوا ناوەندی بوو و پەرتووکی (تەرازوو)ی دامەزراند، لە نێو ئەم پەرتووکەدا بۆ یەکەم جار تاقیکردنەوەی یاسایی تۆمارکرا لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن، توانیویەتی لە میانەی ئەو تاقیکردنەوەدا ئاستی فێرخوازان بزانێت و بۆ پۆلێنکردنی هەموو بابەتەکانی خوێندندا، ئەم پەرتووکە بووە بە پێوەرێك بۆ نووسراوە دەستییەکان، جگە لەوەش بووە پێوەرێك بۆ خوێندنەوەی دەنگی و کۆمەڵێك پرسیار دەربارەی زانستی ماتماتیك و وێنەکێشان و زانستە کردارییەکان. (حمادە ، ١٩٧٥ ،ص ١٨)

لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە جووڵانەوەی تاقیکردنەوە سەری هەڵدا بە هەموو شێوە جۆراوجۆرەکانییەوە بە پێی تیۆرە پەروەردەی و دەروونییەکانی ئەو کاتەدا ، لەسەر ئەو بنەمایە دیاردا کە هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی پەروەردەییە لەگەڵ پەیدابوون و پەرەسەندنی ئادەمیزاد سەریهەڵداوە، شان بەشان لەگەڵ پێشکەوتنی هۆشیاری مرۆڤ و زیادبوونەوەی پێویستیەکانی ڕۆژانەوەیی کە سنووری نیشانەکانی هەڵسەنگاندن دیاریکرا.(الفتلاوی، ٢٠٠٤، ٤٥ ) ئەوەش بە پەیدابوونی شتێکی تازە بوو، کاتی هەردوو زانا (بینیت) و هاوڕێیەکەی (سیمۆن) دەستیان کرد بە دانانی یەکەم تاقیکردنەوەی زیرەکی لە ساڵی (١٩٠٥)، و ئەم ڕووداوە کارتیکردنێکی گەورەی هەبوو بۆ بەرەوپێش چوونی پێوانە و هەڵسەنگاندن. لە ساڵە چلەکانی سەدەی بیستەمەوە جووڵانەوەی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی دیاریدا، کۆمەڵێك لە توێژەران حەزیان کرد لە بەکارهێنانی بیرۆکەی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی لە جێگای پێوانەی پەروەردەیی، بە هۆی ئەوە کە زاراوەی هەڵسەنگاندن گشتگیرترە. (العجیلي، ٢٠٠١، ص٤-٦)

لە کۆتایی شستەکان و سەرەتای حەفتاکان گوڕەپانی ئەکادیمی بووژانەوەی بابەتەکانی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی بڵاوبوو و کۆمەڵێك لە گۆڤار و دانراوەکان لە نێوانی لاپەڕەکانیان دیان ڕێگا و نموونە و ستراتیژیەتی هەڵسەنگاندنی نوێ بڵاوکرا هەتا بەکاریان بهێنن لە پرۆژەکانی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی. (ابراهیم ، ٢٠٠٤ ،ص ١٢)

لە حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوودا زیاد بوونەوەی گوشارکردن لەسەر سیستەمی فێرکاری زیادبوو، بە هۆی بەرزکردنەوەی ئاستی وەرگرتنی فێرخوازەکان کە هۆیەکانی هەڵسەنگاندنی ئەو کاتە بۆ بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی دانراو یان پێوەری بوو، ئەوەی پشت دەبەستێت بە بەراوردکردن نێوان کۆششی تاک بە نموونەیەکی ئامادە کراو یان کۆمەڵێک لە سەرچاوەی دیاریکراو هەتا بە کاریبهێنرێن بەشێوەیەکی فراوان بۆ بڕیاردان و ماوەی ئاست بەرزکردنەوە و نامەدان بە بێ ئەوەی ڕۆڵی مامۆستا تێیایدا دیاریدا بکرێت. @draldayel/Twitter

له ساڵی( ١٩٨٣) كۆمیتەی نایابی داوای لێكرا بۆ هەڵسەنگاندنی سیستەمی پەروەردەیی ئەمریكی، ڕاپۆرتێكیان بڵاو كردەوە بە ناونیشانی ( نەتەوەكەمان بەرەو مەترسی دەڕوات و چاككردنەوەی پەروەردەیی دەوێت ) باسی دواكەوتنی ئەمریكای بەرانبەر زۆر لە وڵاتە پێشكەوتووەكانی جیهاندا دەكرد لە بواری پەروەردەدا، بەهۆی ئەم ڕاپۆرتەوە زۆر چاككردنەوە پەروەردەییەكانیان لە بواری هەڵسەنگاندندا دیاردا، بەناونیشانی (هەڵسەنگاندنی جێگیر) یان (هەڵسەنگاندنی ڕەسەن) یان (هەمەجۆر) و ئەوانەی پشت دەبەستن بە جۆراوجۆری بوارەكانی هەڵسەنگاندن و ئامرازەكانی پێوەرە ڕەسەنەكان، ئەوانەی خاوەن ڕاستیتی و باوەڕپێكراون لە بواری هەڵسەنگاندن و لەگەڵ چالاكیی ڕاستێتی فێرخواز و تاقیكردنەوەكاندا كە پێوانەی توانای بیركردنەوە بەرزەكان دەكەن.(الدوسري، ٢٠٠٤ ، ص٦٢)

توێژەر دەبینێت كە بەجێهێنانی هەڵسەنگاندنی شوێنگر (Alternativ calendar) وەك زاراوەیەكی پەروەردەیی نوێیە، لە بواری پەروەردە و فێركردندا،كە سوودی هەیە بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی فێركردن و توانای جێبەجێكردن لە تۆڕی فێركاریدا، ئەوەش دەگونجێت لەگەڵ هەڵسەنگاندنی پرۆگرامەكانی خوێندن و پەرتووكەكاني خوێندندا، هەتا ئاستی پەروەردە و فێركردن لە هەموو قۆناغەكانیاندا گەشە بسێنێت .

**2 - چەمكی هەڵسەنگاندن :-**

هەڵسەنگاندن بەشە سەرەكییەكەی پرۆسەی پەروەردەییە، هەڵسەنگاندن پرۆسەی چاككردن و ئاڕاستە كردنە، كۆمەڵێك لە پرۆسە لاوەكییەكان لەخۆي دەگرێت و بەخۆی دەگەیەنێت هەتا ڕوونی بكاتەوە و ئەنجامەكانی تەواو بێت، وەك: پرۆسەی هەڵسەنگاندن كاتێك واتای نرخاندن دەدات، و پرۆسەی دیاریكردن بە واتای دیاریكردنی لایەنە بەهێز و لاوازكان و پرۆسەی پێوانەیی و پرۆسەی بەدوادا ڕۆیشتن و پرۆسەی فیدباك و پرۆسەی بڕیاردان.(مرعي و الحیلة، ٢٠٠٠، ص٩٥)

لێرەدا دیار دەدات كە پرۆسەی هەڵسەنگاندن ڕۆڵێكی گەورە و سەرەكیی هەیە بۆ بڕیاردان لەسەر گوێرەی بەجێهێنانی ئامانجە پەروەردەییەكان و گوێرەی گونجاوبوونی ناوەڕۆكی پەرتووكەكانی خوێندن لەگەڵ گوێرەی باشێتی ڕێگاكانی وانەوتنەوە و لێهاتووەكان و ڕێبازەكانی هەڵسەنگاندن، لەبەر ئەوە هەڵسەنگاندن شوێنێكی باڵا دەگرێت بۆ دیاریكرنی شوێنە لاواز و بەهێزەكانی لەپرۆسەی فێربووندا، بەڵكو لە ڕێگەی توێژینەوە و خوێندن و شیكردنەوە و چارەكردنی لایەنە لاوازەكان ئەوەی تووشیان دێت بە هیوای پەرەوپێشچوونی پرۆسەی پەروەردەوە بەشێوەیەكی گشتی.( الاحمد ٢٠٠٣، ص١٩٩)

ثۆرانديك(Thoradike) سەيرى هەڵسەنگاندن دەكات وەك كردارێكى تەواو، بە پێی دياريى ئامانجى لايەك لە لايەنەكانى پەروەردە و نرخاندنى پلەی بەجێهێنانى ئەم ئامانجانەدا دەكات.(سعادة، ١٩٨٤، ص٤٣٢) يان ئەو كردارەی مامۆستا ئەنجامی دەدات لە ڕێگای پرسياركردنى فێرخوازاەكانى و ناساندنى ئاستەكانيان لە ڕێگای وڵامەكانيان لە كاتى وانە وتنەوەدا، ئەم كردارە بە *هەڵسەنگاندن دەناسرێت*. (ألمساعدة ، Mawdoo.com(٢٠١٦

لە پێناوی هەڵسەنگاندندا دەتوانين بزانين گوێرەی بەجێهێنانى ئامانجە پەروەردەييەكان و ناساندنى لايەنە بەهێز و لاوازەكانى پرۆگرامەكانى خوێندن يان پرۆسەی فێركردن يان وانەوتنەوەوە، كە بەهۆی ئەمانەوە بڕيار دەدرێت لەسەر ئاڕاستەكردن يان گۆڕانى پەرتووكەكاني خوێندن، بە مەرجێك ئەگەر كەم وكورتى تێدا بێت. (دحدي و ألوناس، ٢٠١٧، ص ١١٦)

**3 ـ گرنگی هەڵسەنگاندن :**

گرنگی هەڵسەنگاندن لەوەوە دێت كە بەپێی دەتوانين بڕيار لەسەر كاريگەری پرۆسەی پەروەردە و فێركردن بدەين ، كە بەستراتيژيەتێكى گشتى بۆ گۆڕانى پرۆسەی پەروەردەيى دەنوێنێت، بەڵكو بەڕێوەبەرە پەروەردەييەكان پێويستيان بەزانيارى هەڵسەگاندنيان هەيە بۆ دياركردنى ئاستى جێبەجێكردن و بڕياردان بە هۆی پەرسەندن و چاككردنەوەی پرۆسەی پەروەردەدا.(حمداوي،٢٠١٥، ص٢٩ـ ٣٨)

هەروەها توێژەر گرنگی هەڵسەنگاندن دەبينێت تەنها بۆ ئەوانە نييە كە ديارى كراون، بەڵكۆ لەسەر دەزگا پەروەردەييەكان و ئەوانەی بەڕێوەبەرن و ئەوانەی بڕياردەدەن و بۆ مامۆستا و فێرخواز و خاوەنى فێرخوازەكان .

**4 ـ بنەماكانى پرۆسەی هەڵسەنگاندن:ـ**

كۆمەڵێك بنەما هەيە دەبێت ڕەچاو بكرێت كاتى دەست كردن بە پرۆسەی هەڵسەنگاندن كە ئەمانەن:

**أـ** دەبێت پرۆسەی هەڵسەنگاندن بەردەوام بێت، واتا پرۆسەی هەڵسەنگاندن تەواو نابێت لە سنوورێكى دياريكراودا، كاتێك هەڵسەنگاندنى بابەتێكى دياريكراو دەكرێت دەشێ سەرەتای هەڵسەنگاندنێكى نوێيە.

**ب ـ** پرۆسەی هەڵسەنگاندن دەبێت لەسەر بەشدارى كردنێكى چالاك بێت، ئەوەش بە پرۆسەيەكى هەرەوەزى خۆی پێشان دەدات، واتا جێبەجێكردنى پشت دەبەستێت بە

یارمەتیدان لە نێوان هەموو لایەنەکانی پرۆسی پەوەردەدا (( فێرخوازان، مامۆستایان، خێزان و پرۆگرام)). ( مرعی و ألحيلة ،ص ۲۰۰۲، ۳۸٤ )

**پ -** پرۆسەی هەڵسەنگاندن گشتگیرە، واتا هەموو ئامانجە پەروەردەییەکانی پرۆگرامی خوێندن و ئامرازەکانی لەخۆی دەگرێت، لەگەڵ هەموو ئەوانەی کارگەرییان لەسەر ئامانجەکان و توانای جێبەجێکردنیان هەیە وەکو(( فێرخوازان، مامۆستایان، ڕەگەزەکانی پرۆگرامی خوێندن، پەرتووکی خوێندن، رێگاکانی وانە وتنەوە، چالاکیەکان و شێوازەکان و هەموو لایەنەکانی زانیاری و جەستەیی و عەقڵی کۆمەڵایەتی و ژینگەیی فێرخوازەکان

.

**ت -** پرۆسەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکە بەیرەوکراوە و بەستراوەتەوە لەگەڵ ئامانجەکانی پرۆگرامی خوێندندا، چونکە هاوبەندی هەیە لە نێوان ئامانجەکانی پرۆگرامی خوێندن و هەڵسەنگاندندا و ئەم بەستنەوەیەش پیشەییە، چونکە ئەگەر ئامانجەکان بگۆڕێت، هۆیەکانی هەڵسەسەنگاندن دەگۆڕێت، هەروەها ئەوە دەگەیەنێت بۆ ئەوەی کە هەڵسەنگاندن بەستنەوەیەکی جووڵەییە (Dynamik)، واتا ئامانجەکان جێگیرو وشك نین، ئەوەش دەگەیەنێت، کە هەڵسەنگاندن نەرم ونیانی و جووڵەیی لە خۆی دەگرێت، لەگەڵ ئامانجەکانیدا. (الرشيدي، ۱۹۹۹، ص۹۹)

**ج -** پرۆسەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی دیموکراسییە چونکە پشت بە ئازادی بیرکردنەوەوە دەبەستێت ، کاتێك دەرفەت دەدرێت بۆ فێرخواز بە پەیوەندی کردنەوە بۆ نەخشە کێشان لەسەر شێوەی هەڵسەنگاندن و دیاری کردنی ئەو ئامرازانەی بەکار دەهێنرێت لەکاتی هەڵسەنگاندندا. (الربيعي، ۲۰۰٦، ص٤۰٤)

**چ -** پرۆسەی هەڵسەنگاندن پەیوەندی هەیە لەگەڵ ناوەڕۆکی پەرتووکی خوێندن و رێگاکانی وانە وتنەوە و ڕێباز و ڕێگاکانی هەڵسەنگاندن بە هەموو جۆرەکانیەوە، چونکە خۆی خاوەن بەستنەوە و کۆنترۆڵکەر و ئاڕاستەکەری هەموو ڕەگەزەکانی پرۆگرامی خوێندنە، لە ڕێی پەیوەندی کردنی لەگەڵ ناوەڕۆکدا، و جگە لەوەش کە خۆی دیاریکەری ڕاستی یان هەڵەی لایەنی زاستی و گوێرەی نوێگەرییە.(حجازی ،۲۰۰۵، ص٥)

**ح -** پرۆسەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی جۆراوجۆرە، کاتی بەکارهێنانی کەرەستەکانی هەڵسەنگاندندا، وەکو تاقیکردنەوەکان ، چاوپێکەوتنەکان، خوێندنی بارودۆخەکان، تێبینییەکان، ڕاپرسییەکان.... هتد.(طموس، ۲۰۰٤، ص۳۷)

**خ -** دەبێ پرۆسەی هەڵسەنگاندن بە شێوەیەکی ئابووری بێت، واتا ڕەچاوی لایەنی ئابووری بکرێت کاتی ئەنجامدانی وەك لایەنی کات و ماندووبوون و خەرجکردنەوە. ( أبرهيم ، ٢٠٠٠، ص١٨٠)

**د -** پرۆسەی هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکە خاوەنی چەند نیشانەیەکی دیارکراوە، وەك ڕاستی و پتەوی و بابەتیانە، هەتا ببێتە یارمەتیدەری توێژەر و پسپۆرانی پەروەردە کاتی بریاردان بەشێوەیەکی دروست و گونجاو. ( الربیعی، ٢٠٠٦، ص٤٠٤)

## جۆرەکانی هەڵسەنگاندن

لە ئەنجامی گرنگیپێدان بە بابەتی هەڵسەنگاندن لە لایەنی پسپۆرە پەروردەییەکان و تێروانینی توێژەر بە ئەدەبییاتی هەڵسەنگاندن، بۆی دەرکەوت کە گرنگیپێدانێکی گەورە بەم بابەت و بوارە هەیە ، چونکە پسپۆرانی پەروەردە بەکاری هەموو گۆشەکانی هەڵسەنگاندن هێناون و پێشکەشی بیروڕا و پێشنیارە جۆراوجۆرەکانی خۆیاندا لەم بوارەدا دەکردن هەتا گەیشتنە ئەنجامی زۆرترین جۆرەکانی هەڵسەنگاندن، لێرەدا توێژەر هەوڵدەدات بۆ خستنەڕوو ڕاڤەکردنی هەندێك لەم جۆرانە بەم شێوەیە:-

**یەکەم //هەڵسەنگاندن بەشێوەیەکی گشتی:**

**1 - هەڵسەنگاندنی (فەرمی)Formal Evaluation:-** بەو هەڵسەنگاندنە دەوترێت کە پێیان وایە پسپۆران دەگەنە بریاردان و یاسا دانان دەربارەی بەجێهێنانی ئامانجە دیاریکروەکانی پێشوو بۆ بونیادنانی بڕیارەکانیان لەسەر بنەما دیاریکراوەکان، ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنەیش دەزگا پەروەردەییەکان ئەنجامیدەدەن.(محمد،١٩٩٠، ص٢٢١)

**2 - هەڵسەنگاندنی نا فەرمی:-** بەو هەڵسەنگاندنە دەوترێت کە پشت دەبەستێت بەو بابەتانەی ناتونرێت مل کەچ بکرێت بو پێوانەیەکی ورد، ئەوەش نا گێنێت بۆ دوورخستنەوەیی لە پرۆسەی هەڵسەنگاندندا، بەڵام ڕوونکردنەوەیەکی ژیری لە خۆی دەگرێت، کە لە نێوانی ئەم هەڵسەنگاندنە دیاریی لایەنێکی کاریگەر لە پرۆسەی هەڵسەنگاندن دەکات، چونکە بەهۆیی پرۆسەی هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدرێت و هەردووکیان تەواوکەری یەکترین. (ألحريري، ٢٠١٢، ص٥٦)

لیۆنارد هامبتۆن ( L. Hampton ) دەڵێت ئەم دوو جۆرانەی پێشوو لە هەڵسەنگاندن پەوەندییەکیان هەیە لەگەڵ ئاسانکاری و بابەتیانە،کە دەسەلمێنێت بە گرنگیدان بە پەشت بەستن لە سەر جۆر، نەك شێوەی هەڵسەنگاندن.( الربیعی ،٢٠٠٦، ص١٨)

**دووەم // هەڵسەنگاندن لە ڕووی گشتگرییەوە:-**

**1 - هەڵسەنگاندنی بچووك كراو (كەرتی):-** بریتیه لەو هەڵسەنگاندنەی كە فێرخواز هەڵدەسەنگێنێت كاتی پەرەسەندنی لە پێناوی فێركردندا، واتا كاری هەڵسەنگاندن لە نێوانی پۆلدا ئەنجام دەدرێت بە بێ بەستنەوەی لەگەڵ سیستەمە لاوەكیەكانی دیكەدا.

**2- هەڵسەنگاندنی گەورە كراو (گشتی):-** بریتییە لەو هەڵسەنگاندنە، كە گرنگی بە هەڵسەنگاندنی دەرەوەی هەموو سیستەمەكان و پەیوەندییان لەگەڵ ئامانجی كۆمەڵگاكان دەدات، و ئەم جۆرە هەڵسەنگاندنە بەكار دەهێنرێت بۆ نەخشەكێشانی پرۆسەكانی پەروەردە.(زایر و آخرون ، ص٢٠١٤، ٢٠٣)

**سێیەم // هەڵسەنگاندن بەپێی كاتی بە جێهینانی:-**

**1 - هەڵسەنگاندنی سەرەتایی :-** بەو هەڵسەنكاندنانە دەوترێت كە پێش ئەوەی دەست بكرێت بە پێشكەشكردنی پرۆگرامی خوێندن، بەهۆی ناساندنی ڕێژەی زانیاریی فێرخوازان لە بابەتەكانی خوێندندا ئەوەی فێریان دەكرێت، هەتا مامۆستایان دڵنیا بن لە زانستە پێشوەكانی فێرخوازان. ( العجيلي، ٢٠٠١، ص١٥)

**2 - هەڵسەنگاندنی پێكهاتەی (داڕێژراو):-** بەو هەڵسەنگاندنە دەوترێت كە چەند جارێك ئەنجام دەدرێت لەماوەی چێبەجێكردنی پرۆگرامێ خوێندندا، بۆ پشتگیری و دیاریكردنی لایەنە پۆزەتیڤەكان و دیاركردنی لایەنە سستەكان بە هۆی دوورخستنیانەوە لە پرۆگرامەكان، هەڵسەنگاندن لێرەدا بە بەردەوامی دەردەكەوێت.(النجار، ٢٠١٠، ص٢٦)

**3 - هەڵسەنگاندنی بە دواداچوون:-** بەو هەڵسەنگاندنە دەوترێت كە هەڵسەنگاندن لەگەڵ بێكهێنان دەبەستێت، هەتا دڵنیا بین لە بەردەوامی هەڵسەنگاندن، بەڵكو ئامانجەكەی دیاركردنی لایەنە گرانەكانی فێربوونە لەگەڵ لایەني بەهێزی و لاوازی ئاستی دەسكەوتەكانی فێربوونی فێرخوازان، جگە لە دیاریكردنی هەڵە باوەكان لەنێوان فێرخوازاندا بەڵكو لە زانیاری و لێهاتویی و بوچوونەكانیان. ( جامل ، ٢٠٠٠ ، ص١٧٠)

**4 - هەڵسەنگاندنی كۆتایی:-** بەو هەڵسەنگاندنە دەوترێت كە لە كۆتایی جێبەجێكردنی پرۆگرامەكاندا دەكرێت ، بە هۆی دیاریكردنی نرخیەوە یان تەواوكردنی ئەركە دیاریكراوەكە، ئەوەی هەڵسەنگێنراوە، ئەوەش سوودی بۆ خاوەن بڕیارو دروستكەرەكان دەبێت، چۆنكە لەسەر ئەم هەڵسەنگندنانە بونیادی بڕیاری كۆتایی دادەنێن، و ئەنجامەكانی ئەم هەڵسەنگاندنانە دیاری كردنی هێزی كاریگەری و توانای بڵاوكردنەوەی پرۆگرامە هەڵسەنگێنراوەكان دەردەخات.(رەسول،٢٠١٤، ل٢٣٠)

**چوارەم// جۆرەکانی هەڵسەنگاندن بە پێی زانیاری و دەرخستنەکان:-**

**1- هەڵسەنگاندنی چەندێتی:-** بەو هەڵسەنگاندنە دەوترێت کە پشت بە زانینە چەندێتیەکان دەبەستێت، وەکو ئەو ئەنجامانەی وەریدەگرین لە ئەزموون و ڕاپۆرت و ڕاپرسیەکان بەهەموو شێوەکانییەوە، ئەگەر ئەم هۆیانە زانیاری چەندێتی ئامادە بکەن.

**2 - هەڵسەنگاندنی جۆری:-** بەو هەڵسەنگندنانە دەوترێت کە پشت بە زانیارەکان دەبەستێت ئەوەی کۆدەکرێتەوە لە ڕێگای تێبینی کردن و پیاهەڵدانی ڕەفتاری فێرخوازان بە شێوەیەکی ورد و نووسینی ئەم تێبینیانە لە ناو دۆسێەی فێرخوازاندا لە لایەنی مامۆستا یان ڕابەرە پەروەردەیەکەیانەوە کە خاوەنی فێرخوازەکانن.( ألشامخ ،٢٠١٨، ص١٠)

**پێنجەم // جۆرەکانی هەڵسەنگاندن بە پێی هەڵوێست لە ئامانجەکاندا :-**

**1- ئەو هەڵسەنگاندنەی پشت بە ئامانجەکان دەبەستێت :-** بەو هەڵسەنگاندنە کە بەکار دەهێنرێت بۆ هەڵسەنگاندنی پرۆگرام بە پێی ئامانجەکانی، بە هۆی ناساندنی گۆێرەی جێبەجێکردنی دەوترێت .

**2- ئەو هەڵسەنگاندنەی پشت بە ئامانجەکان نابەستێت:-** بەو هەڵسەنگاندنە دەوترێت کە بەهۆی کاردانەوە لەسەر ئەو هەڵسەنگاندنەی پشت دەبەستێت بە ئامانجەکان، لەوانەیە درنابڕێت لەسەر ڕاستگۆیی خۆی لە پرۆگرامەکەدا، یان بە ناڕوونی دیاردەدات و جیاکەرە بە گشتێتی یان بە دژواری لەگەڵ یەکترییەوە، ئەوەش ڕەنگ دەدات لەسەر ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندنەکە. www.Almahfal.org

**شەشەم// جۆرەکانی هەڵسەنگاندن بە پێیی ئەنجامدانی:-**

**1- هەڵسەنگاندنی ناوخۆیی:-** بەو هەڵسەنگاندنە دەوترێت کە خاوەن پرۆگرامە فێرکارییەکان ئەنجامی دەدەن ( واتا لە خودی دەزگا فێرکارییەکاندا ئەنجام دەدرێت )

**2 - هەڵسەنگاندنی دەرەوەیی:-** بەو هەڵسەنگاندنە دەوترێت بۆ ئەو کەسانەی ئەنجامی دەدەن و هیچ پەیوەندییێکیان لەگەڵ پرۆگرامە فێرکارییەکاندا نییە (لە دەرەوەی دەزگا فێرکارییەکانن) بە ئامانجی هاوکێشی پرۆگرامەکە لەگەڵ پرۆگرامێکی ترەوە. (الشخيبي،٢٠٠٣، ص٢٣)

**حەفتەم// جۆرەکانی هەڵسەنگاندن بە پێی فراوانی لە بواردا:-**

**1- هەڵسەنگاندنی جیهانی(فراوان):-** بەو هەڵسەنگاندنە دەوترێت ئەوەی گشت وڵاتەکان یان ناوچەکان دەگرێتەوە.

**2 ـ هەڵسەنگاندنی ناوچەیی:-** بەو هەڵسەنگاندنە دەوترێت کە لە یەك ناوچەدا فێرکارییە هاوڕەگەزەکان لەخۆی دەکرێت.( عبدالهادي، ٢٠٠١ ، ص٤٦)

**هەنگاوە سەرەکییەکانی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی :-**

**أ- دیاریکردنی ئامانجەکان :** ئەمەش یەکەم هەنگاوە لە پرۆسەی هەڵسەنگاندندا، کە دەبێت وردی و گشتگیری و هاوکێشەیی و ڕوونی لە خۆی بگرێت، هەتا گونجاو بێت لەگەڵ کارە پەروەردەیەکەدا، ئەوەی توێژەر دەیەوێت هەڵیبسەنگێنێت. (هذال، ٢٠١٥، ص ٣٨)

**ب ـ دیاریکردنی بوارە پەروەردەییەکان ئەوەی دەیانەوێت هەڵیبسەنگێنن لەگەڵ دیاریکردنی کێشەکاندا، و ئەوەی دەیانەوێت چارەسەری بکەن:** چونکە زۆر لە بوارە پەروەردەییەکان هەڵسەنگاندنیان دەوێت، وەکو پرۆگرام و پێکهاتەکانی، و مامۆستا و کێشەکانی، فێرخواز و گەشە پێدانی، قوتابخانە و بەڕێوەبەرایەتییەکان و چەندین بواری تر لەم بوارانەدا. (فایزة، ١٤٣٦ـ١٤٧٣هـ ، ص ٢٩)

**پ ـ ئامادەبوون بۆ هەڵسەنگاندن:** ئەمەش بە ئامادەکردنی هۆی و تاقیکردنە و پێوەرەکان و چەندین شتي تر لە کەرەستەکانی هەڵسەنگاندن جگە لە ئامادە کردنی کەسانێکی فێرکراو بۆ پێوانە کردنی پرۆسەکانی هەڵسەنگاندن.

**ت ـ جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندن:** ماوەی دەستکردن بە پرۆسەی هەڵسەنگاندن، دەبێت پەیوندی بکرێت لەگەڵ ئەوانەی هەڵیاندەسەنگێنن، هەتا لە ئامانجی هەڵسەنگاندنەکە تێبگەن ، هەتا یارمەتی ئەوانیتر بدات کە ئەنجامی پرۆسەکە دەدەن، بۆ گەیشتن بە باشترین ئەنجام.(سلیمة،٢٠١٧ـ ٢٠١٨، ص٢١)

**ج ـ شیکردن و ڕوونکردنەوەو دەرهێنانی ئەنجامەکان:** ئەم هەنگاوە بە کۆکردنەوەی ئەنجامە پێویستەکان دەکرێت لەگەڵ رێکخستن و شیکردنەوە و دەرهێنانی ئەنجامەکان. (غضبان، ٣٠١٣، ص٣١)

**چ ـ ئاڕاستەکردن بەپێیی ئەنجامەکانی هەڵسەنگاندن:** دوای وەرگرتنی ئەنجامەکان لە هەنگاوی پێشوودا، دەتوانرێت پێشکەشی پێشنیارێکی گونجاو بکرێت، بە هیوای گەیشتن بۆ بەجێهێنانی ئامانجە پێویستەکان لە پرۆسەی هەڵسەنگاندندا.( ملحم،٢٠١٠، ص٤٨)

**خ ـ تاقیکردنەوەی ئەنجامە پێشنیارکراوەکان:** دەبێت ئەم پێشنیازانە تاقی بکرێتەوە، بەهیوای دڵنیابوون لە شیاویی لەلایەك و لە لایەکی ترەوە بەهۆی لێکۆڵینەوەی کێشەکانی خستنە کاری و دەستکردن بە جێبەجێ کردنێکی گونجاو بە چاککردنەوەی.(فایزە، ١٤٣٦ـ ١٤٣٧هـ، ص٢٠ )

## ڕۆڵی هەڵسەنگاندن و ئامانجەکانی :

هەڵسەنگاندن لە چەمکی زانستیدا جیاوازیی هەیە لەگەڵ ئەو هەڵسەنگاندنەی کە ئادەمیزاد ئەنجامی لەژیانی ڕۆژانەیی دەدات. ئادەمیزادی سادە هەڵسەنگاندنی زۆر لە شتەکان دەکات کاتێك لە ژیانی ڕۆژانەیدا تووشی دەبێت وەك هەڵسەنگاندنی خۆراکەکان ئەوەی دەیخوات و ئەو جل و بەرگانەی دەیپۆشێت و ئەو پەرتووکانەی دەخوێنێتەوە و ئەو شوێنانەی سەردانیان دەکات.... هتد، بەپێی ئەم هەڵسەنگاندنە بڕیاردەدات لەسەر شتە ویستراوەکە، بەڵکو خۆی هەڵسەنگاندێنکی زانستی نییە بەو واتایەی کە باوە لە نێوانی خەڵکدا، ئێمەش لە بواری پەروەردەدا زۆر لەم هەڵویستانە دەکەوێتە بەرچاومان کە دەست دەکەین بەم جۆرە هەڵسەنگاندنانە، بەڵکو دەتوانین پێی بڵێین هەڵسەنگاندنی نافەرمیٚ یان هەڵسەنگاندنی سادە، وەك ماوەی بڕیاردانی مامۆستا لەسەر کەش و هەوا و ڕۆشنایی ناوی پۆلدا یان ڕێژەی بەڕێوەبەری قوتابخانە لە لێهاتووی و چالاکی مامۆستایانی قوتابخانەکەیدا.(علام، ٢٠٠٧، ص٣٨ )

لەم جۆرە هەڵسەنگاندنەدا زەحمەتە دڵنیابین لە ئەنجامەکانی کاتی بڕیاردانی پەروەردەیی، و لێردا دیار دەدات کە مەرجە متمانە لەسەر هەڵسەنگاندنێکی خاوەن زانست و ڕێکخراو بکەین، بۆ ئەوەی جێبەجێ بکرێت لە هەڵویستە جۆراوجۆرەکانی پەروەردە ، وەك هەڵسەنگاندنی تاکەکان یان هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان یان پرۆگرامەکان و پەرتووکەکانی خوێندن، لەبەر ئەوەی هەمە جۆریی ڕۆڵەکانی هەڵسەنگاندن لە بوارە پەروەردەییەکاندا دیار دەدات، کە ڕۆڵی گرنگی هەڵسەنگاندن بە ئاڕاستە کردنی ڕێگای پرۆسەی فێرکردن و فێربوون دەردەکەوێت ماوەیەك فیشەر گرۆنلاند(Gronland) ئاماژەی دەکرد کە هەڵسەنگاندن ئەنجام دەدرێت لەسەر چەند هونەرێك(Technique) ئەوەی بە شتێکی سەرەکی بۆ مامۆستا دادەنرێت، جگە لەوە خۆی پرۆسەیەکی بەردەوامە کە هەموو تایبەتمەندییەکانی فێرکردن و فێربوون لە خۆی دەگرێت، هەروەها بۆمان رون بوو کە هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی بەشێوە نوێیەکەی پشت بە ڕەفتارو ئامرازە جۆراوجۆرەکان دەبەستێت، بەگوێرەی پێوانەی جێبەجێکردنی ئامانجە پەروەردەییەکان . (علام، ٢٠٠٠، ص٣٨ )

هەروەها ڕۆڵی هەڵسەنگاندن ڕوون دەبێتەوە، کاتێک ئامادە کردنی مامۆستا و چاڵاکییەکانیان لە پرۆسەی دروستکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن و ئەزموونەکانی بوارە نوێیەکاندا و ئەوەی پەیوەندییان هەیە لەگەڵ چاککردنەوەی پرۆسەکانی فێرکردن و فێربووندا، لەگەڵ هەڵبژاردنی باشترین ستراتیژیەت و پسپۆرە هونەرییەکانی پەروەردەدا، کە کۆك دەبن بۆ پڕیاردان لەسەر گونجاوی پرۆگرامە پەروەردەییە دیارکراوەکان یان

ئاڕاستەکردن یان هەڵوەشاندنەوەی ئەم پرۆگرامانە. جگە لەوە هەڵسەنگاندن ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە بۆ جاودێری کردنی بەرەوپێش چوونی فێرخوازان و دیاری کردنی ئاستی وەرگرتنیان لە بابەتەکانی خوێندن و ئاڕاستە کردنیان بە شێوەیەکی فێرکاری و پیشەگەری.(علام،٢٠٠٧، ص٣٩ )

**ئامانجەکانی هەڵسەنگاندن :**

هەڵسەنگاندی پەروەردەیی کۆمەڵێکی لە ئامانجی گرنگی هەیە، لەم ئامانجانە دەکەوێتە نێوانی سنووری کۆمەڵەی ئامانجە تایبەتییەکانی هەڵسەنگاندنی پەروەردەیی و هەندێك لێیان لە بەشە ئامانجە گشتییەکان دادەنرێت کە ئەمانن:

- هەوڵدەدات بۆ دیارکردنی بەرەوپێشچوونیی ئاستی فێرکاریی فێرخوازان.
- دیاریکردنی لایەنە بەهێز و لاوازەکانی پرۆسە فێرکارییەکان بەشیوەیەکی تایبەت و سیستەمی پەروەردیی بەشێوەی گشتییەوە.
- هەڵسەنگاندی ڕێگاکانی وانەوتنەوە لە لایەك و چاودێریی ئەنجامی پرۆسەی فێرکردن(La Didactique ) لە لایەکیترەوە.
- دڵنیابوون لە گوێرەی بەجێهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان ماوەی چوونەناوەوەی وانەکان.
- هەڵبژاردنی فێرخوازە زیرەك و سەرکەوتووەکان، و جیاکردنەوەیان لە فیرخوازە تەمەڵەکان.
- یارمەتیدانی فێرخوازان کاتی هەڵسەنگاندنی خۆیان و ئاڕاسەکردنی هەڵەکانیان، بۆ ژماردنیان بەهۆی ئاڕاستەکردن و چارەسەرکردنی هەڵەکان.
- چاودێریکردنی فێرخوازان چاودێرییەکی پلەپلەیی لەگەشت ڕێبازە خوێندنەکانیان.
- فریایی هەڵسنگێنەر دەدات کاتی فیدباك و دەنوێنێت بە چارەسەرکردنە ناوەکی و دەرەکییەکانی پرۆسەی فێرکردن.
- دیارکردنی ئاستی فێرخوازان لە ڕووی زانیارییە پێشوو و داهاتوو و کۆتاییەکانیان. (طویری، ٢٠١٧، ص٦٣ـ ٦٤)

**تایبەتمەندییەکانی هەڵسەنگاندن:**

پرۆسەی هەڵسەنگاندن کۆمەڵێکی تایبەتمەندی هەیە، ئەمانەن:

**1 ـ پرۆسەیەکی ئامانجدارە:** هەڵسەنگاندنی ئامانجدار ئەوەیە کە دەست دەکات بە کۆمەڵێك لە ئامانجی ڕوون و دیارکراو، چونکە بەبێ دیاري کردنی ئامانجەکان، هەڵسەنکاندن

بەكارێكی شێواو دەردەكەوێت و هیچ یارمەتییەك نادات لەماوەی پێكهێنانی بڕیاری بەنرخ و بڕیاردانی گونجاودا.

**2ـ گشتگیره :** بەڵكۆ هەڵسەنگاندن پەیوندی هەیە لەگەڵ هەموو ئامانجەكاندا، دەبێ بەدوای هەموو ئامانجەكاندا بگەڕێت، نەک لەسەر چەند ئامانجێكی دیاریكراو.

**3 ـ بەردەوامییه :** پرۆسەی هەڵسەنگاندن بەشێكی ڕەسەنە لە بەشەكانی پرۆسەی فێركردندا، چونكە هەر دەمێنێت بە هەبوونی ئادەمیزادەوە، و مەرجە هەر بەردەوام بێت بەهەموو جۆرەكانیەوە نەك بە یەك جۆر لە هەڵسەنگاندندا.

ئەم واتایە پێغەمبەری خودا موحەمەد دروودی خودای لێ بێت سەلماندی كە دەفەرموێت(( ئەو كەسەی بە وریا دادەنرێت كە خۆی تاوانبار دەكات و كار دەكات بۆ پێش مردني، و بێ دەسڵات ئەو كەسەیە كەخۆی بەدوای ئارەزووی خۆی دەگەڕێت و ئاوات خوازی لەسەر خودای مەزن دەكات)).( مصطفی، ٢٠٠٥، ص١٠٩)

**4 ـ هەرەوەزییه :** ئەم تایبەتمەندە پسپۆرییە، سوودمەندییەكەی بۆ مامۆستا و فێرخواز و خێزانی فێرخواز و ئەوانەی گرنگی دەدەن بە پرۆسەی فێركردن، دەگەڕێتەوە بەڵكو دەبێت هەموو ئەركەكان كۆك و یەكگرتوو بن بەهۆی وەرگرتنی ئەو پەڕی سوودمەندیەوە، چونكە ئەم ئەركە بەرپرسیاری گشتییە، دەبێت هەموو لایەك بەشداری بكەن .(محمود، ٢٠٠٤، ٢٤)

هەروەها لەم بوارەدا پێغەمبەری خودا موحەمەد دەفەرموێت: (( هەمووتان سەركردەن و هەریەكێكتان لێپرسراوە لەسەر گەلەكەی)). (البخاري، ١٩٨١، ص٧١٣٨ )

**5 ـ ئابوورییه :** واتا بەكارهێنانی گونجاوترین شێواز و هۆ ئەوەی بە ئابوورییەوە دیاري بدات كاتی هەڵسەنگاندن لە ڕووی ماندووبوون و كات و دەرامەتدا.

**6 ـ پشتبەستن بەهەڵسەنگاندن لەسەر بنەمای زانستی** ، ئەوەش بەجێدەهێندرێت بە بابەتیانەی هۆیەكان ئەوانەی بەكار دەهێرێن و ڕاستی و جێگیری ئەنجامەكان، مەبەستمان لە بابەتیانە ئەوەیە بە كاریگەری ئەنجامەكان، كە ئەنجامدەرەكە پێی دەگات بە هۆكارە تایبەتییەكان، مەبەستمان ڕاستییە كە خودی هۆكارەكان دەتوانن پێوەری ئەو بابەتانەی دانراون بۆ پێوەركردن.

**7ـ دەبێت هەڵسەنگاندن ببێتە ستایش كردنێك بۆ كردارێكی گەشەسەندراو، نەك دیاركردنی بارودۆخێكی دیاریكراو.**

**8- هەڵسەنگاندن پرۆسەیەکی دیموکراسییە،** چونکە بونیادنانی لەسەر ڕێزگرتنی تاکایەتی فێرخوازە، ئەو کاتەی پەیوەندی دەکات بە هەستکردن بە مەبەستەکانی و باوەڕەکات بە گرنگی خۆێ و ڕازی دەبێت لە ئەنجامەکانی بەشێوە و دڵێکی خۆش، بەڵکۆ دەست دەکات بە هەڵسەنگاندنی خودی، جگە لە دەست کردن لە ڕەچاوکردنی جیاوازی تاکایەتی خۆی و نێوان فێرخوازان.

**9 - هەڵسەنگاندن پشت دەبەستێت بە ڕێبازە جۆراوجۆرەکان،** چونکە پرۆسەی فێرکردن هەموو لایەن و ئاستەکانی زانیاری لەخۆی دەگرێت، ئەوانەی لە لایەنی گەشەپێدان و ئامانجە جۆراوجۆرەکانی پێك دێن، لەبەر ئەوە دەبێت کەرەستە و هۆیە جۆراوجۆرەکان بەکاربهینرێن، هەتا شێوە هەڵسەنگاندنێکی تەواو دیاری بکەن و شێوە ڕاستەقینەکەی، هەموو ئەم شتانە بخەنە ڕوو.(زایر و آخرون،٢٠١٤، ص ١٩٨- ١٩٩ )

**بوارەکانی هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی خوێندن :**

ئیش و کاری هەڵسەنگاندنی پرۆگرامی خوێندن بە شێوە سەرەکییەکەی لەسەر پێکهاتە سەرەکییەکانی پرۆگرامە و ئەوەی پەیوەندی پێیەوە هەیە وەك پرۆگرامەکانی ڕاهێنانی مامۆستا و ڕابەر و ئاڕاستەکەرەکان ...... هتد.

لە دیارترین ئەم بوارانە ئەمانەن:

1. هەڵسەنگاندنی ئامانجەکان لە ڕووی گونجاوبوونیانەوە لەگەڵ فیرخوازو قۆناغەکانی فێرکاری و بابەتەکانی خوێندن و رادەی پەیوەندییان لەگەڵ کۆمەڵگای فێرخوازدا.
2. هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکەکانی پرۆگرامی خوێندن لە ڕووی گونجاوبوونیان بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکان یان گونجاوبوونیان لەگەڵ فێرخواز، یان شێوەی ڕێکخستنی یان یەك بەدوای یەکییان و گوێرەی بەستنەوەیەیان لەگەڵ ڕەگەزەکانی پرۆگرامەکانی خوێندندا.
3. هەڵسەنگاندنی ڕێگای وانەوتنەوە لە ڕووی گونجاوبوونی لەگەڵ ناوەڕۆک و فێرخوازەکان، هەتا چ رادەیەك گەشە بەڕێگاکانی بیرکردنەوە دەدات، بەگوێرەی ڕەچاوکردنی جیاوازیی تاکایەتییان.
4. هەڵسەنگاندنی چالاکییە فێرکارییەکان و هونەرییە(technic) پەروەردەییەکان لە ڕووی گونجاوبوونی ئەم هۆیانەوە لەگەڵ ئامانجە پەروەردەییەکان و فێرخواز و بابەتی خوێندن و ڕێگاکانی وانە وتنەوە . ( زایر و آخرون،٢٠١٤، ص ٢٠٢)

هەروەها پرۆسەی فێرکردن متمانە لەسەر کۆمەڵێک پاڵپشت دەکات و پەرتووکی خوێندن یەکێکە لەم پاڵپشتانە، چۆنکە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە پرۆسەی فێرکردندا، و بەشێوەیەکی گشتی بە گرنگترین هۆ دادەنرێت لەکاتی فێرکردنی فێرخوازاندا، کە خۆی هۆکارە سەرەکییەکەی پرۆسەی فێرکردنە، واتا ئەو دەفرەی کە فێرخواز لەکاتی

فێربوونیدا زانیاریەکانی لێ وەردەگرێت ، هەروەها ئەگەر پەرتووکی خوێندن لەسەر بنەمایەکی پەروەردەیی دامەزرا لەگەڵ ناوەرۆکێکی بەسوود و بە بێخەوش بە شێوەیەکی ڕێک وپێك و جوان و داڕێژرا بە شێوازێکی ئاسان خوێندرایەوە، ئەو کاتە دەبێت بە یارمەتیدەر بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکانی پرۆگرامی خوێندن، چونکە خۆی نەك تەنها کەرەستەیەکە بەکار دەهێنرێت بۆ فێرکردن بەڵام خۆی چەقی فێرکردنە و لە گرنگترین هۆیەکانی جێبەجێکردنی پرۆگرامی خوێندنە، خۆی وێنەی ڕەنگدانەوەی ئامانجە پەروەردەییەکانە و ناوەڕۆکە سەرەکییەکەی پرۆگرام و ستراتیژیەتە بیداغۆجییەکانە(Pedagogy)، هەموو فێرخواز و خێزانەکانیان دەیبینن و هەروەها هەموو کۆمەڵگا بەگشتی.(عرابي، ٢٠١٩، ص١٠)

## پەرتووکی خوێندنگە

### ئەرکەکانی پەرتووکی خوێندنگە:

جگە لە پێشێتیی پەرتووکی خوێندنگە نێوانی هۆیەکانی فێرکردن، بەڵکۆ چەند کارێکی تری هەیە ئەوی ڕەنگدانەوەی زۆر گرنگیی ئەم هۆیانە دەخاتە ڕوو، ئەم ئیش و کارانە ئەمانەی خوارەوەن:

ـ سەرچاوەیەکی سەرەکییە بۆ فێرخوازان کاتی بەدواداچوونی بابەتە بڕیاردراوەکانیان .

ـ بەسەرپەرشتیارە سەرەکییەکەی مامۆستایانە بۆ پێکهێنانی وانەکان، و دیارکردنی ڕێگای وانەوتنەوە ئەوەی دەبێ بەکاری بهێنێت کاتی فێرکردن، چونکە کاریگەریی ڕاستەوخۆی هەیە بە ئەنجامدانی وانەدا.

ـ یارمەتی فێرخوازان بۆ وەرگرتنی زانیاری و ئاسانکردنی ڕاستەقینەکان لایان دەدات.

ـ لەگەڵبوونی سیستەمی تاقیکردنەوە زاڵەکان، چونکە یارمەتی فێرخواز دەدات ماوەی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوە.

هەروها شان بە شانی ئەم ئیشو کارانە، پسپۆرانی ئەم بوارە دەبینن کە پەرتووکی خویندن گەشەی لێهاتووەکانی خوێندنەوە پشکێنەرەکان و بیرکردنەوەی ڕەخنەیی دەکات، جگە لە هۆیە فێرکارییەکان ئەوەی بەستنەوەیان هەیە لەگەڵ پرۆگرام و بابەتی خوێندن.

ئەم کارە تەواو نابێت لە سنووری ئەم ئیش کارە بیداغۆجییانە، بەڵام ئەم بوارە گرنگە لە لایەنی بیداغۆجییەوە بایەخدارە، بەرانبەری گرنگییەکی گەورەتر دەوستێت لەبواری پەروەردە و ڕۆشنبیری کە دەگەیەنێتە توانای سوودلێیوەرگرتنی پەروەردە و ڕۆشنبیری، هەتا بتوانین سوودلێوەربگرین و بەجێهێنانی ئاماجێکی زیاتر لەم بوارانەدا. ( الجيلالي و لوحيدي،٢٠١٤،ص١٩٨- ٢٠٠)

لەبەر ئەم خاڵانەی کە ڕوون کراون چەند پیشەیەك بۆ پەرتووکی خوێندن دیاردەدات کە ئەمانن:

ا- **پیشەی پێیگەیاندن :** ئەم بابەتە بە هەڵبژاردنی زانیارەکان خۆی دەنوێنێت بۆ پرۆگرام و بابەتێکی دیاریکراو بۆ پەرتووکێکی دیاریکراو، ئەنجامی وەرگرتنی ئەم کارە پلە بەپلە دێت بەهۆی ئەنجامدانی زانیاری چند ساڵێکی یەك لەدوای یەك، دەبێت ئەم زانیاریانە ئاسانکاری و بێژانەوەیان بۆ بکرێت هەتا لای فێرخوازان ئاسان و بەسوود بێت، جگە لەوەیش پەرتووکی خوێندن پێشکەشی زانیاریەکانیان بکرێت لەسەر فەلسەفە زانیارییەکی دیاریکراوو لەچوارچێوەی مێژوویی سنووردار و پێوەرە زمانەوانییەکی هەڵبژێردراودا، ئەم تایبەتمەندییانە دەیگەیەنێتە سوودوەرگرتن لە پەرتووکەکە تەنها لە ماوەیەکی دیاریکراودا نەك لە هەمان ماوەدا، لەگەڵ ڕەچاوکردنی گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ڕامیاری و ئابوورییەکاندا لەکاتی ئەنجامدانی پەرتووکەکە. (منصف، ٢٠٠٧، ص١٨)

ب - **پیشەی پێکهاتەیی:** پەرتووکی خوێندن پێشنیازێك دەدات بۆ بەش بەش کردن و یەك لەدوای یەکی یەکە فێرکارییەکان لەکاتی وەرگرتنی زانیارییەکانیاندا، بەم کارە کە شێوەیەکی بێداغۆجی پێکهێنان و ڕێککردنەوەی فێرکردن دەکات، بەپێی ئاستی زانیاری و بیروهۆشی فێرخوازەکان، ئەمانەی خوارەوە چەند ڕێگایەکن:-

**ـ لە ڕێگای تاقیکردنەوە زانیارییەکانی فێرخوازان هەتا بیردۆزە زانیارییەکان.**

**ـ لە ڕاهاتنە بەجێکراوەکان هەتا ئامادەکردنە زارەکییەکان .**

**ـ لە خستنەڕوو بابەت هەتا نموونە و وێنە ڕوونکەرەکان.**

**ـ لە نموونە و وێنە ڕوونکەرەکان هەتا تێبینی و شیکردنەوەکان.**

پ ـ **ئیش و کاری ئاراستە کردن** : پەرتووکی خوێندن ڕۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ ئاراستە کردنی فێرکردنی فێرخوازان لە کاتی پرۆسەی وەرگرتن و دەسکەوتندا، جگە بە ڕاهاتن لە زانیارە دەسکەوتەکان بە چەند ڕێگایەکی جۆراوجۆر بەهۆی کۆنترۆڵکردن لەسەر زانیارەکانی تایبەت بە فێرخوازان، ئەویش بەکارهێنانی یەکێك لەم ڕێگانەیە :

- دووبارە کردنەوە و لەبەرکردنی زانیاریەکان و لاسایی کردنەوەی نموونەکان.

- چالاکی زۆر فراوان و داهێنان بۆ فیرخواز، ئەوەی یارمەتی دەدات بۆ بە کارهێنانی زانیاری و تێبینییە تایبەتمەندییەکانی خۆی.

لە لایەکی ترەوە پەرتووکی خوێندن لەسەر بۆچوونێکی دیارکراو بۆ پەیوەندی کردن دەردەبڕێت بە پەیوەندی کردن لە نێوان مامۆستایان و فێرخوازان و ژینگەی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری فێرخوازاندا.(الجيلای ولوحيدي،٢٠١٤، ص٢٠١ )

## گرنگی پەرتووکی خوێندنگە:

شاراوە نییە لە لای هەموو مامۆستایان ئەو شوێنە گەورەیەی کە پەرتووکی خوێندن دەگرێت لەنێوان ژینگەی قوتابخانەکان، چونکە لە پێناوی زۆر لە ئیش و کاری فێرکردن ئەنجام دەدرێت، بەڵکۆ هەموو ناوەڕۆکی ئامانجە جیاوازەکانی پەروەردە بە گشت ڕەهەندەکانیەوە ئەنجام دەدرێت، لەگەڵ هەڵسەنگاندنیاندا بە هەڵسەنگاندنە جۆراوجۆرەکان، کە هەر وانەیەك بە پێی ئەو ڕەوشت و جۆرەی هەیانە بەجێ دەهێنرێت و سوود لەم هەڵسەنگاندنانە وەردەگرێت. (منصف ، ٢٠٠٧، ص ٢٣٣- ٢٣٤)

گرنگی پەرتووکی خوێندن لە پرۆسەی فێرکردندا دیار دەدات چونکە دەفری ناوەڕۆکی بابەتە فێرکارییەکان لەخۆ دەگرێت، کە گرنگترین هۆیە بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکانی پرۆگرامی خوێندن، لەگەڵ کارە سەرەکییەکەیدا، ئەوەی بە هۆی و ڕۆلی کاریگەریەوە بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی فێربوون خۆي دەنوێنێت، لەسەر ئەم بنەمایە پەرتووکی خوێندن چەقی پرۆژەی پەروەردەییە، کاتێك مامۆستایان بە کاری دەهێنن بە ئیش و کاری فێرکردن و مامۆستایان پەنای پێ دەبەن بە وەرگرتنی زۆر لە زانیاریەکانیان، لەبەر ئەوە کارتێکرنێکی گەورەی هەیە لە پرۆسەی فێرکردن و خاوەن کاریگەرییەکی گەورەی هەیە بۆ پێکهێنانی بۆچوونی فێرخوازان و بیرو باوەرەکانیان و ئارەزوو و توناکانیان، کە هەموو ئەم تایبەتمەندییە گرنگانە پەرتووکی خوێندن لەخۆی دەگرێت، بوو بە گرنگترین ئامرازلە ئامرازەکانی فێرکردندا. (طويری، ٢٠١٧، ص٨٠)

هەروەها پەرتووکی خوێندن تەنها هۆیەك لە هۆیەکانی فێربوون نییە، بەڵام خۆی بە گرنگترین هۆیەکانی فێربوون دادەنرێت . پەرتووکی خوێندن هەر چەندە خۆی بە یەکەم بنەما لە پرۆسەی فێربوون و فێرکردن دادەنرێت ، بەڵام خۆی هەتا ئەمڕۆ هۆکارە سەرەکییەکەی پرۆسەی فێرکردنە، چونکە مامۆستا بەکاری دەهێنێت کاتی نەخشە کێشانی وانەوتنەوە پێش ئەوەی دەست بکات بەئەنجامدانی وانەکەی و لە پێناوی ئەنجامی پرۆسەی بەجێهێنانی وانەکەیدا، بەڵکو بە هۆیەوە سەرنجدانی

فێرخوازەکانی دەوروژێنێت هەتا  لە بابەتی وانەکە تێبگەن ، جگە لە دەوڵەمندکردنی زانیارەکانیان. ( قنوع ،٢٠١٣، ص١١)

بەم شێوەیە پەرتووکی خوێندن بە ڕەگەزێکی سەرەکی لە پرۆسەی فیرکردندا دادەندرێت، و ناتوانرێت وازی لێی بهێنرێت. جگە لەوەش هەر چەندە خۆی بەتەنها ناتوانێت ئەنجامی هەموو ئیش و کارە فێرکارییەکان بدات بەبێ ئەوەی چەند کۆمەڵێك لە مەرج و تایبەتمەندی دیاریکراو لە خۆی بگرێت کە ئەمانەن:-

**1 - ڕۆڵی پەرتووکی خوێندنگە لە ڕێبازی هەڵسەنگاندنی دیاریکراودا:**

هەر چەندە پەرتووکی خوێندن بەسەرچاوەیەکی سەرەکی دادەنرێت، لەکاتی دابینکردنی مامۆستایان بە کۆمەڵێك لە زانیارە سەرەکییەکان، ئەوی ڕوونی پرۆگرامی فێرکردن بۆ فێرکردنی فێرخوازان لە ساڵی خوێندنەوە دەردەخات، بەڵام ڕێبازی هەڵسەنگاندنی دیاریکراوانە پەیوەستە وا لە مامۆستایان دەکات نرخاندن بکەن بۆ بابەتە فێرکارییەکە و چالاکیە فیرکارییەکان، ئەوەی پەرتووکی خوێندن لە خۆي دەگرێت، جگە لەوە دەبێت هەڵسەنگاندنی لایەنە لاوازەکان و کەم و کورتییەکانی پەرتووکەکە ئەنجام بدرێت، وەکو هەڵە زانستییەکان و هەڵەکانی کاتی چاپکردن و کەمی بابەتەکان لە یەکەکانیاندا یان تێکەڵبوونی یەکەکان لەگەڵ یەکتریدا .

دەبێ بەکاری شیکردنەوە و نرخاندن بهێنرێت کاتی بڕیاردان بە بڕیارێك تایبەتە بۆ بەکارهێنانی پەرتووکێك وڕازیبوونی پسپۆران بۆ بڵاوبوونەوەیی.

و ئەم هۆیە ڕێدەدات بۆ توێژەر کاتی بڕیاردان لەم دۆخانە:

- هەڵبژاردنی پەرتووکێک لە نیوانی کۆمەڵێك لە پەرتووك .
- پشتپێبەستن و سلماندن لەسەر بەکارهێنان و دەستاودەستکردنی.
- ئاراستەکردن و چاککردنەوەی پەرتووکە پەیڕەوکراوەکە بە بەڵگەی پێویست.
- دڵنیابوون لە دروستی و پتەویی پەرتووکەکە لە سیستەمی پەروەردەیی. ( فرح ،٢٠٠٧، ص٣٤٣)

**گرنگی پەرتووکی خوێندنگە بە چەند خاڵێک دیاری دەکرێت:**

- پەرتووکی خوێندن کۆمەڵێك لە ڕاستەقینە و زانیارییەکان پێشکەش دەکات ئەوەی یارمەتی فێرخوازان دەدات بۆ کۆکردنەوەی زانیاری و شارەزاییەکان بۆ یارمەتیدانیان بۆ تێگەیشتنی بابەتەکانی دیکەی بڕۆگرامی خوێندن.
- زانیارییەکان پێشکەش دەکات بە شێوەیەکی گونجاو لەگەڵ ئاستی فێرخوازاندا، چونکە بە ئاسانی زانیارەکان نزیك دەکاتەوە و دەیانخاتە ڕوو بەشێوەیەکی سەرنج ڕاکێش،

بەڵكۆ خۆی سەرچاوە سەرەكییەكەی پرۆگرامی خوێندنگەیە ، ئەوی فێرخوازان زانیارەكانیاني لێ وەردەگرن.

- پەرتووكی خوێندن تواناكانی خوێندنەوەی فێرخوازان گەشە پێدەدرێت.
- ئاسان كاری بۆ ئامادە كردنی وانەكان دەكات بۆ مامۆستا، چونكە ئامادەیی دەكات بەگوێرەی زانیاریە بەڵگەدارەكان بۆ پێشكەشكردن لەكاتی وانەوتنەوەدا.
- پەرتووكی خوێندن بە هۆیەكی ئابووری دادەنرێت، چونكە زۆرلەزانیاریەكان بۆ مامۆستا ئامادە دەكات. (عبد الحق،٢٠٠٨، ص١٦٤)
- پەرتووكی خوێندن هۆیەكی گرنگە بۆ خستنە ڕووی چەمك و ڕاستەقینە گشتییەكان لە بواری هەر بابەتێك لە بابەتەكانی خوێندندا.
- پەرتووكی خوێندن بە ئاسانی بۆتە تەواوكەری هۆیە فێركارییەكانی دیكە ئەوەی پەیوەندی هەیە بە فێركردنەوە، چونكە دژی هۆیەكانی فێركردن ناوەستێت، دەتوانین بڵێین هەموویان تەواوكەری یەكترین بۆ گەیشتنی ئامانجە فێركارییەكان.
(عمر،١٩٨٠، ص٢٥ـ ٣٩)
- پەرتووكی خوێندن ئامێرێكی نەرم و نۆڵە، دەبێت بەكار بهێنرێت لە ناو پۆلدا و لە فێركردنی تاك و كۆمەڵدا، بەئاسانی دەتوانین وڵامدانەوەی گۆڕانكراوە بە پەلە كراوەكان وئەوەی لەسەر زانیاریەكان و ئەوەی لە نێوان پەرتووكی خوێندندایە بكەین، چونكە گۆڕانكاري كردن لەسەر زانیاریەكانی پەرتووكی خوێندن ئاسانە بەشێوەیەك كە لەگەڵ گۆڕانكراوە پێویستەكاندا بگونجێت.
- پەرتووكی خوێندن بیمەی یەكگرتن و یەك لە دوای یەكی ناوەڕۆكە، و پرۆسەی فێركردني یەك لە دوای یەكی پەرتووكی خوێندنی فەرمی بۆ فێرخوازانی قۆناغێكی دیاركراو ئامادە دەكات.
- پەیوەندی بە پێشكەشكردنی زانیارە ئامادە كراوەكانەوە دەكات بۆ سیستەمە فێركارییەكان، وەك فەلسەفە و ئامانجەكان و یەك لە دوای یەك و ڕێگاكان، بەڵكۆ بە ئامادەكردنیان بۆ مامۆستا كاتی پەیڕەوكردن و بەكارهێنانی پەرتووكی خوێندن.
(ألعيساوي وآخرون، ٢٠١٢، ص١٢٩)
- پەرتووكی خوێندن ئامادەی هەڵسەنگاندنێكی بەپەلە دەكات بەگوێرەی گەشانەوەی فیرخوازان لە پرۆگرامی خوێندندا، ئەوەش لەسەر گوێرەی وەرگرتنی زانیارەكانە لە بابەتەكانی پەرتووكەكەدا.
- پەرتووكی خوێندن ئامێرێكە ڕازیبوونی لە لای مامۆستا و فێرخوازەوە هەیە.
- كاتی دەستاودەستكردنیان ئاسانە، لەگەڵ هەڵگرتن و گواستنەوەیی. (ألزويني وآخرون، ٢٠١١، ص١١٣)

- سەرچاوەیەکی ئاسانە بۆ گەیشتن بۆ زانیارەکان.
- بە هۆیی تاکایەتیی تاك گەشەدەسێنێت، چۆنکە پێوەرێکە بۆ پەرەسەندنی بیر و ڕۆشنبیریی نەتەوەکانە.

پەرتووکی خوێندن نیشانەی نە خوێنەواری دەسڕێت، و بە هۆیی مرۆڤ دەتوانێت بەردەوامی هاوەڵێتیی گۆرانکراوەکانی جیهان بکات. (ألعفون وفاطمة، ۲۰۱۸، ص۲۲۳)

- پەرتووکی خوێندن وەك كۆگەیەکە بۆ زانیارەکان.
- پەرتووکی خوێندن ئامانجەگشتی و تایبەتییەکانی پرۆسەی پەروەردە بەجێدەهێنێت، بەڵکۆ ئاستی بێرکردنەوە و ماوەی دانانی ڕەچاوی تەمەنی فێرخوازان بکرێت. (صالح وداخل، ۲۰۱۸، ص۹)

**پێوەرەکانی هەڵبژاردنی پەرتووکی خوێندنگە:**

دەبێ پەسەندییەکی تایبەت ئامادە بێت لە پەرتووکە خواستراوەکە، و لەسەر ئەم پەسەندییانە پەرتووکێك هەڵبژێرین لە نێوانی پەرتووکە پێشنیازکراوەکان.

چەند ڕێبازێك هەیە لە پێوەرەکانی هەڵبژاردنی پەرتووکی خوێندن، وەکو:-

- **ڕێبازی پێوەر:** بریتییە لە دیارکردنی پێوەرێکی هەڵبێژراو، کە مەرجە بۆ ئەنجامدانی پەرتووکی خوێندن، وەك پێوەری زانستی( فیزیك، ماتماتیك، زانستەکان) یان پێوەری زنجیرەی مێژووی وەك پەرتووکە مێژووییەکان،

- **پێوەری یەك لە دوای یەك :** ئەوەی پەرتووکە زمانییەکان بە هەموو بابەتەکانی و ماتماتیکییەکان و .... هتد.

- **پێوەری ئەنجامی ڕاپرسییەکان :** لەم ڕێبازەدا بەڕاپرسێکی تایبەت دادەنرێت و بەش دەکرێت بۆ پسپۆرەکانی فێرکردن( سەرپەرشتەکان، بەڕێوەبەرەکان) و پێشنیازێکی گونجاو دەدرێت لەسەر بینینی ئەم پسپۆرانە، هەر کەسێك بەگوێرەی ئاست و ئەرکی ماوەی دانانی پەرتووکەکە، دوای ئەوە دەست دەکرێت بە شیکاري کردنی ئەنجامەکانی ڕاپرسییەکە و بە پێی پەرتووکەکە بە جێ دەهێنرێت، لەگەڵ ڕەچاوکردنی مەبەست و ئامانجەکاندا.(ألعیساوی و آخرون.۲۰۱۲، ص۱۳٤ـ ۱۳٥)

- **پێوەری هاوسەنگ کردن :** لەم جۆرەدا کۆمەڵێك لە پێوەری تایبەت بە دەرهێنان بەکاردەهێنرێت، دوای ئەوە نیشانەیەك دەدرێت بەهەر جۆرێك لەم جۆرە پێوەرە پێویستانە ، دوای ئەوەی کۆی ئەنجامەکان دەکرێت و ئەنجامەکان لەسەر ئەم بنەمایە دادەنرێت لە ڕووی ( ناوەڕۆك و دەرهێنان)ەوە، لێرەدا تۆڕگەیەکی دیاریکراو بۆ

هەڵسەنگاندن تەنها پەرتووكی خوێندن نییە، بەڵام چەند نموونەیەكی جۆراوجۆر بۆ هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆكی پەرتووكی خوێندن هەیە و هەر یەكێك لێیان تایبەتمەندی خۆی هەیە، جگە لە هەڵسەنگاندنی وێنە ڕوونكەرەكان لە ڕووی ڕوونی و جوانی ڕەنگەكان و گونجاوییان لەگەڵ بابەتەكە و كاریگەرییان لە بیرو هۆشی فێرخوازاندا دیاربدات، دەشێ بابەتەكانی پەرتووكی خوێندن هەڵدەسەنگێندرێت لە ڕووی گونجاندنیان لەگەڵ ئاستی فێرخوزان و بەجێهێنانی ئامانجە پەروەردەییەكان و گونجاندنیان لەگەڵ یەكتریدا و بەگوێرەی بەجێهێنانی هۆكارە دانراوەكان ئەوەی نەخشەیە بۆیان و بەگوێرەی كارتێكردنیان لە سەرنجڕاكێشاني بیرو هۆشی فێرخوازان و لەگەڵ زانستی ڕاستەتەقینەیی و وڕازندنەوەی یەك بە دوای یەكیاندا.

دەبێت ڕاهاتنی هەڵسەنگاندنەكان بكرێت لەڕووی پەیوەندییان لە گەڵ ناوەڕۆكەكانی پەرتووكەكە و كاریگەری لە ڕووی پێكهاتنی بیركردنەوەی ژیری پرۆگرامدا و یەك لە دوای یەكی لە پلەی گرانی و ئاڵۆزبوونی و گرتنی لایەنەكانی گشت زانیارییەكان لە ڕووی بەجێهێنان و پەیوەندییەوە، لەگەڵ ناوەڕۆك و وتارەكان و لە ڕووی بونیادنانی بیركردنەوەی ژیریەوە، یەك لە دوای یەكییان لە پلەی ئاڵۆزی و گشتگیری لایەنی زانیاریە گشتییەكان و لە بەجێهێنان و شیكاركردن و پێكهێنان و هەڵسەنگاندندا، ئینجا بەجێهێنانی لایەنی لێهاتووییان. (طویري، ٢٠١٧، ص٨٢ ـ ٨٣)

**تایبەتمەندییەكانی پەرتووكی خوێندنی چاك : ـ**

وەزارەتی پەروەردە و فێركردن دیاریكراوەكانی شێوەی پەرتووكی خوێندن دادەنێت، هەتا پێكهێنەرەكانی پەرتووكی خوێندن پەیڕەوی بكەن، و ئەم دیاریكراوانە چەند دیاركراوێكی گەشتی و تایبەتی بۆ هەر بابەتێك دیاری دەكات، لە ڕووی زمانی پەرتووكەكە و بابەتە زانستییەكە و شێوە ڕوونكەرەوەكان و دەرهێنانی پەرتووكەكە، و لە گرنگترین ئەم دیاریكراوەكانە چەند خاڵێك دیاری دەكەین كە ئەمانن:

- ❖ دەبێ تایبەتیی پەرتووكەكان لە ژینگەی فێرخواز و زانیاریی ژیان و لێهاتووەكانیان بێت، ئەوەی لەگەڵ ئارەزوو و پێویستەكانی ئاستەكانیانیان گونجاوبن.
- ❖ زیادكردنەنەوە وێنە و نیگارەكان بە هۆی زیادبوونەوەی سوودوەرگرتن لە بابەتەكان.
- ❖ دەبێ جۆری لاپەڕەكانی پەرتووكی خوێندن باش بێت، بەشێوەیەک كێشەی بەكارهێنانی فێرخوازان بگرێتە ئەستو، و بەرگی پەرتووكەكە ئەستوور و نەرم و رنگاوڕەنگ و بەشیوەیەكی جوان بێت.

- ❖ دەبێ ماوەی بەجێهێنانی پەرتووکی خوێندن، گیانی پەروەدەی نەتەوەیی ڕاست لە خۆ بگرێت، جگە لە ناشتنی گیانی نەتەوەیی و بڵاوکردنەوەی بیرۆکەی دوستی نێوانی کۆمەڵگاکان.(منصف، ٢٠٠٧، ص٢٥٣ـ ٢٥٤ )
- ❖ ڕەچاوکردنی یەك لە دوای یەکی گونجاو لەگەڵ وزەی فێرخوازان بکرێت، ئەمەش دەگەیەنێت بە بیرێک کە فیرخواز سوود لێی وەردەگرێت.
- ❖ ماوەی چاپکردنی دەبێ بەشێوەیەکی جوان و هیچ کەم و کورتییەك تییا نبێت، و پیتەکان پێکهێنراون بە شێوەیەکی ڕاست لە نێوانی بابەتەکانی پەرتووکە .
- ❖ دەبێ کاتی داهێنای پەرتووکی خوێندن، پسپۆرانی بواری پەروەردە پەیوەندی بە پێکهێنانی بکەن.
- ❖ دەبێ پەرتووکی خوێندن دابنرێت بە قاڵبێك هانی فێرخوازان دەدات بۆ بیرکردن وگفتوگۆکردن و ڕەخنەکردن.
- ❖ دەبێ پێکهێنەرەکانی پەرتووکی خوێندن پەیمان ببەستن بۆ بە سپاردنی گواستنەوە و دەربڕینی ناوەڕۆکی پەرتووکی خوێندن ئەوەی ڕاستەقینەکان لەخۆ دەگرێت.
- ❖ ڕەچاوکردنی تەمەنی فێرخوازان و شێوەی تاکایەتی نێوانیان و ڕەچاوکردنی یەك لە دوای یەک ماوەی خستنە رووی بابەتە فێرکارییەکە.
- ❖ دەبێ بەستنەوەیەك هەبێت نێوانی ناوەڕۆك و ڕاستەقینیی ژیانی کۆمەڵایەتییەوە.
- ❖ دەبێ ڕەچاوی ڕێکخستنێکی چاك لە پەرتووکەکە بکرێت، لەگەڵ بەچێهێنانی بۆچوونی یەکگرتنی زانیارییە فێرکارییەکان و بەرەوپێشچوونیان.
- ❖ دەبێ ڕێکی ناونیشانە سەرەکی و لاوەکییەکان بکرێت بەشێوەیەك ڕوونیان بکات و دەبێ ناونیشانەکان ڕەنگاوڕەنگ بن.(ألقحطاني، ٢٠١٦، ص٤٣٢ـ ٤٣٤)

**متمانە لەسەر ئەم تایبەتمەندییانە دەتوانین پۆلینکردنی تایبەتمەندییەکانی پەرتووکی خوێندنگە بەم شێوەیە بکەین:**

**1 ـ لە ڕووی ناوەڕۆکەوە:**

ـ دەبێ ڕەچاوی گواستنەوە لە دیاریکراو بۆ دیاری نەکراو، و لە هەست پێکراو بۆ هەست پێ نەکراو، و لە ئاسان بۆ ئاڵۆز، و لەتاك بۆ گشت، کاتی ڕێکخستنی بابەتە فێرکارییەکان، ئەوەش پێی دەڵێن بە ڕێکخستنی ژیری( Legical) .

ـ دەبێ ڕەچاوی خستنەڕووی بابەتەکان بە پێی تواناکانی فێرخواز و ئامادەبوونیان و گوێرەی وەرگرتن و پێویست و سوودوەرگرتنیان لە بابەتەکان، ئەوەش پێی دەڵێن بە ڕێکخستنی دەروونی(Psycholegical).

- دەبێ ڕێکی ناوەڕۆکی پەرتووکەکان بکرێت بەشێوەیەك یارمەتیی گەشەپێدانی توانای فێرخوازان بۆ بەکارهێنای بیرکردنی زانستی بدات و لەگەڵ ئامادەکردنی کۆمەڵێك لە هەڵویستە زانستییەکان ئەوەی هانی بیر و تواناکانی فێرخوازان دەدات.

**2 ـ لە ڕووی ڕێگای خستنەڕووی بابەت:**

- دەبێ ڕێگای نمایشکردنی بابەت یارمەتیی فێرخوازان بدات بۆ وەرگرتنی زانیار و زانستەکان.

- دەبێ ڕەچاوی هەموو لایەنەکانی زانیاری بکات.

- دەبێ ڕەچاوی ڕێکخستنی چاك کاتی دانانی بابەتی خوێندن بکات.

- دەبێ بۆچوونی یەکگرتنی زانیارە فێرکارییەکان و بەردەوامییان(بوونیان) بکات. (طويري، ٢٠١٦ـ٢٠١٧،٨٥)

**3 ـ لە ڕووی دەرهێنان :**

ـ دەبێ نەخشەدانانی شێوەی هۆنەریی بەرگی پەرتووکی خوێندن بگونجێت لەگەڵ بابەتەکانی پەرتووکەکە، ئەم نەخشەدانانە سەرنجی فێرخوازن بکێشێت.

ـ دەبێ ناونیشانە سەرەکی و لاوەکییەکانی پەرتووکی خوێندن ڕێک بخرێت، باشترە ئەگەریش ناونیشانەکان ڕەنگاو ڕەنگ بن.

ـ دەبێ بەکاری ڕێبازە پراگماتییەکان بکرێت کاتی نمایشکردنی وێنە و نیگارەکانەوە، بەڵکۆ دەرببڕێت بە دەوروبەری جیهانی فێرخوازانەوە.(جبار، ٢٠١٩، ص٤٧٠ـ٤٧١)

**هەلسەنگاندنی پەرتووکی خوێندنگە**

**أ ـ چەمکی هەڵسەنگاندنی پەرتووکی خوێندنگە:**

وەکو پێشتر پێناسەمان کرد، هەڵسەنگاندن کۆمەڵێکی بەجێهێنانە، ئەوەی بە هۆیەوە دەتوانین کۆی زانیاریەکان بکەین، کە تایبەتن بە کەسێك یان پرۆژیەك یان دیاردەیەك یان بابەتێکی زانستی یان پەرتووکێکی دیاریکراو،کە توێژینەوەکە بە شێوەیەکی زانستیانە لەسەر ئەم زانیارانە بکوڵێتەوە بۆ دڵنیابوون لە رادەی بەجێهێنانی ئەو ئامانجانەی کە دیاریکراون، بە هۆی بڕیاردان لەسەر گونجاویان، یان چاککردنەوە، یان لادانی بابەتە هەڵسەنگێندراوەکە.

لەهەموو جۆرە هەڵسەنگاندنەكاندا بوارێكیان هەیە لەهەڵسەنگاندنی پەرتووكی خوێندندا، لەهەر بوارێك لە بوارەكانی هەڵسەنگاندنی پەرتووكی خوێندن ڕەفتار و ڕێبازێكی گونجاو هەیە كاتێ دەستكردن بە هەڵسەنگاندن.(قادر، ٢٠١٨، ص٧٥- ٨١)

گرنگترین بوارەكانی هەڵسەنگاندنی پەرتووك و توێژینەوە لە خوارەوەدا دەتوانین دیاری دەكات :

**1 - لە لایەنی دەرهێنانی پەرتووكی خوێندنگە :**

دەبێت ئامادە كردنی لیستەیەكی فراوان لە پێوەرەكان ئەوانەی دەبێت ڕەچاویان بكرێت كاتی دەرهێنانی باش لە پەرتووک و وێنەكانیدا، ئەم شێوە لیستانە ڕەگەزە گونجاو و ئامادە كراوەكان لەخۆیان دەگرن، كە لە ژێر هەر یەكێك لەمانەدا چەند پێوەرێكی ورد بەكار بهێنرێن هەتا كاتی هەڵسەنگاندن و هەڵبژاردن، لەم ڕەگەزانەی خوارەوەدا دیاری بكرێت:

أ - بەرگی پەرتووك.

ب - بەرگتێكردن.

پ - چاپكردن.

ج - جۆری كاغەز.

چ - وێنە و نیگارە ڕوونكەرەكان.

ح - پێڕست و لێستەكان.

ر - ناونیشانە ناوەكییەكان .

ڕ - شێوەی ڕێكخستنی لاپەڕەكان. ( ألزوینی و آخرون، ٢٠١٣، ص١١٤)

**2- لایەنی زمانی پەرتووكی خوێندنگە:**

هەڵسەنگاندنی زمانی پەرتووك ئەنجام دەدرێت لەبەكارهێنانی جۆرێك لە توێژینەوە كە پێی دەڵێن: توێژینەوەی خوێندراو(Systematic research)، دەتوانین بەگوێرەی ئاسانی و گرانی بابەتی خوێندن بەراوردی بكەین و بەهۆی ئەم بابەتەوە پسپۆران كۆمەڵێك لە هاوكێشەی ماتماتیكییان دانا، كە بە هەموو زمانەكانی جیهان بەكار دەهێنرێن بۆ پێوەركردنی گوێرەی ئاسانی بابەتە فێركارییەكە، وە بەزمانێكی پاراو داڕشتنیان بۆ كرد كە بگونجێت لەگەڵ هەموو ئاستی ئەوانەی بەكاری دەهێنن.

**3 ـ لەڕووی بابەتی زانستیەوە:**

دەبێت ئامادەی لیستەیەك بۆ پێوەرەكان بكرێت، بەهۆی ڕەچاوكردنی كاتی ئامادە كردنی بابەتە زانستییەكە و ئەوەی پەرتووكەكە پێشكەشی دەكات، چونكە بنەمای هەڵبژاردن و چۆنایەتیی ڕێكخستنی بابەتەكان هەردوو تەوەرە سەرەكییەكانی هەڵسەنگاندنی بابەتی زانستییەوە.(عاتيقة، ٢٠١٤، ص٦٢)

**4 ـ لەڕووی كارتێكەری پەرتووكەكە:**

ئامانجی دانانی پەرتووكی زمان و ئەدەبی كوردی بە دوو شت دیاری دەدات: وەرگرتنی فێرخوازان و لێهاتووە دیاریكراوەكانی فێربوونی زمان و ئەدەبی كوردی و ناساندنیان بە ڕۆشنبیری و ئەدەبی و مێژووی نەتەوەی كورد، بە پێی ڕەهەندەكانی گەشە پێدانی بەردەوام، ئەوەی دیار دەدات بەپێی نیشان كەرانی ڕاپرسییەكان و شیكردنەوەی ئامانجەكانی ئەم ڕاپرسییانە. (رحمت، ٢٠١٣، ص٣٧)

**5 ـ لەڕووی هۆكارە فێركردنەكانی دیكەوە لەگەڵ پەرتووكی خوێندندا:**

دەبێت لیستەیەكی تایبەت ئامادە بكەین بۆ هەڵسەنگاندنی هەر جۆرێك لە جۆرەكانی برۆگرامە فێركارییەكە، ئەوەی لەگەڵ پەرتووكەكەدایە، وەك كاسێتی تۆماركراو، هۆكارە ئەلیكترۆنییەكان و فیلمەكان، تاقیكردنەوە لەگەڵبووەكان، پەرتووكی ڕابەر(ئەوەی ڕابەری مامۆستاكانە)و نامیلكەی ڕاهێنانەكان و پەرتووكە سەربارەكانی خوێندن، یادنامەكان، هۆیەكانی فێركردن و ئەوەی گونجاوە لەگەڵ پەرتووكەكەدا، نموونە ڕاستەقینەكانی ڕۆشنبیری، ئەوەی زانیاریەكانی لێ وەرگێراوە، لیستەی سەرچاوەكان و پەرتووكەكانی خوێندن ، پەرتووكی هۆنراوەكان و گۆرانی و سروودەكان، فەرهەنگە سادەكان و پەرتووكی ڕابەر بۆ گفتوگۆكان .... هتد

**ب ـ ڕەگەزەكانی هەڵسەنگاندنی پەرتووكی خوێندنگە:**

چەند ڕەگەزێكی سەرەكی هەیە ئەوەی هۆی هەڵسەنگاندن لە خۆی دەگرێت، لەگەڵ هەوڵدانێك بۆ پێناسە و دیاركردنی سنوورەكانی:

**1 ـ دەرهێنانی پەرتووكی خوێندنگە :** مەبەست لە شێوەی شیكاری پەرتووكەكەیە، لە ڕووی چاپكردن یان ڕێكخستنی بەشێوەی گشتی یان هۆیەكانی فێركردن، ئەوەی بەكار دەهێنرێن و كاتی ئامادە بوونی بۆ چاپكردن.

**2 - بنەماکانی ئامادە کردنی پەرتووك:** بەوە دەوترێت کاتێك پێناسەی قۆناغەکانی پێش دەرهێنانی پەرتووکەکە بکرێت بەشێوە کۆتاییەکەی لەگەڵ توێژینەوەکان، ئەوەی سەرچاوەی توێژەرەکانە، جگە لە دەرهاتووەکان، ئەوی توێژەران متمانەی لەسەر دەکەن.

**3 - ناوەڕۆکی پەرتووك:** بە شیکارییەکانی زمان و ڕۆشنبیری دەوترێت، کە خوێندن پەرتوکەکە پێشکەش دەکات بۆ فێرخوازان، و کێشە سەرەکییەکان ئەوەی خەریکی بیری داهێنەرانەی پەرتووکەکە دەبێت، بە هەڵبژاردنی ناوەڕۆك و چۆنیەتی ڕێکخستنی لەگەڵ یەکتریدا، و ڕەگەزەکانی ناوەڕۆك کە پەرتووکەکە لە پارچەکان و بەیەکەوە بەستراوەکان و فێربوونی ڕێزمان و جۆری زمان و ناوەڕۆکە ڕۆشنبیرییەکان پێك دێنێت.

**4 - لێهاتووە زمانییەکان:** مەبەستیان بە لێهاتوویي گشتی و درێژە پێدراوەکانە، ئەوەی هیوای پەرتووکەکەیە کە فێرخوازان بەجێی بهێنن، لە ڕووی بیستن و ئاخاوتن و خوێندن وووسینەوە.

**5 - ڕێگای وانەوتنەوە :** بەوە دەوترێت کە بە ڕێگای وانەوتنەوە گونجاوەکان ئەوەی مامۆستایان پەیڕەوی دەکەن کاتی پێشکەشکردنی بابەتەکانی پەرتووکەکە و ڕەنگدانەوەی دیارە لەسەر هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی پەرتووکی خوێندن و چۆنیەتی ڕێکخستنی .

**6 - هۆیە یارمەتیدەرەکان، ئەوەی هاوەڵی پەرتووکی خوێندنە:** وەك ڕابەری مامۆستا و کاسێتە تۆمارکراوەکان و نامیلکەی ڕاهێنانەکان و هەر هۆیەکی دی کە مامۆستا پشتگیری لێی دەکات لەماوەی فێرکردندا. (الحاوري، ٢٠١٦، ٩١)

## گەشەپێدانی بەردەوام

**چەمکی گەشەپێدانی بەردەوام:**

لەم دوو دە ساڵە کۆتایی سەدەی(سەدەی بیستەم)ی ڕابوردوودا بابەتی گەشە پێدانی بەردەوام گرنگیی گەورەی پێی درا لە نێوانی جیهان و کۆمەڵگاکاندا کە زۆر دەستیان کرد بۆ بەکارهێنانی ئەم زاراوەیە لە ئەدەبیاتی گەشەپێدانی ئەو چەرخەدا، جونکە ڕێبازێکە جیاوازیی دیاردەدات کاتێك دەبێت بە ڕابەردوست و بیروهۆش پەرەست و کاتی پەیوندیکردنی لەگەڵ چالاکیە ئابووریەکان، ئەوەی ئامانجەکانیان گەشەسەندنە لە لایەك و پاراستنی ژینگە و دەستکەوتە سروشتیەکان لە لایەکی ترەوە.(غانم ، ٢٠١٣، ص٢)

گەشەپێدانی بەردەوام نموونەیەکی گشتگیرە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، کە دەرکەوت کاتی دیاری جۆرایەتی چەمکی گەشەپێدانی بەردەوامدا، لە ڕاپۆرتی بروتلاندا لەساڵی (١٩٧٨)بە: بەو گەشە پێدانەی پێویستەکانی داهاتوو ئامادە دەکات بەبێ کاریگەری لەسەر

توانای نەوەکانی ئایندەوە کاتی ئامادەکردنی پێویستییە تایبەتیەکان، گەشەپێدانی بەردەوام نموونەیەکە لە بیرکردنەوە دەربارەی ئاینده و ئەوەی ڕێز و بایەخ بە ژینگە و کۆمەڵگا و ئابووریەوە دەدات، لە ڕێگەی کۆشش بەرە و گەشەپێدان و چۆنیەتیی جاک کردنەوەیان.

( UNESCO,2009,p:1)

ئەم سێ بوارە (کۆمەڵگا، ژینگە، ئابووری) چوونە ناوەوەیەك لە نێوانیاندا هەیە، بۆ نموونە: دامەزراندنی کۆمەڵگایەکی گەش لەسەر ژینگەیەکی خاوەن تەندروستی باش بۆ پاشکەوتنی خوراك و دەستکەوتەکان و بیمەی ئاوی پاك و بەکەڵك بۆ خواردن و هەوای پوخت.(العسل، ٢٠٠٦ ، ص١٣)

توێژەر دەبینێت کە دەتوانین لەکرۆکی بۆچوونی گەشەپێدانی بەردەوام بدوێن بە کورتە ڕستەیەك، بەپەیوەندی کردنی داهاتوو لەگەڵ ئایندەوە بە سامان و دارایی ئەم زەوییە و چۆنیەتی پاراستنیان، لەهەموو لایەنەکانی ( کۆمەڵایەتی، ژینگەیی و ئابووری)ەوە، چونکە ئەگەر ئەم بۆچوونانە جێبەجێ بکرێت، ئێمە دادوەری کۆمەڵایەتی داهاتوو و ئایندەدا جێبەجێ دەکەین.

**مێژووی پەرەسەندنی چەمکی گەشە پێدانی بەردەوام:-**

پەرەسەندنی مێژووی گەشە پێدانی بەردەوام بەچەند قۆناغێك تێپەڕی کە ئەمانەن:

1 - ڕیشەی بیرکردنەوەی جیهان بە ژینگەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٥٠ ماوەی کۆمەڵەی یەکێتی نیشتمانی بۆ پاراستنی سروشت یەکەم ڕاپۆرت بڵاو دەکاتەوە دەربارەی ڕەوشی ژینگەی جیهان ولەو کاتەدا ئەم ڕاپۆرتە بوو بە یەکەمین ڕاپۆرت دانرا و داوای یەکسانی لە نێوان ئابووری و ژینگەدا دەکرد.(حجام و طري، ٢٠١٩، ص١٢١ )

2 - دوای ماوەیەك یۆنیسکۆ لە ساڵی ١٩٦٨ یەکەم کۆنفرانسی نێو دەوڵەتی ڕێکخست دەربارەی ژینگە و گەشە پێدان و بەهۆی ئەم کۆنفرانسەوە پرۆگرامێکی بەناوباگ بەناوی(( مرۆڤ و ژینگەی بنەڕەتی))پێکهێنرا.(ابوطیر، ٢٠١٠، ص٩٢ )

3 - لە ساڵی ١٩٧٢ نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوونەوەیەکیان ڕێکخست لە ستۆکهۆڵم دەربارەی ژینگە و مرۆڤایەتی، ئەوەش هەنگاوێك بوو بەرەو گرنگی دانی جیهان بە بابەتی ژینگەی بڵاو و ڕاگەیاندنێکیان دەرکرد دەربارەی هەژاری و گرنگی نەدان بە گەشە پێدان، کە ئەم دوو هۆکارە بە توندترین دوژمنی ژینگە دادەنرێن، ماوەیەك گفتوکۆیان کرد لەسەر کێشەکانی ژینگە و پەیوەندی بە ڕاستەقینەی هەژاری و کەم گرنگیدان بە گەشەپێدان لە جیهاندا و ڕەخنەی ئەو وڵاتانەی کە گرنگی نادەن بە ژینگە لەکاتی دەست پێکردنیان بەنەخشە کیشان لە بواری گەشەپێداندا، لەم کۆبوونەوەیەدا

نزیکەی (١١٢) وڵات لەگەڵ ژمارەیەکی گەورە لە ڕێکخراوە حکومی و نێودەوڵەتییەکان پەیوەندییان بەیەکەوە دەکرد. (H. gountar, 2012,p:2)

4 ـ یەکەم سەرهەڵدانی گەشەپێدانی بەردەوام دیاریدا لە بڕوانامەیەکی یەکێتی نیشتمانی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی ژینگە بە ناونیشانی (( ستراتیژیەتی جیهانی بۆ پاراستنی ژینگە)). بلاویان کردەوە لە ساڵی ١٩٨٧ پەخشنامە برۆتلاند بڵاوبووەوە لەسەر دەستی کۆمیتەی زانستی ژینگە و گەشەپێدان و ئاماژەی کرد کە گەشەپێدانی بەردەوام بە پرۆسەی ئامادەیی پێویستیەکانی داهاتوو بە بێ زەرەرلێدان لەپێوەستییە تایبەتییەکانی نەوەکانی ئایندە. (Paul, Claval,2006,p:5)

5 ـ لە ساڵی ١٩٨٩ز ڕاگەیاندنی کۆبوونەوەی نێودەڵەتی دانیشتوان بڕیارێکیان بە بەستنەوەی پرۆگرامی دانیشتوان لەگەڵ پرۆگرامەکانی تەندروستی و پەروەردە و نیشتەجێکردن دەرکرد بە پێوانە بۆ بەجێهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام.

6 ـ لە ساڵی ١٩٩٧ کۆبوونەوەی (کیتۆ) دەستی پێکرد و ئامانجە سەرەکییەکەی کەمکردنەوەی گازە گەرمەکان بوو.

7 ـ لە ساڵی ٢٠٠٠ کۆمەڵەی گەلانی یەکگرتوو بڕیارێکیان بڵاو کردەوە بۆ تێڕوانینی ژینگە کە لە ساڵی ١٩٨٧ بڕیاری لەسەر درابوو، دەستی کرد بەجێهێنانی لە ساڵی ٢٠٠٠ و دوای ئەم مێژووەیش، کە ئامانجە سەرەکییەکەی بەجێهێنانی گەشەپێدانی بەردەوامی ئابووری بوو، ئەوەی بە پێیی بواری ژینگە گەشە دەسێنێت، لە بەخشنامەی یەکەم پێناسەی گەشە پێدانی بەردەوام دیاریدا و لە پەخشنامەی کۆتایی کۆمیتەکەدا پەرتووکێکیان بلاو کردەوە بە ناونیشانی (( ئایندەی هاوبەش))، لەنێوانی گەورەترین پشتگیری بە بۆچوونی گەشەپێدانی بەردەوامدا دیاردا.(ألمندلاوي، ٢٠١٥، ص٢٩)

8 ـ لە ساڵی ٢٠٠٢ کۆبوونەوەی گشتی جیهانی بۆ گەشەپێدانی بەردەوام پێکهێنرا بەناوی (ریو+١٠) لە جۆهانسبێرگ لە باشووری ئەفریقیا و تیشکی خستە سەر گرنگیی گۆڕاندنی شێوازەکانی بەرهەمهێنان و خەرجکردن و گرنگی پاراستنی ژینگە و جۆراوجۆریی بایۆلۆجی و دەسکەوتە سروشتیەکان، و ئەم کۆبوونەوەیە، کۆبوونەیەکی گەورە بوو زیاتر لە (١٠٠) سەرۆك لە وڵاتەکانی جیهان و دەیان هەزار لە پسپۆڕانی بواری ژینگە و گەشەپێدان پەیوەندییان پێوە کرد، و ئامانجی کۆبوونەوەکە سەلماندن بوو لەسەر پەیمان بەستنی نێودەوڵەتی بۆ بەجێهێنانی گەشە پێدانی بەردەوامەوە. (p:17، United Nations،2002 )

9 ـ لە ساڵی ٢٠٠٦ یۆنسکۆ دەقی ڕاگەیاندنێکی بڵاو کردەوە دەبارەی فێرکردن بە هۆی گەشەپێدانی بەردەوام، و لەساڵی ٢٠٠٩ کۆبوونەوەی کۆنفراسی یۆنیسکۆی جیهانی لە

شاری بۆن لە ئەڵمانیا بەناونیشانی (کۆنفرانسی یۆنیسکۆی جیهانی بۆ فێرکردن بە هۆی گەشەپێدانی بەردەوام) وە و لە گرنگترین بۆچوونەکانی کۆنفراسەکە ئەوەی بڵاو کردەوە بانگەوازی بۆ دەکرد بەڵکو بە فێرکردن و فێربوون بە درێژایی ژیان دەتوانین شێوەی ژیانی بەردەوام لەسەر بۆچوونی دادەوەری و ئابووری و کۆمەڵایەتی و بیمەی خوراك بۆ کۆمەڵگاکان و قایمکردنی ئاسایشی ژینگە بڵاو بکەین، جگە لەهۆیەکانی ژیانی بەردەوام و ڕێزگرتن لە شێوەی ژیان لەگەڵ یەکسانی نێوانی هەردوو ڕەگەز لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا، کە بە هۆیەکی سەرەکی دانرا بۆ بەجێهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام. ( UNESCO 9 , 2009,p: )

10 ـ لە مانگی ئەیلوولی ساڵی ٢٠١٥ نەتەوە یەکگرتووەکان کۆبوون بە هۆی داهێنانی نەخشە ڕێگایەك بۆ بەجێهێنانی ئامانجەکانی گەشە پێدانی بەردەوام هەتا ساڵی ٢٠٣٠ز لە لای هەموو وڵاتە پەیوەندی دارەکان، ئەوانەی ژمارەیان (١٧٠) وەڵات و هەرێم بوون. (Bennett & MaDonagd ,2018, p:85)

**بۆچوونە سەرەکییەکانی گەشەپێدانی بەردەوام:**

دەتوانین کۆی بۆچوونە سەرەکییەکانی گەشەپێدانی بەردەوام بکەین ئەوەی لە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ڕەوشتایەتی و ژینگەییەکان بێك دێن ، کە (القوقا) باسی کردووە و بەم خاڵانەوی خوارەوە دیاریی دەکەین :

- ❖ ئادەمیزاد ئامانجی سەرەکی و هۆی و ئەنجامدەری گەشەپێدانی بەردەوامە.
- ❖ بەرەوپێشچوونی تکنۆلۆژی و سەرمایەی شتکاری هۆیێکن بۆ یارمەتیدانی ئادەمیزادەوە.
- ❖ سەلماندنی گەشەپێدانی بەردەوام کە فرمانەکانی ئەمڕۆ کاریگەرییان هەیە لەسەر باردۆخی سپەینێ.
- ❖ سەلماندنی گەشەپێدانی بەردەوام بە پشتبەستن لەسەر خودی مرۆڤدا و بەکارهێنانی زانیارە بەسوودەکان بەهۆی سوودوەرگرتن لێیان
- ❖ سەلماندنی گەشەپێدانی بەردەوام بە گەشەسندنی گونجاو لەگەڵ ڕەوشت و یاسا و بیروباوەڕ و ڕۆشنبیریی کۆمەڵگاکان.
- ❖ سەلماندنی گەشەپێدانی بەردەوام لەسەر پەیوەندی کردنی کاریگەر و بەتوانا.
- ❖ گرنگیدانی گەشەپێدانی بەردەوام و چەسپاندن لەسەر بیرکردنەوە بە پاشەڕۆژیی نەوەکانی ئایندەوە.
- ❖ گەشەپێدانی ئابووری ئامانجێك نییە بۆ گەشەسەندنی تاك و کۆمەڵگاکان، بەڵام پێویستێکە بۆ پشتیوانیکردن و پاراستنی ژینگە.
- ❖ گەشەپێدانی بەردەوام هەوڵدەدات بۆ نەمانی هەژارییەوە.

❖ سەلماندن لەسەر دادوەری و یەکسانیی کۆمەڵگاکانەوە.
❖ سەلماندن لەسەر بەڕێوەبردنی دەسەڵاتێکی ژیر، کە بنەماکەی لەسەر پەیوەندیکردن و دەمەتەقەیەکی بەسوودەوە.
❖ سەلماندن لەسەر ڕێککەوتن نێوانی نەوەکانی کۆمەڵگاکان.

لەبەر هەموو ئەوەی گوترا دیاریدا کە بۆچوونەکانی گەشەپێدانی بەردەوام زۆر فراوان و گشتگیر و بەسوودن بۆ هەموو لایەنەکانی ژیان، وەکو یەکسانی کردن لەنێوان نەوەکان ،کەمکردنەوەی هەژاری و پاراستن و چاککردنەوەی ژینگە و پاراستنی دەستکەوتە سروشتییەکان و بەهێزکردنی ڕۆڵی تاك لەنێوان کۆمەڵگاکەیدا لەگەڵ بەرزکردنی بیری دیمۆکراسیەت لەژیانی ڕۆژانەییدا.(القوقا، ٢٠١٥، ص٥٢- ٥٣ )

**گەشە پێدانی بەردەوام بە پێی بۆجوونی ئاینی:-**

هەر چەندە گەشەپێدانی بەردەوام زراوەیەکی کۆن نییە، بەڵام بۆچوونێکی تازە نییە لە لایەنی مرڤایەتی و ئاینە ئاسمانییەکانەوە، چونکە ئەگەر یاسا ئاسمانییەکان و ئەوەی ئادمییزاد دایهێناوە دەربارەی پاراستن و گەشەپێدان و بەردەوامی ژیان لە سەر زەمینەوە لە گەڵ هەتاهەتایی بونیادکردنیدا، باری گەشەپێدان بەم جۆرە نەدەگەیشت بەئێمە کە ئەنجامەکەی بەردەوامی و پاراستنی زۆر لە زیندەوارانی خودای مەزنە بە هەموو جۆرەکانیەوە( ڕووەك و ئاژەڵ ).(زغدود،٢٠١٩، ص١٢)

لە مێژەوە چیرۆکێکی باو هەیە ماوەی زەمینی عێراق لەژێر دەسەڵاتی نەوشێروانی ساسانیدا بوو، لەکاتێکدا پیاوێکی پێر دەبینێت خەڵف و برالەی دارخورمایەك دەچێنێت، لێی دەپرسێت: تەمەنت چەندە؟ پیاوی پیر وەڵامی دەداتەوە: ٨٠ساڵ، نەوشێروان دەپرسێت: ئایا تۆ دەژیت هەتا دارەکە بەر بگرێت و بەروبوومی بخۆیت؟ پیاوی پیر وەڵامی دەداتەوە: بەو وتە باوە ((ئەوان چاندن و ئێمە خواردین،ئێمە دەچێنین وئێوە دەخۆین)). ئەم وەتە خودی گەشە پێدانی بەردەوامە، چونکە هەموو رەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام دەگرێت، لەنێوانی ئەم وتەیەدا ڕەهەندی ئابووری دیارە، ئەوەی بە چاندن دەنوێنێت و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی ئەوەی بیری نەوەکانی ئایندە دەکات، و ڕەهەندی ژینگەیی دەنوێنێت بە پاراستن و چاندنی سەرزەمینەوە، بەڵکو هەردەم بەسەوزی پۆشی بمێنێتەوە. mqqal.com

کاتێ گەشەپێدانی بەردەوام بە بینینێکیئیسلامی ببینین، بە فراوانی و بەندێکی تر دیاری دەدات هەتا ئەم کاتە لە لای ئەوانەی گرنگی بەم بۆچوونە دەدەن، چۆنکە لەڕێگای ئیسلام و ئاینەکانی ترەوە لەگەڵ یاسای ئاینی و ڕەوشتییەکانیاندا گونجاندن لەگەڵ گەشەپێدانی بەردەوام و ڕەهەندەکانیدا هەیە، بەڵکو گیانی ئاینی ئیسلام گرنگی بەلایەنی داکەوتویی دەدات شان بەشان لەگەڵ لایەنە ڕەوشتی و ئاینییەکانی تردا(الفقی، ٢٠١٧،

ص٧-٨) و خودای مەزن ئادەمیزادی دروست کردووە بۆ ئاوەدانکردنەوەی سەرزەمین و ئەم گیان لەبەرە دەتوانێت ئەرکی ئاوەدانکردنەوە و پاراستنی ئەم زەمینە بگرێتە ئەستۆ، بەڵکو پاداشتی دونیایی پێی دەدات و لەسەرەتاوە پاداشەکەی ژیانی هەتاهەتاییە لە بەهەشتی خودادایە بۆ پاراستن و ماوەنەوەیەیی ژیان لەسەر زەمین . (البريدی، ٢٠١٨، ص٣٦٤ )، و ئیسلام سەیری پاراستن و مانەوەیی زەمین دەکات، ئەوەیش نموونەیەکە لە گەشە پێدانی بەردەوام وەك بۆچوونێکی گشتگیر بۆ هەموومان، بەڵکو تاك و کۆمەڵگاکان پێی هەڵدەستن، بە هۆی ئەنجامی ئەم ئەرکە کە ئادەمیزاد دەیگرێتە ئەستۆ.(العاني، ٢٠٠٢، ص٣٣) چونکە خۆی جێگرە بۆ پاراستنی سەرزەمین لە هەموو لایەنەکان، ئەوەش ڕوون کراوەیە، کاتێك خودای مەزن دەیکردە جێگری خۆی ، ئەوەیش دیارە لە فەرموودەکەی (يَا دَاوُودُ إِنَّا جَعَلْنَاكَ خَلِيفَةً فِي الْأَرْضِ فَاحْكُم بَيْنَ النَّاسِ بِالْحَقِّ ) سورة ص:ألاية:٢٦ و کاتێك قسەی بۆ کرد کە خۆی جێنشینی خودایە لەسەر زەمینەوە ، ئەو ماوەیەی لە قۆرئاندا فەرموویەتی(وَإِذْ قَالَ رَبُّكَ لِلْمَلَائِكَةِ إِنِّي جَاعِلٌ فِي الْأَرْضِ خَلِيفَةً) سورة ألبقرة،ألآية:٣٠ و ئەوپەڕی دەسەڵاتی پێدا و ئامادەی دەکرد بۆ هەڵگرتنی ئەم ئەستۆیە.( شهاب، ٢٠١٠، ص٢٤)

باشترین نیشانە بۆ جێبەجێکردنی گەشەپێدانی بەردەوام لای موسەڵمانان ، بە نامەی فەرمانڕەوای خواناسەکان (عەلی کوڕی ئەبی تالیب) بۆ فەرمانبەرەکەی مالك کوڕی ئەشتەری نەخعی دەنوێنێت، ماوەیەك فەرمانڕەوایی وڵاتی میسر پێدەدات، کە ئەم نامەیە بوو بە نموونەیەك بۆ پیشە گەشەسەندووەکان ماوەی فەرمانێکی پێدا بە وەرگرتنی باجی وەڵات و جەنگ کردن و دوورخستنەوەی شەڕی دوژمنان و چاککردنەوەی خەڵکی میسر و زەویەکەی، عەلی کوڕی ئەبی تالیب زۆر ئاکار و ئامۆژگاری هەیە لەم بابەتە ئەگەر بمانەوێت لێی بگەڕێین دەبینین کە خۆی بنچینەی گەشەپێدانی بەردەوامە لە ژیاني لاسایی و لەوماوەیەی بوو بە فەرمانڕەوای خواناسەکان ماوەیەك داری خۆرما دەچێنێت و قوڵگەی ئاوینی هەڵدەکەند و و تەرخانی دەکرد بۆ موسڵمانان هەتا سوودی لێ وەربگرن. (الفقي،٢٠١٧، ص ٧ـ ٨ )

لەبەر ئەوە توێژەر دەبینێت کە لە قورئانی پیرۆز و ڕێباز و فەرمایشتەکانی پێغەمبەری خودادا (موحەمەد) دروودی خودای لێ بێت و هەموو پێغەمبەرکانی خودا و نووسینەکانی زانا موسەڵمانەکان زۆر وشە هەیە کە هاوواتای گەشە پێدانی بەردەوامن، بەڵام بەناوێکی ترەوە دیاري دەکرێن وەکو چاککرن و ئاوەدان کردنەوە و هەوڵدان بەرەو ژیانی خۆش و خۆش گوزەراندن و چاندن و دوورخستنەوەی خراپە لە ڕووەك و ئاژەڵەکان، هەموویان دەگەنێتە چاککردنەوەی ئابووری و ژیانی کۆمەڵایەتی و پاراستنی ژینگە، کارکردنی ئیسلامی بەجێهێنانی فەرمایشتەکانی خودایە بۆ گەیشتن بە ژیانی ئارام و حەوانەوە، ئەوەی خودای مەزن بۆ خەڵکی دەیەوێت کاتێك سوود وەردەگرن لە

سامانەکانی سەر زەوی، بەڵکو دیارە  لە فەرموودەکانی لە قورئاندا هاتووە دەفەرموێت (هُوَ أَنْشَأَكُمْ مِنَ الأَرْضِ وَاسْتَعْمَرَكُمْ فِيهَا) سورة هود: ألآية٦١ و (  مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَىٰ وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً ۖ وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ) سورة ألنحل:ألاية٩٧.

هەروەها توێژەر دەبینێت کە بینینی ئیسلام بۆ گەشە پێدانی بەردەوام بینینێکی گشتگیرە لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا، و یەکەم گرنکی دانی بە ئادەمیزادە، چونکە ئەنجام دەری ئەم ئەرکانەیە وەك لایەنی رۆحی ومادی و ڕەوشتی و فیکرییە،  ئەوانەی خودای مەزنی بۆ پێشکەش کردووە، کە خۆی توانای هەیە بۆ گۆڕان و گەشەپێدانی سەر زەمین و پاراستنی مانەوەی ژیان ، هەتا نەوەکان ئەوانەی لە دواییدا دێن سوودی لێ وەربگرن، و دەبینێت کە رەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام ڕەنگدانەوەی یاسای ئەسلامییە لە ڕووی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەوە، چونکە خۆی  ڕەهەندی ئابووری جێبەجێ دەکات لە هەموو لایەنەکانی سەودا کردنەکانی بازرگانییەوە، و خۆی کۆمەڵایەتییە، کاتی پارێزەری پەیوندییەکانی ناوەوەو و دەرەوەی کۆمەڵگاکانە بە فراوانترین تێگەیشتنی کۆمەڵایەتییەوە، وخۆی  ژینگەییە، کاتێك هانی مرۆڤ دەدات و جەخت  دەکاتەوە لەسەری بۆ پاراستنی ژینگەکەی ئەوەی تییدا دەژێت.

**ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام:**

چەند ئامانجێك هەیە بە پێیان هەوڵدەدرێت بۆ بەجێهێنانی ئەنجامی گەپێدانی بەردەوام بدرێت بە کورتییەوە دەتوانین دیاریی بکەین:

- ❖ لەناوبردنی هژاری و برسێیەتی و پاشکەوتنی پاراستنی خواردن و خۆراکدانی چاککراو و بەهێزکردنی چاندنی بەردەوام.
- ❖ بیمەی فێرکردنی چاك و دادوەر و گشتگیر بۆ هەمووان و بەهێزکردنی دەرفەتی فێربوون بەدرێژایی ژیانەوە بۆ گشت.
- ❖ بیمەی دەسکەوتنی هەمووان لە خزمەتگوزاریی وزەی نوێی و پاك و بەردەوام بە نرخێکی کەمکراو.
- ❖ بەجێهێنانی یەکسانی نێوانی هەردوو ڕگەز و بیمەی مافی کچ و ئافرەتان.
- ❖ بەهێزکردنی گەشەپێدانی ئابووری، و ئامادەکردنی کارکردنێکی بەرهەمهێن و گونجاو بۆ هەمووان.
- ❖ دروستکردنی ژێربناخەیەکی( Infrastructure ) بەتوانا و جێگیرەوە، لەگەڵ هاندان بەرەو داهێنان و دروستکردنی گشتگیر و گەشەندە بۆ هەمووان .

❖ پێکهێنانی شار و ناوچە مرۆڤایەتیەکان بەشێوەیەك کە بۆ هەمووان بێت و دەبێ گەشتگیر و خاوەن ئاسایش و بەردەوام بێت، هەتا توانا مانەویی لە خۆ بگرێت. (القوقا، ٢٠١٥، ص٥٢ـ ٥٢)

لێرەدا توێژەر بڕوای بەوەیە کە هەموو ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام هەوڵدەدەن بۆ چارەسەرکردنی ژمارەیەکی گەورە لە کێشەکانی جیهاندا، ئەوەی هەموو وڵاتان دەیانەوێت چارەسەری بکەن بە هۆی مانەوەی ژیان لەسەر زەمینەوە، لە بەر ئەوە دەست دەکەن بە مەرج و سنووردانان بۆ دۆخە ژینگەییەکان لەکاتی بەکارهێنانی دەسکەوتە سروشتییەکاندا، جگە لە گرنگی پێدان بە کەش وهەوا و پاراستنی ژینگە لە پیسی و هەوڵدەدات بۆ نەمانی هەژاری، لە پێناوی دانانی ستراتیژیەت و نەخشە کێشانی گونجاو بە هۆی هێزپێدان بە گەشەپێدانی بەردەوام لەکاتی جێ بەجێ کردنیدا، جگە لە چارەسەرکردنی هەندێك لە پێویستیە کۆمەڵایەتەکان وەك فێرکردن و پاراستنی کۆمەڵایەتی و بیمەی دەرفەتی کارکردن بۆ هەمووان و بیمەی مافی ئافرەت و منداڵانیش.

**تایبەتمەندییەکانی گەشەپێدانی بەردەوام :-**

گەشەپێدانی بەردەوام کۆمەڵێك لە تایبەتمەندی هەیە ، ئەمانن:

- پێویستییەکی سەرەکییە بۆ تاك و کۆمەڵگا، ڕەنگە بەیەکەم شت دابنرێت و هەوڵ بدرێت بۆ بەجێهێنانی.
- هەوڵدەدات بۆ پاراستنی جۆراوجۆریەتیی کۆمەڵگا و تایبەتمەدییەکانیان لە ڕووی ئاینی و ڕۆشنبیری و شارستانییەتییەوە.
- مافی نەوەکانی ئایندە لە دەسکەوتە ڕەوشتییەکان دەپارێزێت.
- مافی دەوروبەرە گیانەوەرییەکان لە ژینگە سروشتییەکان بەهەموو جۆرەکانی دەپارێزیت.
- لەگرنگترین ئامانجەکانی، لایەنی مرۆڤایەتییە، لەڕێگەی هەوڵدان بۆ گەشەپێدانی ئەم لایەنەیە و بەتایبەت گرنگیدان بە هژارەکان.
- کار دەکات لەسەر بنەمای ڕێکخستن و مامەڵەکردنی ئابووریی نیودەڵەتی بە شێوەیەکی دادوەر، کاتی بەکارهێنانی دەسکەوتەکان، لەگەڵ ڕێکخستن و هاندانی پەیوەندیکردن نێوانی وەڵاتە دەوڵەمەندەکان و وەڵاتە هەژارەکان.
- درێژ خایەنە ، چونکە ڕەهەندی چوارەم( دەم و کات) بە شتێکی سەرەکی دادەنرێت لەگەڵ ڕەهەندی جۆری و چەندێتی بۆ بەجێهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام. (علي، ٢٠١٣، ص١١٠ )

**هەروەها چەند تایبەتمەندییەکی تری هەیە کە ئەمانن:**

- ئادەمیزاد ئامانجە سەرەکییەکەی گەشەپێدانی بەردەوامە ، چونکە هەوڵدەدات بۆ ئارام بوونی گیان و دەروونیەوە، جگە لە پاراستنی بۆچوونە کۆمەڵایەتیەکان و ئازادیی بیروباوەڕ و جێبەجێکردنی بیرو باوەڕی دیمۆکراسییەت لە نێوانی کۆمەڵگاکان.
- بانگکردن بۆ کۆنترۆڵ و ئامۆژگاریکردن ماوەی بەکارهێنانی دەسکەوتە سروشتیەکان و هەوڵدەدات بۆ بەکارهێنانی باشترین دەسکەوتە سروشتییە دووبارە بەکارهێنراوەکان و بێ بەکارهێنراوەکان(کەرەستەی خاو)، ئەوەی بیمە پاشکەوتی پێویستەکانی نەوەی نوێیی داهاتوو و مافی نەوەکانی ئایندە دەکات.
- گەشەپێدانی بەردەوام هەوڵدەدات بۆ بەجێهێنانی یەکسانیی ژینگەیی بە هۆی پاراستنی ژینگە و بیمەی ئاسایشی ژیانی سروشتیدا.Mawdoo3 . com

لێرەدا توێژەر جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە گەشەپێدانی بەردەوام یەکەم ئامانجی ئارامی ژیانی ئادەمیزاد و پاراستنی مافی مرۆڤی داهاتوو و نەوەکانی ئایندەیە، لە هەمو لایەنەکانی ژیانەوە، چونکە گرنگی بە تاك دەدات و هەوڵدەدات بە ئامادە کردنی پێویستیەکانییەوە و لایەنی تاکایەتی بەهێز دەکات لە پێناو گرنگیدان بەلایەنی فێرکردن و تەندروستی و ژینگەیەکی پاک و خاوێن لەهەموو لایەنەکانییەوە جگە لە ژیانی ئادەمیزاد بە شێوەیەکی گونجاو، بەڵکو هەموو لایەنە مرۆڤایەتیەکان لە خۆی دەگرێت.

هەروەها گەشەپێدانی بەردەوام گرنگی بە تایبەتمەندێتی تاك بەکۆمەڵگاکەیەوە بەتایبەت لە لایەنی ڕۆشنبیری و ئاینی و ڕامیاری و هەڵبژاردنی جۆری ڕامیاری گونجاوەوە لەگەڵ بۆچوونەکانیدا دەدات ، ئەوەی ماف دەدات بە پەیوندیکردن لە دەسەڵاتی وڵات و پاراستنی ژینگە و دەسکەوتە سروشتییەکان بۆ خۆی و نەوەی ئایندە، ئەوانەی دوایی دێن، چونکە فەلسەفەی گەشەپێدانی بەردەوام و ڕەهەندەکانی فەلسەفەیەکە لەسەر بنەمایەکی درێژخایەن پێکهێنراوە هەتا دادوەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی لەنێوان نەوەکانی داهاتوو لەگەڵ نەوەکانی ئایندەدا بەجێبهێنرێت.( R - Alexandar ،2012,p:78)

لێردا توێژەر دەتوانێت بڵێت کە پێناسەی فێرکردن بەهۆی گەشەپێدانی بەردەوامەوە بەم شێوەیە دەکرێت: بە پرۆسەیەك بە پێی فێرکردن و توانای خەڵک بۆ تێگەیشتنی پەیوەندییە دوو جەمسەرییەکان، یەکەمینیان لە لایەنەکانی ژیاندا و تێگەیشتنی ڕەنگدانەوەی بڕیارەکان و کاریگەرییان لەسەر ئەم کاتە و ماوەی ئایندەوە و ددوەمیان بە زیادبوونەوەی هۆشیاری و تێگەیشتن بە چۆنیەتی کاریگەری پۆزەتیڤەکان لە ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوامدا ( کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەیی)ەکان بۆ بەرەو پێشچوونی ئەنجامەکانی گەشە پێدانی بەردەوامدا بێت .

یان پێناسەی فێرکردن بە هۆی گەشەپێدانی بەردەوام دەکات: بەو فێرکردنەی یەکسانی دەخاتە نێوان داهاتوو و پیویستییەکانی نەوەکەی خۆی لەگەڵ پێویستییەکانی نەوەکانی ئایندەوە، لە پێناوی بەکارهێنانی دەسکەوتەکاندا بەشێوەیەکی زیرەکی و زانستیانە، بە هۆی پاراستنی دەسکەوتەکان لە نەمان یان لە پەککەوتنیاندا .

**ئەو تایبەتمەندییانەی دەبێت سیستەمی فێرکردن بەهۆی گەشە پێدانی بەردەوام لەخۆ بگرێت:**

چەند تایبەتمەندییەکی هەیە دەبێت فێرکردنی ئەم بابەتە لە خۆ بگرێت کە ئەمانەن:

- سیستەمێکە هەوڵ دەدات بۆ گەشەپێدانی توانا فیکرییەکان و هەڵویستی ڕەخنەیی تاك و بەرزکردنەوەی ئاستی لێهاتووەکانی فێرخوازان و هاندانیان بەرەو گەشەسەندنی تواناکانیان و پەرەسەندنی لێهاتوویی داهێنان و دروستکردن لایان، لەگەڵ دەرکردنی تواناکانی داهێنان و وریایی و پشتبەستن لەسەر خۆیی بۆ بەرەنگاری کێشەکان و دۆزینەوەی چۆنیەتیی چارسەرکردنی کێشەکان ئەوەی تووشیان دێت لە ژیانی ڕۆژانەیاندا و لەکاتی فێربوونیان.
- سیستەمێکە کاردەکات لەسەر توندکردنی پەیوەندیە پێکداچوونەکان لە نێوان مامۆستا و فێرخوازدا، لە لایەك و لەگەڵ دەزگا پەروەدەییەکان و کۆمەڵگاکان لە لایەکی ترەوە.
- سیستەمێکە پشت دەبەستێت بە ڕۆشنبیری زانیاری و ڕۆشنبیری کۆمپیوتەر و هانی ئازادی بیروڕا دەدات بۆ ڕازیبوون لە جۆراوجۆری کۆمەڵگاکان و پەیوەندیکردنی نێوانیان، بە هۆی دەوڵەمەندکرنی زانیارییەکان و زیادبوونی مامەڵەکردن لە نێوانی جیهاندا و هەر یەکێکیان بەزمان و بۆچوونەکانی خۆیانەوە.
- سیستەمێکە هانی تایبەتمەندی لە هەردو ڕووی (ئاسۆیی و ستوونی)ی دەدات ، نەك بە پاوانکاری زانیارەکان، بەڵام بە ڕێزگرتنی هەموو قۆناغە جۆراوجۆر و جیاوازەکانی فێرکردن و باوەڕ بە هەبوونی تەواوی نێوان تایبەتمەندی و لێهاتووەکانەوە چونکە بنچینەی بەرهەمهێنان و گەشەپێدانە. ( بدران، ۲۰۰٦ ،ص ۲۹)

**بەڵگەکانی گێڕانی فێرکردن بەرەو گەشە پێدانی بەردەوام:**

بۆ ئاڕاستە کردنی فێرکردن بەرەو گەشە پێدانی بەردەوام چەند بەڵگەیەك هەیە کە ئەمانەن:

- پێشکەش کردنی فێرکردنێکی جیهانییە مەرج بەسەر ئایندەوە دەکات، هیوا سەرەکییەکەی بەخشینی نەوەکانی ئایندەیە بە توانا و هاندان بۆ تێپەڕبوون

لەبەرەنگاریە سەرەکییەکانی ئێستا لە پاراستنی ژینگە و ڕێزگرتنی جۆرەکانی گیانلەبەران و پاراستنی مافەکانی ئادەمیزاد.

❖ پەرەپێدانی توانا گرنگەکان لە بواری گەشەپێدانی بەردەوامدا کە ئەم بوارانە لەخۆ دەگرێت:

أ ـ جەختکردن لەسەر کێشەکان بەهۆی نرخاندنی کێشەکان وهەڵسەنگاندنی مەترسییەکان.

ب ــ خەیاڵکردنەوەی پەیوەندییە ئاڵۆز و ڕاستەوخۆکان لە نێوان ڕابردوو و جموجوڵەکانیاندا (Daynamic).

جـ ـ بیرکردنەوە لەسەر کاریگەرە لاوەکییەکان و ڕەنگدانەوە چاوەڕوانکراوەکان لە کردارێکی دیاریکراودا.

د ــ توانای بیرکردنەوە بە هۆی دەسگا (Systems) و تووڕگە ئاڵۆزەکان .

هـ ـ بۆ گەڕان و هەڵسەنگاندن و چارەسەر کردن و بەکارهێنانی پرۆگرامەکان هەر یەکێك بە پێی پرۆگرامێکی گونجاو.

و ــ ڕێزگرتنی بیر و بۆجوونەکانیتر .

ز ــ خۆتەرخان کردن و هەوڵدان بۆ دانانی نەخشە و پرۆژەکان بە هۆی بەڕێوەبردنی ژینگەوە. ( حبیب،٢٠١٦، ص٢١)

**تێکەڵکردنی بۆچوونەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لەگەڵ پەرتووکەکانی خۆێندندا:**

هەتا گەشەپێدان سەربکەوێت لە کۆمەڵگایەکی دیاریکراودا، مەرجە لەسەر دانەرەکانی پرۆسە فێرکارییەکان پشتی ئەو هەوڵدانە بگرن، ئەوەیش لەپێناوی تێکەڵکردنی بۆچوونەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لەگەڵ پرۆگرامەکانی خوێندندا، یان ئاراستە کردنی پرۆگرامەکان بە هۆی پشتیوان و پشتگیریکردنی بیرۆکەی بەردەوامی لە کۆمەڵگاکاندا، چونکە بە پاراستنی دەسکەوتی سروشتی زیندوبوون و زیندونەبووەکان و ڕابەری کردنی بەکارهێنانیان و بەجێهێنانی کامەرانی و خۆشگوزەرانی لەکۆمەڵگاکاندا. (ماکوین،٢٠٠٩، ص٢٩)

هەروەها بە زیادکردنەوەی رادەی ناوچە سەوزەکان و بەشکردنی دەسکەوتەکان بەیەکساني، لەگەڵ یەکسانی و ئامادە کردنی مافی فێربوون و خزمەت گوزاری بۆ هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا و پاراستن لە نەخۆشییەکان و بەرگرتن لە بڵاوبوونەوەیان ، بەو ئامانجانە دەتوانین بەجێی بهێنین ئەوش لە پێناوی ناشتن و قایم کردنی بۆچوون و بیروباوەڕەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لە بیروهۆشی فێرخوازاندا و لە ڕێگەی فێرکردن و

فێرکردنەوە، ئەوەش دیاریدا لەو ماوەیەی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردە و فێرکردن و ڕۆشنبیری لێکۆڵینەوەیەکی ئەنجامدا، بۆی دەرکەوت، کە زۆر لە کۆمەڵگاکان هیچ ئامانجێکیان بۆ گەشەپێدان نییە، یان پلانێکیان بۆ دا نەناون کە لە پێناویدا بتوانن لێکدانی بۆچوونەکانی گەشەپێدان ئامانجەکانیان جێبەجی بکەن، یان پرۆگرامەکانی خوێندن لەسەر بۆچوونەکانی گەشەپێدانی بەردەوام بگۆڕن، چونکە ئەگەر دیاری ئامانجەکانی گەشە پێدانی بەردەوام ئەوەی ئارەزووی کۆمەڵگاکان بۆ بەچێهێنانی نەکەن، پرۆگرامەکانی خوێندن پشتگیری بنەما گشتییەکانی گەشەپێدان ناکەن، و بەم شێوەیە بەئەنجامەکان قایڵ نین و پشتگیری هەوڵدانی کۆمەڵگاکان بەرەو گەشەپێدانی بەردەوام ناکەن، لەبەر ئەوە دەبێت کۆمەڵگاکان دەست بکەن بە داڕشتنی ئامانجەکانی گەشەپێدانی بەردەوام  ئەوەی دەیانەوێت بەجێیی بهێنن، بە هۆی نەخشەدانان یان دووبارەکردنەوەی ئاڕستە کردنی یان تێکەڵ کردنی بۆچوونەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لەگەڵ پرۆگرامە نوێیەکانی خوێندنیدا. (ماکوین ،٢٠٠٩، ص٣١ )

**ڕێگاکانی تێکەڵکردنی گەشەپێدانی بەردەوام لەگەڵ پرۆگرامەکانی خوێندندا:**

1 ـ تێکەڵکردنی گەشەپێدانی بەردەوام لەگەڵ ئامانجەکانی پرۆگرامە دانروەکانی خوێندن و دیاریکردنی چۆنیەتیی پێوانە و هەڵسەنگاندنیان.

2 ـ داواکردن بۆ بەکارهێنانی ستراتیژیە نوێیەکانی وانەوتنەوە ئەوەی پشتگیریی چەمکەکانی گەشەپێدانی بەردەوام دەکات و هەوڵدان لەسەر راهێنان و بەکارهێنانیان.

3 ـ تێکەڵکردنی چەمکەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لەگەڵ پرۆگرامەکانی خوێندن و دۆزینەوەی ژینگەیەکی ڕێکوپێك و هاندەر بۆ بەجێهێنانی ئەم چەمکانە. (العنزي، ٢٠١٨، ص٤٩٥ ـ ٤٩٨)

**گرنگی پەیوەندی کردن لە نێوان فێرکردن و گەشە پێدانی بەردەوامدا:**

فیرکردن بەهۆیەکی سەرەکی بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگا ڕۆشبیر و بەرهەمهێن و دەوڵەمەندەکان دادەنرێت، هەر کۆمەڵگایەك کە گەشەپێدانی بەردەوام بەجێدەهێنێت بە هۆی فێرکردن و فێربوونە لەهەموو نەخشە کێشانەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگەییەوە، ئەم کۆمەڵگایە پەرەدەسێنێت و دەبێتە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو لە هەموو لایەنەکانی ژیانیەوە ،جگە لەویش مافی جەماوەری خۆی و نەوەکانی ئایندەی دەپارێزێت.

(United Nations Organization ،2017 ،p:5 )

لەبەر ئەوە پەیوەندییەکی توند هەیە لەنێوان فێرکردن و گەشەپێدانی بەردەوامدا، چونکە بە هۆی فێرکردنێکی چاك و ئامانجدار بەجێ دەهێنرێت و ئەگەر خەڵك ڕۆشنبیر

و هۆشیار نەبێت ناتوانن زانیارەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لەهەموو لایەنەکانیەوە وەربگرن و بەجێی بهێنن، بەهۆی ئەوەوە دەبێت کۆششەکانی ئاویتە کردنی گەشە پێدانی بەردەوام و فێرکردن نەك تەنها بۆچوونە زارەکییەکانی گەشەپێدانی بەردەوام، بەڵکۆ بەکارهێنان و لێزانین و بەجێهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام بە هەموو لایەنەکانیەوە ئاسان دەبێت، مەرجە کاتی هەوڵدان بۆ بەجێهێنای گەشەپێدانی بەردەوام و رەهەندە سەرەکییەکانی دەبێت شێوەی ژیانی ڕۆژانەمان بگۆڕین، لێرەدا گرانی بەجێهێنان دیاری دەدات، ئەوەش دەبێت بەهۆی فێربوون، بەڕاهاتنی ڕەوشتە نوێیەکان و ئەوەی پێویستە هەتا بگەینە ئاستي بەجێهێنانیەوە. (Zenelaj, 2013,p:231 )

هەروها لە کۆڕی یۆنسکۆ ئەوەی لە بۆن سەر بە ئەڵمانیا ساڵی ٢٠٠٩ و پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ فێرکردن بەهۆی گەشەپێدانی بەردەوام هەر لە ٢٠٠٠ هەتا ٢٠١٤ و کۆڕی تۆکیۆ لە ژاپون ساڵی ٢٠١٤ بەسەرپەرشتی یۆنسکۆ بۆ فێرکردن بەهۆی گەشەپێدانی بەردەوام، دیارییان کرد، کە فێرکردن ڕۆڵێکی زۆر گرنگی هەیە بۆ بەجێهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام، ئەوەش بە پێی چەند تەوەرێک کە ئەمانەن:

**1-** فێرکردن بەهۆی گەشەپێدانی بەردەوام بۆ شێوەیەکی نوێ بانگەواز دەکات بۆ فێرکردن و فێربوون بۆ هەموو کەس کە بیرێکی تازە لە خۆی دەگرێت، کاتێك بانگ دەکات بۆ پاراستن و بەکارهێنانی دەسکەوتەکانی سەر زەمین بە داهاتووەو و بەمافی نەوەکانی ئایندەوە ئەوەی لە دوایانەوە دێن.

**2-** فێربوون بەهۆی گەشە پێدانی بەردەوام داوا دەکات بە یارمەتیدانی یەکتری لەنێوان گۆمەڵگاکاندا بۆ چارەسەرکرنی کێشەکان و ئەوەی تووشیان دێت وەکو کاریگەریەکانی کارەساتەکان و تەنگو چەڵەمەی خوراکی و تەندروستییەکان لە پێناوی فێرکردنی نەوەکان بە ڕەهەندەکانی گەشە پێدانی بەردەوام و چۆنیەتی بەجێهێنانیان.

**3-** گەشە پێدانی بەردەوام بانگەواز دەکات بۆ بڵاوکردنەوە و بەجێهێنانی و پەیمان بەستن بە ڕەوشتە چاکەکان، لەگەڵ بونیادنانی مرۆڤ لەسەر بنەمای تەواوی خودی و لایەنگرتنی کۆمەڵایەتی، لەگەڵ پەیوەندی کردن بە تەنکی و دادوەری و سەلماندن لەسەر بەیوەندییەکی توند لە نێوان ژینگە و ئابووری و کۆمەڵگادا.( UNESCO,2009,p:7)

**4 -** گەشەپێدانی بەردەوام بە هۆی فێرکردنەوە پشت بە بڵاوکردنەوەی دادوەری و ڕێزلەیەکگرتن و یەکسانی لە نێوان هەردوو ڕەگەزدا و یەکگرتنی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی هەژاری و بڵاوکردنەوەی دیموکراسیەت لە نێوان کۆمەڵگاکاندا دەبەستێت.

**5-** گەشە پێدانی بەردەوام لەبواری فێرکردن و فێربووندا هاندەرێکە بەهۆی توێژینەوە و ڕاپۆرتەکانەوە بۆ دیاریی پێویستییەکانی فێرکردن و فێربوون و داڕشتنی ئامانجە

پەروەردەیەکان لەسەر بنەمای بەجێهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام دەکات لەگەڵ دۆزینەوەی چارەسەرەکان بۆ هەموو کێشەکانی وڵات و کێشة خۆماڵییەکان، و بڵاوکردنەوەی بیرکردنەوە بەسوودەکان ئەوانەی پەیوەندییان هەیە بە بابەتی گەشەپێدانی بەردەوامەوە .

**6-** فێرکردن بە پێی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوامەوە کاردەکات بۆ چەسپاندنی بۆچوونی گەشەپێدانی بەردەوام لە بیروهۆشی کۆمەڵگا و تاکەکاندا، هەتا ڕەنگ بداتەوە لەسەر باشێتی ژیان و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگاکان. (Schmidt, 2010,p:25 )

توێژەر وا دەبینێت کە دەبێ پێداچوونەوەیەکی گرنگی پێدراو بۆ پرۆگرامە فێرکارییەکان بکرێت، ئەوەی پێشکەش بە فێرخوازان دەکرێت و دەستکردن بە ئاڕاستەکردنێکی بەسوود لە پێناوی لەخۆگرتنی پرۆگرامەکانی خوێندندا لە بۆچوون و ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام بەهۆی بەجێهێنانیان و ڕاهێنانی فێرخوازان بۆ جێبەجێکردنیان هەتا وەکو ڕەوشت و خۆیەك بەکاری بهێنن لە ژیانی ڕۆژانەیاندا.

هەروها فێرکردن بەهۆی گەشەپێدانی بەردەوام بەشێکە جیا ناکرێتەوە لە فێرکردنی چاك و یەکێکە لە پێکهاتە سەرەکییەکانی فێرکردن بە درێژایی ژیانەوە، لەبەر ئەوە دەبێت نەك هەموو دەزگا فێرکارییەکان هەر لە قۆناغی باخچەی ساوایانەوە هەتا قۆناغی خوێندنی باڵا و دەزگا و هاووڵاتییەکان گرنگی پێ بدەن بە چارەسەرکردنی گەشەپێدانی بەردەوام و هاندانی گەشەپێدانە لێهاتووەکان ئەوانەی پەیوەندییان هەیە لەگەڵ بەردەوامیدا چونکە یەکێکە لە بەرپرسیارەکان، کە فێرکردن بەهۆی گەشەپێدانی بەردەوامەوە ئامادەی جۆرە فێرکردنێکی گرنگ دەکات بۆ هەموو خوێندەوارەکان، کە ئەم جۆرە فێرکردنە پێویستییەکە لەپێویستییەکانی جیهانی ئەمڕۆماندا، بەهۆی زیادبوونی کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و ژینگییەکان ئەوەی تووشی خەڵک و ژیانی ئەمڕۆمان هاتووە ، بەڵکو بە فێربوون و پەیوەندی کردن لەگەڵ ئەم بابەتە و چارەسەرکردنی کێشەکانی ئێستا بەپێی بەکارهێنان و بەجێهێنانی گەشەپێدانی بەردەوام دەتوانین مافی خۆمان و مافی نەوەکان ئەوانەی لەدوامانەوە دێن بپارێزین و ژیانێکی خۆش بەسەربەرین. (Zenelaj,2013, p:231)

**ئامانجەکانی فێرکردن بە هۆی گەشەپێدانی بەرەوام:**

فێرکردن بەهۆی گەشەپێدانی بەردەوام کۆمەڵێك لە توێژەر و پسپۆر و نوێنەرانی یۆنیسکۆ دیاریی ئامانجەکانی فێرکردن بە هۆی گەشەپێدانی بەردەوام بەم شێوەیە کردن:

- ❖ دەبێت چارەسەرکردنی کێشە ڕاستەقینەکانی ژیان بکرێت ئەوەی تووشی کۆمەڵگاکان دێت و خستنەپاڵەوەی ئەو بابەتانەی پەەندییان هەیە لەگەڵ پرۆگرامەکانی خوێندندا.
- ❖ بەهێزکردنی لێهاتووەکانی بیرکردنی باڵا.

- ❖ دیاریکرنی چۆنیەتی کارتێکەری لەسەر ڕژێمەکان و کاتی بڕیاردان.
- ❖ بەهێزکردنی توانای تاک و ڕێکخراوەکان بە گۆڕانەوە لە جیاتی گۆاستنەوەی زانیارییەکان.
- ❖ شارەزاکردنی تاکەکان بۆ ناساندنی ڕەگەزەکان ئەوەی گرنگییان نییە لە ژیانیاندا.
- ❖ دیارکردنی ستراتیژیەتەکان ئەوەی گونجاون لەگەڵ گەشەپێدان و ڕەچاوکردنی بارودۆخە تایبەتیەکانی ڕۆشنبیرە جۆراوجۆرەکان .
- ❖ نیشانە دانانی بۆ پێوانەی بیمەی سەرکەوتنی فێرکردن بە هۆی گەشەپێدانی بەردەوام لە بابەتی فێرکردندا.
- ❖ شارەزاکردنی فێرخوازان بە جێبەجێکردنی چەمکە زارەکییەکانی گەشەپێدان بەهۆی چارەسەرکردنی کێشەکان، نەك تەنها هەر دیاریکردنی.
- ❖ لەخۆگرتنی گیانی سەرپەرشتیی خۆیی و جیهانی لای فێرخوازان .
- ❖ توانای خیاڵکردن بە ئایندە.
- ❖ یارمەتیدانی وەڵاتەکان بە دابینکردنی دەرفەت و هۆیە نوێیەکان بۆ چاککردنەوەی سیستەمی فێرکردن لایان.
- ❖ بونیادکردنی توانای تاکەکان بە خزمەتکردنی گەشەپێدانی بەردەوام لە هەموو لایەنەکانییەوە.(ألبعاج،،٢٠١٩، ص٢٨٨ ـ ٢٩٠ )

**گۆرانی فێرکردن ئەوەی ئەنجامەکانی فێرکردن بە هۆی گەشەپێدانی بەردەوامە:**

متمانەی فێرکردن بەهۆی گەشەپێدانی بەردەوام ئەنجامەکانی گەیشت بۆ گۆڕاندنەوە لە نموونە عەقڵییە لاساییەکان و گۆڕان و ڕەنگدانەوە گرنگەکان لە پرۆسەی فێرکردنی تاکەوە، لە وانەی خوارەوە چەند گۆڕانەویەك دیاری دەکەین:

- ✓ لە فێربوونی بەکارهێنانەکی بەرەو فێربوونی ڕوانینی.
- ✓ لە پرۆسە فیرکردنێکی چەقەکەی مامۆستا بوو، بەورە پرۆسەیەک چەقەکەی بوو بە فێرخوازەوە.
- ✓ لە فێربوونێك متمانەی لەسەر ناوەڕۆك بوو بەرەو فێربوونێکی متمانەی لەسەر پێویستییەکانی خود بوو.
- ✓ متمانەی فێربوون تەنها لەسەر ئامانجە هەستیارییەکان بەرەو متمانە لەسەر ئامانجە سۆزدارییەکان و ئەوەی پەیوەندییان هەیە لەگەڵ لێهاتوویی فێرخوازەوە.
- ✓ لە فێربوونی لاسایی بەرەو فێربوونی داهێنەر و ڕەخنەگر.(ألشهاب،٢٠١٩، ص٢٨٩ـ ٢٩٠ )

لەبەر ئەوە دیار بۆ توێژەر دا کە فێربوون و فێرکردن بەهۆی گەشەپێدانی بەردەوامەوە بە فێرکردنێکی گشتگیر دادەنرێت و تواناي هەیە بۆ داهێنانی گۆڕانکاریەکی بنچینەیی داواکراو لە پرۆسەی فێرکردندا، چونکە خۆی گرنگی دەدات بە ناوەڕۆکی

فێربوون لەگەڵ ڕێبازە پەروەردەییەکان و ئەنجامەکانیان، جگە لە ئامادە کردنی ژینگەی فێرکاری و فێربوونی کاریگەر ئەوەی گرنگی دەدات بە فێرخوازان، کە کۆششی ئەم فێرکردنە گواستنەوەیە لە ڕێبازێك کە ئامانجەکەی فێرکردنە بەرەو ڕێبازێک ئامانجەکەی فێربوونە، جگە لە هەوڵدانی بەپشتبەستن بەچالاکیەکانی فێربوونی خودی و بەپەیوەندی کردن وهەرەوەزی و چارەسەرکردنی کێشەکان کە تووشی فێرخواز دەبێت کاتی فێربووني لە پێناوی بەکارهێنانی لێهاتووە فیرکارییەکان بەهۆی سوود وەرگرتن لە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری و ژینگەییەوە.

**شێواز و ستراتیژییەتەکانی وانەوتنەوە بە هۆی گەشەپێدانی بەردەوام:**

لەگەڵ زۆریی شێوازە پەروەردییەکان ئەوەی بە پێیان فێرکردنی گەشەپێدانی بەردەوام ئەنجامدەدرێت ، کە هەردەم متمانەیان لەسەر شوێن یان گرێ یان کێشەیەك کە هانی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی و ڕەخنەگرتنی کۆمەڵایەتی و شیکردنەوەی ڕەفتارە خودییەکان دەدات، لەوەی خوارەوە چەند ڕێبازێکی پەروەردەیی کاتی فێرکردن بەهۆی گەشەپێدانی بەردەوام بە کار دەهێنرێت:

- فێربوونی ئەزموونی.
- فێرکردن بە چیرۆك.
- فێرکردن بە بۆچوونەکان.
- فێرکردن بە هەواڵ پرسین و شیکردنەوە.
- فێرکردن بە هەڵسەنگاندنی گونجاو.
- فێرکردنی لێکبەستنی.
- فێرکردن بە چارەسەرکردنی کێشەکان .
- فێربوون لە دەرەوەی پۆلی فێرکردن.
- فێربوونی هەرەوەزی.
- فێربوونی ئاویتەکراو.
- فێرکردن بە کۆمەڵ.
- فێرکردن بەیاری کردن.(حبیب، ٢٠١٦، ص٤٠ )

**لێهاتووە پێویستەکانی گەشەپێدانی بەردەوام:**

ئەم بابەتە دەنوێنێت بەو لێهاتووانەی کە پێویستی هەموو فێرخوازانە، لە گشت تەمەنەکانیاندا و گرنگییان دیارە لایان کاتی بەجێهێنانی گەشەپێدان، ئەم ڕەگەزانە ئەوەی پێویست و گرنگە بەشێوەیەکی تایبەت لە لای جەماوەرە گەشەخوازەکان، هەتا بتوانن پەیوەندی بکەن لەگەڵ بەرەنگارە ئاڵۆزەکانی ئەم کاتەدا. (Rieckman,2017,p:7 )

**1 - لێهاتوویی بیرکردنەوەی ڕێکخراو:**

بە توانای فێرخوازان خۆی دەنوێنێت بۆ هەستکردن بە پەیوەندی و بە یەک بەستنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن و تێگەیشتنیان و شیکردنەوەی سیستەمە ئاڵۆزەکان، و بیرکردنەوە بە سیستەمەکان و ستایشکردنیان بەشێوەیەکی تایبەت و دانانیان بەبەشێکی سەرەکی کەجیا نابێتەوە لە هەموو بوار و ئاستەکانی زانیاری .

**2- لێهاتووی سەرپەرشتیکردن :**

بە واتای توانای تێگەیشتن و نرخاندن ئایندە بە هەموو جۆرەکانییەوە، لە ڕووی شیاوی یان پەسەندی یان گونجاوییان و کۆکردنی ئەنجامی بینینە تایبەتمەندییەکانمان بۆ ئایندە، لەگەڵ جێبەجێکردنی باوەری خۆپاراستن و پێوندیکردن لەگەڵ مەترسی و گۆڕانکارییەکان.

**3 - لێهاتووی پێوانەیی:**

بە توانای تێگەیشتنی پێوانە و بۆچوونەکانەوە دەنوێنێت ، ئەوەی ڕەفتارەکانمان پەشپێدەبەستن و بیر پێی دەکەن و بەکاری دەهێنین کاتی گفوکۆ کردن دەربارەی بیرو باوەڕ و بۆچوون و ئامانج و مەبەستە بەستراوەکان لەگەڵ گەشەپێدانی بەردەوام. (ألقنبري، ٢٠٢١، ص١٠٠)

**4 - لێهاتووی ستراتیژییەت:**

بە توانای پەیوەندی و کارکردن لەگەڵ یەکتری بە هۆی پەرەپێدان بۆ پەیڕەوکردنە نوێخوازییەکان و چۆنیەتیی بەجێهێنانیان بەهۆی هێزدان بەر بەردەوامی لە هەموو ئاستەکانی ژیاندا .

**5 - لێهاتووی هەرەوەزی:**

بە توانای فێربوون لە کەسانیتر و تێگەیشتن و ڕێزگرتنی پێویستەکانیان و شێوەی بۆچوون و ڕەفتارەکانیان و پەیوەندیکردن لەگەڵ کێشەکانیان ئەوی ڕوودەدات لە نێوانی کۆمەڵێکی دیاریکراو و ئاسانکردنەوەی چارەسەکردنی ئەم کێشانە بە شێوەیەکی هەرەوەزی و هاوبەشییەوە.

**6- لێهاتووی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی :**

بە توانای بیرکردنەوە لەسەر بنچینەی کێشەکان و چۆنیەتیی چارەسەرکردنیان و بیرکردنەوە لەسەر بۆچوون و خیاڵکردن و ڕەفتارە تایبەتمەندییەکانمان دەنوێنێت، و دیارکرنی هەڵوێستێکی تایبەت و دیاریکراو دەربارەی گەشەپێدانەوە .

**7 ـ لێهاتووی ئاگابوون لە خود:**

بە توانای بیرکردنەوە بەو ڕۆڵەی پێشکەشی دەکەین بۆ کۆمەڵگاکانمان و بە کۆمەڵگاکانی جیهان بە گشتی، لەگەڵ بەردەوامی هەڵسەنگاندنی ڕەفتارەکانمان و بەردەوامیی هاندان بۆ بەرەوپێشچوونیی خۆمان و پێوەندی کردن لەگەڵ هەست و سۆز ئارەزووە تایبەتمەدییەکانمان.

**8 ـ لێهاتووی چارەسەرکردنی کێشەکان:**

بە توانای بەجێهێنانی هەموو پێشنیارەکان و چارەسەرکردنی کێشە ئاڵۆزەکان دەنوێنێت، ئەوەی بەستنەوەیەکیان هەیە لەگەڵ گەشەپێدانی بەردەوام و دۆزینەوەی چارەسەکردنێکی گشتگیر و دادوەر بۆ کێشەکان.(حبیب،٢٠١٦، ص٢١ )

**9- لێهاتووی گەڕان و پشکێنین:**

بە توانای تێڕوانیین و دۆزینەوەی چەمك و بیروباوەڕەکان و چۆنیەتی وەرگرتنیان دەنوێنێت، و توێژینەوە لەسەر پەیوەندیکردن نێوانی ڕووداو و شتەکان بەهۆی تێگەیشتن و دیارکردنی.(الغریز،٢٠١٩،ص ٢٣ )

لێرەدا دیار بۆ توێژەر دەدات کە ئەم لێهاتووانە تواناییان هەیە بە گۆڕینەوەیەکی بنەڕەتانەوە لە تاکایەتی و ڕەفتار و ڕەوشتیی تاکەوە ، وئەنجامی ئەم گۆڕینەوە دیاردەدات بە بەجێهێنانی چەمکی هاووڵاتێتیی جیهانی و ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوامەوە، ئەوەی دەنوێنێت بە ڕەهەندی ( کۆمەڵایەتی ، ئابووری، ژینگەییەوە)ەوە.

**ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام:-**

گەشەپێدانی بەردەوام لە مێژەوە جێبەجێ دەکرێت و لەو کاتەی دەسیتکرا بە جێبەجێکردنی بەستنەوەیەك دەردەکەوت لەگەڵ هەموو لایەنەکانی ژیانی ئادەمیزادەوە، ئەم گەشەپێدانە پێک ناهێنرێت بەبێ فێرکردنی کۆمەڵگایەکی خوێندەوارو ڕۆشنبیر، بەهۆی ئەوەی کاتێك بەجێهێنانی پەیمان بەستنی فێرکردن بەهۆی گەشە پێدانی بەردەوامەوە، مەرجە بەیەکەوە بەستنی ئەم پەیوەندییانە بمێنێت هەتا تەواوکردنی پرۆسەی فێرکردنی فێرخوازان بەپێی بۆچوونەکانی گەشەپێدانی بەردەوام بە درێژایی ژیانی تایبەتییان، چونکە گەشەپێدانی بەردەوام و جێبەجێ کردنی دەست پێ دەکرێت پێش ئەوەی فێرخواز دەست بکات بە فێربوون هەتا ڕەگ و کاریگەریی بمێنێت و ئەنجامەکانی دیاربێت و لەسەر چالاکی و ڕەفتارەکانی ڕەنگ بداتەوە، بە مانەوەی ژیانییەوە، لەبەر ئەوە دەبێت فێرکردن و فێربوون پشت بەگەشەپێدانی بەردەوام ببەستن، بە تایبەت بە

ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام هەتا سەر بکەون و شوێنی خۆیان بگرن لە ژیانی ئەم کاتە و ژیانی ئایندەدا. (ألغريز، ٢٠١٩، ص١٢)

**ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام:**

گەشەپێدانی بەردەوام سێ ڕەهەندی سەرەکیی هەیە ئەمانن:

1- رەهەندی کۆمەڵایەتی.

2- ڕەهەندی ئابووری.

3- ڕەهەندی ژینگەیی .Mawdoo.com

**یەکەم // ڕەهەندی کۆمەڵایەتی:-**

رەهەندی کۆمەڵایەتی: بۆچوونە بەنرخەکانی رێسا و ئاین و داب و ئاساییەکان و داب و نەریت و بیروباوەڕەکان لەگەڵ شێوەی ڕەفتارو سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان لە خۆی دەگرێت. هەروەها پێناسە دەکرێت بە مافی سروشتی مرۆڤ بە ژیان لە ژینگەیەکی پاك و خاوێن و بێ خەوشدا، لە نێوانیان هەموو چالاکیەکانی تردا بەکاردەهێنێت و ئەنجامیان دەدات لەگەڵ پاراستنی مافەکانی بە وەرگرتنی بەشێکی یەکسان لە سامانە سروشتییەکاني سەرزەمینەوە، لەگەڵ مافەکانی لە رێی گەشە پێدانی مرۆڤایەتی و دابینکردنی فێرکردن و لایەنی تەندروستی و دورخستنەوەی لە هەژاری و ئازادی و مافی ئافرەتان و چەسپاندنی بۆچوونە نەتەوییەکان و مافی مرۆڤ و بەرزکردنەوەی پلەی ژیان، بەبێ کەمکردنەوەی دەرفەت و مافی نەوەکانی ئایندەوە.(أبو جوده، ٢٠١١، ص٦٣)

**دووەم// ڕەهەندی ئابووری :**

بەو ڕەهەندە دەگوترێت کە گرنگی بە فراوانتیرین و باشترین و بەسوودترین سەوداکردنە ئابوورییەکان دەدات و بەکارهێنانی دەسکەوتە ئابوورییەکان بەهۆی چارەسەرکردنی گیروگرفتە ئابوورییەکان و ئاڵۆزترین هۆیی دواکەوتنەکانی، لەگەڵ کەمکردنەوەی ڕادەی هەژاری وبەرزکردنەوەی پلەی ژیانی ئادمیزاد و چاککردنەوەی شێوە و چۆنیەتی لە ژیانی کۆمەڵگاکاندا، واتا گوزراندنی ژیان بە تەندروستی و ئاسوودەیی بەدرێژترین خایەن و وەرگرتنی زانیارەکان ئەوەی دەیگەیەنێتە گونجاوترین بەروبوومەکان بۆ گەیشتن بۆ گوزراندنی ژیانێکی شیاو و دروست، یان پرۆسەیەکە بۆ فراوانکردنی پێویستەکانی ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕامیاری و ڕۆشنبیری مرۆڤایەتی، ئەوەی ڕاپۆرتی مرۆڤایەتی عەرەبەکان لەساڵی (٢٠١٦) پێناسەی دەکرد، و بەڕاستی

خۆی هەموو ئەم شتانە دەگرێتەوە نەك هەر گەشە پێدانێكی بەردەوام لە ناوەندی دەسکەوتەکانی تاكدا.(خنجی،٢٠١٩،ص ٢)

ڕەهەندی ئابووری لە بنچینەوە پێی وایە کە ژینگە بوونە ئابووریێكی تەواوە، خاون بنكەیەكە بۆ گەشەپێدان و كاتی دەسکەوتەکانی تووشی هەر پیسبوون و پەكخستنێك ببێت، لە کۆتاییەوە دەیگەیەنێتە لاوازبوونی دەرفەتەكانی گەشەپێدان بۆ ئایندە، لەبەر ئەوە دەبێت بینراوێكی ئابووری دوور خایەن ڕەچاو بكرێت و بەكاربهێنرێت بۆ چارەسەركردنی كێشەكان بەهۆی دابینكردنی ڕەنج و سامان و دەسكەوتەكان.(العزاوي، ٢٠١٦، ص٦١)

**سێیەم// ڕەهەندی ژینگەیی:**

ڕەهەندی ژینگەیی بە دەسكەوتە سروشتییەكانەوە خۆی دەنوێنێت (ئاو ، سەرزەمین ، وزە بە هەموو شێوەكانی وهەمە جۆریی بایۆلوژی )، دەبێت بەهۆی فێربوون لەسەر گەشە پێدانی بەردەوام هەمیشە گرنگی چارەسەركردنی ئەم كێشانە دیاری بكرێت، چونكە ئەمانە بەشێكن لەهەموو گرنگی پێدراوەكانی گەشە پێدانی بەردەوام، بەتایبەتی كە ئەم پەیوەندییە كۆمەڵگایی و ئابووریانە یارمەتی توێژەران دەدەن بۆ لەخۆگرتنی ڕەفتارە نوێیەكان، بەوەی بەستنەوەیەكیان هەیە لەگەڵ پاراستنی دەسكەوتە سروشتیەكان لە هەموو جیهاندا، ئەوانەی گرنگی و پێویستییان هەیە بە گەشە پێدان و مانەوەی مرۆڤەوە، چونكە بۆ مانەوەی ئادەمیزادەكان متمانەیان هەیە لەسەر شتومەك و خزمەتگوزاریەكان ئەوەی سیستەمە ئیكۆلۆژییەكان (فەلسەفەی زانستی ژینگە) بۆیان ئامادە دەكات، بەڵكو ئەوەیە كە پاراستن و چاككردنەوەی سیستەمە ئیكۆلۆژییەكان لەسەرزەمیندا، یەكێكە لە هەتەربوونە گرنگەكانی ئەم بابەتەیە.( المندلاوي،٢٠١٥ ، ص٣٩ )

هەروەها بەستنەوەیەك هەیە لەنێوان بۆچوونی گەشەپێدانی ژینگە لەگەڵ پیسكردنی ژینگە یان بەكارهێنانێكی نادادوەری بۆ دەسكەوتەكانی سەرزەمینەوە(ألعفون،٢٠١٨، ص٤٥)، بەڵكو دەیگەیەنێتە لەنگبوونی ناوەكی و ڕووخاندنی ڕەگەزە بەهێزەكانی وڵات لە لایەك و لە لایەكی ترەوە بۆچوونی گەشەپێدانی ژینگە بەستنەوەیەكی هەیە لەگەڵ چەمەكەكانی دووبارە دروستكردنی دەسكەوتە بێ كەڵكەكان و بەئاسایشی ڕزگاربوون لە خاشاكەكان. ( بكر وألبرزنجي،٢٠٢٠، ص١٣٣ـ ١٧٤)

لێرەدا بۆ توێژەر دیار دەدات كە ڕەهەندی ژینگەیی: بریتییە لە گرنگی پێدان بە بەڕێوەبردنی دەسكەوتە سروشتییەكان ئەوەی بڕبڕەی پشتی گەشەپێدانی بەردەوامە، بەشێوەیەكی سەرەكی پشت دەبەستێت لەسەر جۆر و چەندایەتی دەسكەوتە سروشتییەكانی سەرزەمین، بەڵكو هۆی پەكخستنی ژینگە یەكێكە لە هۆیەكان، ئەوانەی دژایەتییەك دروست دەكەن لەگەڵ گەشەپێدانی بەردەوامدا، لەبەر ئەوە پێویستییەك هەیە بە زانینێكی

زانستی کاتی بەڕێوەبردنی سەرچاوە سروشتییەکان بۆ سالانی ئاینده، بەهۆی دەسکەوتنی ڕێگای پرۆگرام کراوو هاندەرو بەیەکەوە بەستراو لەگەڵ بەڕێوەبردنی سیستەمی ژینگە هەتا زۆرکردنێك لەسەری داهێنرێت..

دوو رەهەندی دیکە هەیە ( الغریز) خستە سەریان کە ئەمانەن:

ــ **ڕەهەندی تەکنۆلۆژیا :** ئەوەی دەتوانرێت بە جێ بهێنرێت لە پێناوی بەکارهێنانی ئەم بایەخانەدا:

بەکارهێنانی تەکنۆلۆژیا چاکەکان و یاسا ڕێگرەکان و کارکردن لەسەر ڕادانان بۆ پەیدابوونی ئەو گازانەی دەبنە هۆی بەندکردنی گەرمایی کەش و هەوای سەرزەمین و پاراستنی گەندەڵ بوونی چینی ئۆزۆنەوە.

ـ **ڕەهەندی ڕامیاری :** ڕەهەندی ڕامیاری کۆڵەکەیەکی سەرەکییە بۆ بەجێهێنانی گەشە پێدانی بەردەوام، ئەوەش لە پێناوی لەخۆگرتنی بۆچوونەکانی دادەوەری ڕاستگرتوو و بەڕێوەبردنی ژیانی ڕامیاری وڵات بە شێوەیەك چاودێری و پارێزراوەیی تەوەرەکانی دیمۆکراسی و نیمچە ڕوونی بکات، لەکاتی بڕیاردان و گەشەپێدانی باوەڕپێکردنی خەڵك بە حکومەتەکانیان بە پاراستنی مافەکانیان و مافەکانی نەوەی ئاینده. (الغریز،۲۰۱۹، ص۱۲

توێژەر بۆی دەرکەوت کە ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام(کۆمەڵایەتی، ئابووری و ژینگەیی) لەگەڵ ڕەگەزی مرۆڤدا بەگرنگترین ڕەگەزەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و بەتایبەت ڕەگەزی مرۆڤی دەنوێنێت بەرەهەندی کۆمەڵایەتی، چونکە ئەرکی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی لە نێوانی کۆمەڵگاکەیدا دەکەوێتە سەرشانییەوە، جگە لە بەکارهێنانی هەموو وزەکانی بۆ باشکردنەوەی ئاستی گوزەرانی هەتا رزگاربوون یان کەمکردنەوەی هەژاری، جگە لە پاراستنی ژینگەی مانەوەیی لەپێناوی کەمکردنەوەی پیسی و پەیڕەوکردني زانستي و کاتی ئەنجامدانی ئەرکەکان و هاندان بەرەو فیربوونی باشترین ڕێگای بەسوود بۆ خۆی و کۆمەڵگاکەی کاتی بەجێهێنانی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام.

# تەوەری دووەم

## لێکۆڵینەوەکانی پێشوو

**لێکۆڵینەوەی عەرەبییەکان:**

**1- لێکۆڵینەوەی المندلاوي(٢٠١٥) :**

أ - شوێنی لێکۆڵینەوەکە: کۆماری عێراقی فیدراڵ .

**ب -** ئامانجی لێکۆڵینەوە: هەڵسەنگاندنی پەتووکەکانی زمانی عەرەبی بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی بە هۆی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوامدا.

**پ -** جۆری ڕێبازی پەیڕەوکراو: ڕێبازی وەسفیی شیکراو.

**ت -** ئامرازی لێکۆڵینەوە : بەکارهێنانی لیستەی ڕاپرسی، کۆمەڵێك لە پێوەرەکانی ڕەهەندە سەرەکییەکانی گەشەپێدانی بەردەوام( ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ڕەهەندی ئابووری، ڕەهەندی ژینگەیی) دەگرێتە خۆی.

**ج -** ئامرازە ئامارییەکان**:** دووبارەکراوەکان، ڕێژەی سەدی، هاوکێشەی سکۆت ( scott) بۆ دیاریکردنی هاوکۆلکەی ڕێککەوتن.

**چ -** نموونەیلێکۆڵینەوە: پەرتووکی خوێندنەوەی زمانی عەرەبی بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەیی و پەریووکی ڕێزمانی زمانی عەرەبی بۆ پۆلی شەشەمی ئامادەییەوە.

**ح -** ئەنجامەکانیلێکۆڵینەوەکە:

1- هەردوو پەرتووکەکە ڕهەندە سەرەکییکەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لە خۆیان دەگرن .

2 - هەردوو پەرتووکەکە گرنگیاندا بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و کەم تەرخەمییاندا بە ڕەهەندی ئابووری و ژینگەیی.

3 - جیاوازی نێوانی ڕێژە سەدەیەکان کاتی دابەشکردنی بابەتەکانی هەردوو پەرتووکە بە هۆی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام بە شێوەیەکی یەکسانییەوە، لە بەر ئەوە پلەی یەکەم لە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی دیاردا بەدوایی ڕەهەندی ئابووری هات و لەشوێنی ڕەهەندی ژینگەییەوە. (ألمندلاوي،٢٠١٥،ص١٣٠)

**2 -لێکۆڵینەوەی حسين ( ٢٠١٦) :**

أ ـ شوێنی **لێکۆڵینەوەکە** : کۆماری عێراقی فیدراڵ.

**ب ـ** ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: هەڵسەنگاندنی پەرتووکی خوێندنەوە بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی بە پێی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوامدا.

**پ ـ** جۆری ڕێبازی پەیڕەوکراو: ڕێبازی وەسفی شیکراو.

**ت ـ** ئامرازی لێکۆڵینەوەکە**:** بەکارهێنانی لیستەی ڕاپرسی، کۆمەڵێك لە پێوەرەکانی ڕەهەندە سەرەکییەکانی گەشەپێدانی بەردەوام( ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ڕەهەندی ئابووری، ڕەهەندی ژینگەیی) دەگرێتە خۆی.

**ج ـ** ئامرازە ئامارییەکان: دووبارەکراوەکان، ڕێژەی سەدی، هاوکێشەی سکۆت ( scott ) بۆ دیاریکردنی هاوکۆلکەی ڕێککەوتن.

**چ ـ** نموونەی و کۆمەڵگاکەی لێکۆڵینەوەکە**:** پەرتووکی خوێندنەوەی پۆلی سێیەمی ناوەندی .

**ح ـ** ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە**:**

1- پەرتووکی خوێندنەوە بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی کە هەموو ڕەهەندە سەرەکییەکانی گەشەپێدانی بەردەوام دیگرت بەڵام بە ڕێژەیەکی جیاوز.

2- ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام پەیوەندی دەکات بە ڕۆشنبیرکردنی نەوە تازەکان و بە گرنگیدان بە تاك لە نێوانی گۆمەڵگاکان و توندکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانەوە، لەگەڵ گرنگی دان بە پاراستنی سامانەکانی نیشتمان بۆ نەوەکانی ئایندە.

3 ـ ناساندنی فێرخوازان بە ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام، چونکە کاریگەرییەکی بەسوودی هەیە لە ژیانیان . (حسين، ٢٠١٦،ص١٢٠ـ ١٥٨)

**3- لێکۆڵینەوەکەی حسين(٢٠١٧) :**

**أـ** شوێنی لێکۆڵینەوەکە: کۆماری عێراقی فیدراڵ.

**ب ـ** ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەرتووکی پۆچوونەکانی ئابووری بۆ پۆلی پێنجەمی زانستی(کردارەکی) بە گوێرەی چەمکەکانی گەشەپێدانی بەردەوام بوو.

**پ ـ** جۆری ڕێبازی پەیڕەوکراو: وەسفی، ئەوش بەکارهێنانی شێوازی شیکردنەوەی ناوەڕۆک

**ت -** ئامرازی لێکۆڵینەوەکە : بەکارهێنانی لیستەی ڕاپرسی کە چەمکەکانی گەشەپێدانی بەردەوام تیایە و لە (56) بەند پێکدێت و بەش بەش کراو لەسەر سێ ڕەهەندی سەرەکی (کۆمەڵایەتی، ئابووری و ژینگەیی) ڕێکخراوە.

**ج -** نموونەی لێکۆڵینەوەکە: پەرتووکی بۆچوونەکانی ئابووری بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی زانستیی(کردارەکی) لە ساڵی (2016 - 2017) .

**ج -** ئامرازە ئامارییەکان: دووبارەکردنەوەکان و ڕێژی سەدی.

**ح -** ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە:

1 - کەمتەرخەمی زۆر بوو لە پەرتووکی پۆچوونەکانی ئابووری بۆ پۆلی پێنجەمی زانستیی(کردارەکی) لە دیاریکەرە سەرەکی و لاوەکییەکانی هەموو چەمکەکان .

2 - نەبوونی چوارکێشەیەکی گرنگ لە چەمکی کۆمەڵایەتی لە نێوانی پەرتووکەکە کە ئەوانن( دادوەریی کۆمەڵایەتی، دانیشتوان، دابینکردن و ئاسایش).

3- گرنگیدان بە چەمکی ئابووری ئەوەی بە( گەشەپێدانی ئابووری و بابەتەکانی بەرهەمهێنان و خەرجکردن)دەنواند .

4 - نەبوونی دوودیاریکەری گرنگ لە چەمکی ژینگەیی(جۆراوجۆریی زیندەوارەکان و ئاوە شیرینکان). (حسین ،٢٠١٧،ص٣٦٥)

**4 - لێکۆڵینەوەیعبدالرضا(٢٠١٧) :**

**أ-** شوێنی لێکۆڵینەوەکە: کۆماری عێراقی فیدراڵ.

**ب -** ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەرتووکی کیمیا بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی بەپێی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام.

**پ -** جۆری ڕێبازی پەیڕەوکراو: ڕێبازی وەسفی شیکراو .

**ت -** ئامرازی لێکۆڵینەوەکە: بە کارهێنانی لیستەی ڕاپرسی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام تییایە، لە (43) دیاریکەر لاوەکی بەش بەش کراو لە سەر سێ ڕهەند لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی گەشەپێدانی بەردەوامدا.

**ج -** ئامرازە ئامارییەکان: هاوکێشەی هۆلستی ، ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمێرەیی.

**چ -** نموونەی لێکۆڵینەوەکە: پەرتووکی کیمیا بۆ پۆلی سێیەمی ناوەندی.

**ح -** ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە:

1- ئەنجامی لێکۆڵینەوەکە ئەوە بوو کە پەرتووکی شیمیا بۆ پۆلی سێیەم ناوەندی جێبەجێیی (20) دیاریکەری لاوەکی دەکرد و ڕێژەی (51.46٪) هێنا.(عبدالرضا، ٢٠١٧،ص٣٢٦- ٣٥٠)

**5- لێکۆڵینەوەی عبید (2017):**

**أ -** شوێنی لێکۆڵینەوەکە: کۆماری عێراقی فیدراڵ.

**ب -** ئامانجی لێکۆڵینەوەکە : لێکۆڵینەوەکە شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەرتووکی بابەتی جیوگرافیا پۆ پۆلی یەکەمی ناوەندی بە پێی چەمکەکانی گەشەپێدانی بەردەوام.

**پ -** جۆری ڕێبازی پەیڕەوکراو: ڕێبازی وەسفی شیکراو.

**ت -** ئامرازی لێکۆڵینەوەکە: بەکارهێنانی لیستەیەکی ڕاپرسیکە بابەتی چەمکەکانی گەشەپێدانی بەردەوام تیایە ئەوەی لەسەر (56) دیاریکەر بەش بەش کراوە لە سێ چەمك لە چەمکەکانی گەشەپێدانی بەردەوام کە وەك هۆیەك بۆ توێژینەوەکە.

**ج -** ئامرازە ئامارییەکان: ڕێژەی سەدی ، هاوکێشەی هۆڵستی.

**چ -** نموونەی لێکۆڵینەوەکە: شیکەرە دەرکییەکان لەگەڵ خودی توێژەر .

**ح -** ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە:

1- کەم گرنگیدان بە کێشە لاوەکییە کەمتەرخەمی پێی دراوە و کارکردن لەسەر دابینکردنی بوونیان لە نێوانی پەرتووکی جیۆگرافیای پۆلی یەکەمی ناوەندیدا .

2 - دروستکردنی پرۆگرامێك بە هۆی چەمکەکانی گەشەپێدانی بەردەوام هەوڵدەدات بە پێکەوەنانی ئەم چەمکانە نێوانی پەرتووکی جیۆگرافیای پۆلی یەکەمی ناوەندییەوە. (عبید،٢٠١٧، ص٢١- ٤٢)

**6 ـ لێکۆڵینەوەی العويضي و العتيبي(٢٠١٧) :**

**أ -** شوێنی لێکۆڵینەوەکە: وڵاتی شانشینی عەرەبی سعودی.

**ب -** ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: دیاریکردنی پلەی لە خۆگرتنی پەرتووکی زمانە جوانەکەم(لغتي الجميلة) بۆ پۆلی چوارەمی سەرەتاییدا.

**پ -** جۆری ڕێبازی پەیڕەوکراو: شێوازی شیکردنەوەی ناوەڕۆك.

**ت -** ئامرازی لێکۆڵینەوەکە: لیستەی پێوەرەکان  لە (41) پێوەر  پێك دێت .

**ج -** ئامرازە ئامارییەکان: یەکێتیی چەمك و ناوەڕۆك ڕێژەی سەدی و دووبارەکراوەکان.

**چ -** نموونەی لێکۆڵینەوەکە: پەرتووکی زمانە جوانەکەم(لغتي الجميلة) بۆ پۆلی چوارەمی سەرەتاییدا.

**ح -** ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە:

1 - چەمکەکانی بواری ژینگەیی بەڕێژەی( 43.3% )  بەرزترین ڕێژە بوو کە پەرتووکی  زمانە جوانەکەم(لغتي الجميلة) بۆ پۆلی چوارەمی سەرەتایی (لغتى ألجميلة) لە خۆ دەگرت، دوای ئەو بواری کۆمەڵایەتی بە ڕێژەی  ( 31.6% )،  و ئابووری بە ڕێژەی(25.2٪) یەك لە دوای یەك  دەهات.   (العويضي و العتيبي،٢٠١٧،ص٣٢٥)

**7- لێکۆڵینەوەی الركابى (٢٠١٨) :**

**أ-** شوێنی لێکۆڵینەوەکە توێژینەوەکە**:** کۆماری عێراقی فیدراڵ.

**ب -**  ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: ناساندنی گوێرەی ڕێژەی لەخۆگرتنی ناوەڕۆکی پەرتووکی گیانداران بۆ قۆناغی ئامادەیی لە رەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام .

**پ -** جۆری ڕێبازی پەیڕەوکراو: ڕێبازی وەسفی شیکراو .

**ت -** ئامرازی لێکۆڵینەوەکە: بەکارهێنانی لیستەی ڕاپرسی لە ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لە خۆی دەگرێت و (58) دیاریکەر تیایە  و بەش بەشکرابوو لەسەر (3) ڕەهەندی سەرەکی لە ڕەهەندەکانی گەشەسەنەنی بەردەوام(کۆمەڵایەتی، ئابووری، ژینگەیی).

**ج -** نموونەی لێکۆڵینەوەکە: پەرتووکەکانی زانستیی زیندەوەرزانی بۆ قۆناغی ئامادەیی ساڵی خوێندەوەی(2016ز- 2017ز) بوو

**چ -** ئامرازە ئامارییەکان: دووبارەکردنەوەکان و ڕێژی سەدی.

**ح -** ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە:

1- پرۆگرامی پۆلی شەشەم بەکاری ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام هێنا بە ڕێژەیەکی بەرزەوە، دوای ئەوە پۆلی چوارەم هات و پۆلی پێنجەم بە دواهەمین پۆل بوو.

2 ـ له لایەنی بەکارهێنانی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام له پرۆگرامی بابەتەکانی قۆناغەکان، بەکاری ڕەهەندی ژینگەیی به ڕێژیەکی بەرزەوه، دوای ئەو ڕەهەندی کۆمەڵایەتی هات و دواهەمێنیان ڕەهەندی ئابووری بوو. (الرکابی٢٠١٨،ص١٩٠ـ ١٧٥)

**8 ـ لێکۆڵینەوەی غانم(٢٠١٩):**

**أ ـ** شوێنی لێکۆڵینەوەکه :**وڵاتی ئوردون.**

**ب ـ** ئامانجی لێکۆڵینەوەکه : پلەی بەها لێنانی پەرتووکەکانی زمانی عەرەبی له پۆله یەکەمینیەکانی وڵاتی ئوردون له پێوەرەکانی گەشەپێدانی بەردەوامدا.

**پ ـ** جۆری ڕێبازی پەیڕەوکراو: ڕێبازی وەسفی به شێوازی شیکردنەوەی ناوەڕۆك.

**ت ـ** ئامرازی لێکۆڵینەوەکه: به کارهینانی فۆرمیك بۆ شیکردنەوەی پێوەرەکانی گەشەپێدانی بەردەوام

**ج ـ** ئامرازه ئامارییەکان: دووبارەکراوەکان، ڕێژەی سەدی

**چ ـ** نموونەی لێکۆڵینەوە و کۆمەڵگاکەی: پەرتووکەکانی زمانی عەرەبی له پۆله یەکەمینیەکان( یەکەم، دووەم، سێیەم) له وڵاتی ئوردون

**ح ـ** ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە:

1 ـ بەها لێنانی پەرتووکەکانی زمانی عەرەبی له پۆله یەکەمینیەکان( یەکەم، دووەم، سێیەم) له لایەنی پێوەرەکانی گەشەپێدانی بەردەوام گەیشته پەلەیەکی بەرز.

2 ـ هەبوونی جیاوازییەك له دووبارەکراوەکان و ڕێژه سەدییەکان له پێوەرەکانی گەشەپێدانی بەردەوام ئەوەی بایەخ پێیان دراوه له پۆلی (یەکەم و دووەم و سێیەم)،

3 ـ بەرزترین پله له پێوەرەکان دیاردا له پۆلی سێیەمەوە.( غانم،٢٠١٩، ص ١٤٠)

**9ـ لێکۆڵینەوەی الغریز(2019)** :

**أـ** شوێنی لێکۆڵینەوەکه: وڵاتی فەڵەستین.

**ب ـ** ئامانجی لێکۆڵینەوەکه شیکردنەوەی پەرتووکەکانی( زانستەکانی ژیان )بۆ پۆلی دەیەم و یازدەهەمی قۆتابخانەکانی غەزه له وڵاتی فەلەستین به هۆی ڕێساکانی گەشەپێدانی بەدەوام و ئەندێشەکردنی پێشنیازێك بۆ دەوڵەمەندکردنی .

**پ ـ** جۆری ڕێبازی پەیڕەوکراو**:** ڕێبازی وەسفی شیکراو.

**ت -** ئامرازی لێکۆڵینەوەکە: لیستەیەك لە ڕێساکانی گەشەپێدانی بەردەوام .

**ج -** ئامرازە ئامارییەکان: دووبارەکراوەکان، ڕێژەی سەدی، هاوکێشەی هۆڵستی بۆ دیاریکردنی هاوکۆلکەی ڕێکەوتی.

**چ -** نموونەی لێکۆڵینەوە و کۆمەڵگاکەی: پەرتووکەکانی (زانستەکانی ژیان) بۆ پۆلی دەیەم و یازدەهەمی قوتابخانەکانی غەززە لە وڵاتی فەڵەستین .

**ح -** ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە:

1- سوود وەرگرتن لە لیستەی گەشەپێدانی بەردەوام ئەوەی توێژەر ئامادەی دەکرد لە قۆناغە فێرکارییە جیاوازەکان.

2 - نەبوونی هاوسەنگی لە ڕێژەی لە خۆگرتنی ڕێساکانی گەشەپێدانی بەردەوام نێوانی پەرتووکەکانی (زانستەکانی ژیان)ەوە.

3 - کەم گرنگیدان بە نیشاندەرە لاوەکییەکان نێوانی پەرتووکەکانی (زانستەکانی ژیان)ەوە.(ألغريز، ٢٠١٩،ص ٩٧)

**10- لێکۆڵینەوەی الاکلبي و سيف (2019):**

**أ-** شوێنی لێکۆڵینەوەکە: شانشینی عەرەبی سعودی.

**ب -** ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: هەڵسەنگاندنی ناوەڕۆکی پەرتووکەکانی وتەکانی پێغەمبەر و ڕۆشنبیریی ئیسلامی بۆ فێرخوازانی قۆناغی ئامادەیی بە هۆی گەشەپێدانی بەردەوام بە پێی بینینی(2030م) لە وڵاتی سعودیە٠

**پ -** جۆری ڕێبازی پەیڕەوکراو: ڕێبازی وەسفی شیکراو.

**ت -** ئامرازی لێکۆڵینەوەکە:

1- بەکارهێنانی ڕاپرسێك بۆ گەشەپێدانی بەردەوام بینینی(2030) لە وڵاتی سعودیە هەڵدەسەنگێنێت .

2 - بەکارهێنانی فۆرمی شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەرتووکەکانی وتەکانی پێغەمبەر و ڕۆشنبیریی ئیسلامی بۆ فێرخوازانی قۆناغی ئامادەیی بە هۆی گەشەپێدانی بەردەوام بە پێی بینینی(2030) لە وڵاتی سعودیە٠

**ج -** ئامرازە ئامارییەکان : هاوکێشەی هۆلستی، دووبارەکراوەکان ، ڕێژەی سەدی.

**چ -** نموونەی لێکۆڵینەوە و کۆمەڵگاکەی: پەرتووکەکانی وتەکانی پێغەمبەر و ڕۆشنبیریی ئیسلامی بۆ فێرخوازانی قۆناغی ئامادەیی (2018 - 2019)

**ح -** ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە:

1 - جیاوازییەك هەیە لە نێوانی ئەنجامەکان.

2 - کۆمەڵێك لە دیارکراوەکان ئاماژە لێیان نەکراوە لە ناوەڕۆکی پەرتووکەکانی وتەکانی پێغەمبەر و ڕۆشنبیریی ئیسلامی بۆ قۆناغی ئامادەیی. (ألاكلبي وسيف، ۲۰۱۹، ص١٤٨)

**11- لێکۆڵینەوەی بارعيده و الزبيدي( ۲۰۲۱) :**

**أ-** شوێنی لێکۆڵینەوەکە: شانشینی عەرەبی سعودی.

**ب -** ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: لە

1- ئامادەکردنی لیستەیەك بە ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام بۆ پەرتووکی جۆگرافیای خوێندنی ئامادەیی .

2 - دیاریکردنی پلەی لە خۆگرتنی پەرتووکی جوێگرافیای خوێندنی ئامادەیی لە ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام.

3 - پێشکەشکردنی پێشنیازێك بە لە خۆگرتنی پەرتووکی جۆگرافیای خوێندنی ئامادەیی لە ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام.

**پ -** جۆری ڕێبازی لێکۆڵینەوەکە : ڕیبازی وەسفی شیکراو.

**ت -** ئامرازی لێکۆڵینەوەکە: بەکارهێنانی لیستەیەك لە(43) بەند هێنا کە بەش بەشکرا لەسەر سێ تەوەری سەرەکی لە ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوامدا.

**ج -** نموونەی لێکۆڵینەوەکە: پەرتووکی جیوگرافیا لە خوێندنی ئامادەیی( سیستەمی بڕیاردراو) ساڵی(2020/2019).

**چ -** ئامرازە ئامارییەکان: هاوکێشە هۆلستی ، ڕێژەی سەدی ، دووبارەکراوەکان.

**ح -** ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە:

1- ئایا پەرتووکی زانستەکان بۆ پۆلی دووەمی سەرەتایی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لە خۆ دەگرێت؟.(بارعيده و ألزبيدي، ۲۰۲۱ ص٥١٣- ٥٩٠)

**لێکۆڵینەوە بیانییەکان:**

**1 ـ لێکۆڵینەوەی ( Klavins & Pelnena (2010:**

أ ـ شوێنی لێکۆڵینەوەکە: لاتڤیا.

**ب ـ** ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: ناساندنی هۆیەکان ئەوەی دەزگاکانی خوێندنی باڵا لە لاتڤیا بەکاری دەهێنن کاتی فێرکردن بە هۆی گەشەپێدانی بەردەوام لە پرۆگرامەکانیان.

**پ ـ** جۆری ڕێبازی پەیڕەوکراو**:** هەردوو توێژەرەکە پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکراوەیان دەکرد.

**ت ـ** ئامرازی لێکۆڵینەوەکە: ڕاپرسێک بەکاریان هێنا لە (8) زانکۆ ئەوانە نموونەی تۆێژینەوەکە بوون.

**ج ـ** ئامرازە ئامارییەکان: دوبارەکراوەکان و ڕێژەی سەدی.

**چ ـ** نموونەی لێکۆڵینەوەکە و کۆمەڵگاکەی: (8) زانکۆ لە وڵاتی لاتڤیا.

ح ـ ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە.

1 ـ دەزگاکانی خوێندنەوەی باڵا لە وڵاتی لاتڤیا لە پلە سەرەتاییەکەی گۆڕاندنی پرۆگرامەکانیان بەرەو فێرکردن بە هۆی گەشەپێدانی بەردەوام بوو.**(272 -P264 (Klavins & Pelnena ,2010,**

**2 ـ لێکۆڵینەوەی ( Incekara & Tuna(2011 :**

**أ ـ** شوێنی لێکۆڵینەوەکە : وڵاتی تورکیا

**ب ـ** ئامانجی لێکۆڵینەوەکە: دیارکردنی کوێرەی زانیاریی فێرخوازنی قۆناغی ئامادەیی بە ژینگە و گەشەپێدانی بەردەوام.

**پ ـ** جۆری ڕێبازی پەیڕەوکراو: ڕێبازی وەسفی.

**ت ـ**ئامرازی لێکۆڵینەوەکە**:** ئامادەکردنی لیستی ڕاپرسی.

**ج ـ** ئامرازە ئامارییەکان: دووبارەکراوەکان و ڕێژەی سەدی.

**چ ـ** نموونەی لێکۆڵینەوەکە: کۆمەڵێك لە فێرخوازانی قۆناغی ئامادەیی.

ح ـ ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوەکە:

1 ـ هەبوونی جیاوازییەك لە نێوانی فێرخوازان بە ناساندنی هەندێك لە بابەتەکانی ژینگە و ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوامدا. **( 27- Incekara & Tuna,2011 ,p21)**

## هاوسەنگی لێکۆڵینەوەکانی پێشوو:

**یەکەم / لە ڕووی شوێنی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەکە:**

لێکۆڵینەوەکانی: المندلاوی( 2015) ،حسین(2016)، حسین( 2017)، عبدالرضا( 2017)، عبید(2017)، الرکابی (٢٠١٨) لە کۆماری عێراقی فیدراڵ ئەنجام دراون ، بەڵام لێکۆڵینەوەکانی وڵاتە عەرەبییەکان وەك العویضي و العتیبي(2017) ، ألاکلبي و سیف( 2019)، بارعیده و ألزبیدي(2021) لە شانشینی عەرەبی سعودی ئەنجام دراون و لێکۆڵینەوەکەی ألغریز( 2019) لە وڵاتی فەلستین ئەنجام دراوە و لێکۆڵینەوەکەی غانم (2019) لە وڵاتی ئوردون ئەنجامی دراوە و لێکۆڵینەوە بیانییەکان وەك لێکۆڵینەوەکەی**( Klavins & Pelnena( 2010** لە وڵاتی لاتڤیا و لێکۆڵینەوەکەی **(2011 ) Incekara & Tuna** لە وڵاتی تورکیا ئەنجامی دراه.

**دووەم / لەڕووی ڕێبازی پەیڕەوکراو:**

لێکۆڵینەوەکانی بارعیده و الزبیدي( 2021)، الاکلبي و سیف ( 2019) ، ألغریر، 2019()، الرکابی (2018) ، عبدالرضا (2017) ، عبید ( 2017)، العویضي و العتیبي(2017)، حسین ( 2016) و المندلاوي ( 2015) پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکراو .

بەڵام لێکۆڵینەوەکانی غانم (2019) ،( **Incekara & Tuna ( 2011** و**( 2010 ) Klavins & Pelnena** پەیڕەوی ڕێبازی ژمارەی دووبارەکراوەکان و ڕێژەی سەدیان دەکرد

هەروەها لێکۆڵینەوەیحسین (2017) پەیڕەوی ڕێبازی وەسفی شیکراو دەکرد بەڵام ئەوش بەکارهێنانی شێوازی شیکردنەوەی ناوەڕۆکەوە.

**سێیەم/ لە ڕووی نموونەی لێکۆڵینەوەکان:**

زۆترین لێکۆڵینەوەکان نموونەی لێکۆڵینەوەکانیان پەرتووکی بڕیادراوەکە بوو وەك : لێکۆڵینەوەکەی بارعیده و الزبیدي( 2021)، غانم(2019) ، ألاکلبي و سیف( 2019)،

الغريز(2019)، الركابى(2018)، عبدالرضا( 2017) ،حسين( 2017)، العويضي و العتيبي(2017) ، حسين( 2016) و لێكۆڵینەوەكەی المندلاوی(2015) .

بەڵام لێكۆڵینەوەی( **Incekara & Tuna ( 2011** نموونەكەی كۆمەڵێك لە فێرخوازانی قۆناغی ئامادەیی بەوو و لێكۆڵینەوكەی( **Klavins & Pelnena ( 2010** كۆمەڵێك لە فێرخوازانی (8) زانكۆ لە وڵاتی لاتڤیا بوو و توێژینەوەكەی عبید(2017) نموونەكەی شیكەرە دەركییەكان لەگەڵ خودی توێژەر بوو.

**چوارەم / لە ڕووی ئامرازەكانی لێكۆڵینەوە:**

هەموو لێكۆڵینەوەكان لیستەی ڕاپرسی وەك ئامرازێك بۆ شیكردنەوەی ناوەڕۆكی لێكۆڵینەوكان بەكاری هێنا.

**سوودوەرگرتن لە لێكۆڵینەوكانی پێشوو:**

**1-** ئەم لێكۆڵینەوەیە ڕێك لەگەڵ زۆرترین لێكۆڵینەوە پێشووەكان دەكەوێت لە بەكارهێنانی ڕێبازی وەسفی شیكراو و لیستەی شیكردنی ناوەڕۆك و نموونەی لێكۆڵینەوكەی.

**2-** هەموو لێكۆڵینەوكان پەیڕەوی ڕێبای وەسفی شیكراویان دەكردن .

**3 -** لێكۆڵینەوكان دابەشكرابوون لەسەر چەند وڵاتێك وەكو عێراق و سەعوودیە و ئوردن و فەلەستین و لاتیڤیا و توركیا.

**4 -** هەموو لێكۆڵینەوكان بڕیاریاندا بە گرنگی گەشەپێدانی بەردەوام بۆ فێرخوازان و ناساندنی ڕەهەندەكانی.

**5 -** جیاوازیی ئەم لێكۆڵینەوەیە لە لێكۆڵینەوكانی دیكە بە هەڵسەنگاندنی پەرتووكی زمان و ئەدەبی كوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لە كۆماری عێراقدا بوو.

**6 -** ئەم لێكۆڵینەوەیە ڕێك لەگەڵ زۆرترین لێكۆڵینەوە پێشووەكان دەكەوێت بە بەكارهێنانی ڕێبازی وەسفی شیكراو و لیستەی شیكردنی ناوەڕۆك و نموونەی لێكۆڵینەوەكە.

7 **-** نموونەی زۆرترین لێكۆڵینەوكان پەرتووكە فەرمییەكان بوو، جگە لە لێكۆڵینەوەی **( Incekara & Tuna ( 2011** نموونەكەی كۆمەڵێك لە فێرخوازانی قۆناغی ئامادەیی بەوو و لێكۆڵینەوەكەی **( Klavins & Pelnena ( 2010** كۆمەڵێك لە خوێندكارانی (8) زانكۆ بوو و لێكۆڵینەوەكەی عبید(2017)نموونەكەی شیكەرە دەركییەكان لەگەڵ خودی توێژەر بوو.

# بەشی سێیەم

## پرۆگرامی توێـــژینـــەوە و ڕێکارەکـانی

یەکەم / کۆمەڵگای توێژینەوە و نموونـــەکەی

دووەم / ئـــامـــرازی تـــوێـــژیـــنـــەوە

سێیەم / ئـــامـــادەکردنی ئامرازی توێژینەوە

چوارەم / ڕاســـت و دروســـــــتـــــی

پێنجەم / جـــێـــگـــیـــــــــری

شەشەم /پراکتـــیـــزەکـــردنـــی ئامـــرازەکـــە

حەوتەم / ئـــامـــرازە ئـــامـــاریـــیـــەکان

## بەشی سێیەم/ پرۆگرامی توێژینەوە و ڕێکارەکانی:

### 1 - پرۆگرامی توێژینەوەکە:

توێژەر پرۆگرامی وەسفی(Descriptive Research) پەڕەو دەکرد بۆ شیکردنەوەی ناوەڕۆکی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بە پێی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام، ڕێبازی وەسفیی شیکراو یەکێکە لە ڕێبازە بەکارهێنراوەکانی زانستی پەروەردە و دەروونیەکانن، ئیش و کارە سەرەکییەکەی گەڕانە بە دوای دیاردەیەك یان کێشەیەکی دیاریکراودا، ئایا ڕوودان و بوونی هەیە؟ بە هۆی دەست نیشانکردن و پێشاندانی لایەنەکان و ناساندنی پەیوەندییەکان لە نێوان ڕەگەزەکانی، یان لەگەڵ خۆی و دیاردەی زانیاری و دەروونی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکەدا. (الاغا و الاستاذ،٢٠٠٢، ص١٣ )

هەروەها ڕێبازی وەسفی، ئەم ڕێبازە گرنگی بە دیاردەکانی لێکۆڵینەوە دەدات دەدات ، زۆر جاریش بە پرۆسەکانی پێشبینی کردنی دیاردەکان و ئەوەی لێی دەکۆڵێتەوە، لەگەڵ چەسپاندنی گرنگی ئەم جۆرە ڕێبازە کە خۆی نەك کۆی ڕۆتینی لە ڕاستیی دیاردەکان دەکات، بەڵام دەبێ کۆشش بۆ دیاریکردنی پلەی بوونی ئامرازەکان بکرێت لە هەموو هەڵوێستە دیاریکراوەکان و دیاریکردنی ڕێژەی گرنگییان بۆ دیاردەکات ، جگە لەوەش دەبێت ڕێبازی وەسفی بەکار بهێنین بۆ دیارکردنی پەیوەندییەکان لە نێوان دیاردەکاندا. (دویدار،٢٠١٠، ص٢٠)

ڕێبازی وەسفی یەکێکە لە شێوەکانی شیکردنەوە، بۆ ڕوونکردنەوەی دیاردەی زانستێکی ڕێکخراو یان کێشەیەك، بۆ ستایشکردنی دیاردە یان کێشە دیاریکراوەکە و دەستکردن بە پێکهێنانی بە شێوەیەکی گشتی لە ڕێگای کۆکردنەوەی ئەنجامەکان بەشێوەیەکی زانیاریانە، بە هۆی پۆلێن کردن و شیکردنەوەیی بە لێکۆڵینەوەیەکی ورد.( ألجبوری، ٢٠١٣، ص١٩٧)

توێژەر شێوازی شیکردنەوەی ناوەڕۆك (Content Analysis ) پەیڕەوی دەکات، ئەمەش یەکێکە لەو شێوازانەی گرنگی بە توێژینەوە دیاردەکان ( For survey studies)و ئەوەی وەسفی دەگرێتە خۆی دەدات، شێوازێکە وەسفی بابەتێك پێشکەش بە شێوەیەکی بابەتیانە دەکات لەگەڵ وەسفێکی دەرەکی بۆ ناوەڕۆکە دیاریکراوکە لەگەڵ ئامرازەکان ئەوەی پەیوەندییان هەیە بە ناوەڕۆك، ئەم شێوازە سوودی هەیە بۆ ئاراستە کردنی پرۆگرام و پەرتووکە فەرمییەکان. (المدخلي، ٢٠٢١، ص٥)

ئەم شێوازە متمانە لەسەر پێشکەشکردنی بڕیارە دیاریکراوەکان لەسەر ناوەڕۆکە شیکراوەکە دەکات ، لەگەڵ دەرخستنی ئەنجامەکانی سروشت و شێوە کشتییەکەی

ناوەڕۆکەکە کە توێژەر ئامانجی ئەوەیە پێی بگات یان ئەوەی دەتوانێت پێی بگاتە بڕیار بەوەی لە ناخەوە بەستراوە بە ناوەڕۆکە شیکراوەکە و ئامانجەکانی خاون توێژینەوەکە کە دەگونجێت لەگەڵ بیردۆزە فێرکارییەکان ئەوەی هەوڵدەدات بۆ جێبەجێکردنی لە پرۆسەی شیکردنەوەکەدا.( عملية، ٢٠١٧، ص٢٦ )

**2 ـ کۆمەڵگای توێژینەوە و نموونەکەی:**

کۆمەڵگای توێژینەوەکە لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی پێك هاتووە، کە ئەم پەرتووکە دانراوە لە سەر دەستی لێژنەیەك لە وەزارەتی پەردوەردەی عێراقی فیدراڵەوە(*)، ئەم پەرتووکە لە (٢٠٨) لاپەڕە پێك دێت، بابەتەکانی (٣٣) بابەتە دابەشکراوە لەسەر (١٥) بابەت بۆ ڕێزمان و (٧)بابەت بۆ وتووێژ و (٣) بابەت بۆ وێژەی کوردی و (٥) بابەت بۆ خوێندنەوەی زمانی کوردی و (٣) بابەت بۆ ورەگێران.

دوای تێڕوانینی توێژەر بۆ بابەتەکانی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، شیکاریی ناوەڕۆکەکانیان دەکرد بەپێی ڕەهەندە سەرەکییەکانی گەشەپێدانی بەردەوام ئەوانەی لە (ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ڕەهەندی ئابووری، ڕەهەندی ژینگەیی) پێکدێت.

**3- ئامرازی توێژینەوەکە:**

ئامانجی ئەم توێژینەوەیە هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردییە بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بە پێی ڕەهەندەکانی گەشە پێدانی بەردەوام بە هۆی دیاریکردنی کۆێرەی جێبەجیکردنی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام( ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ڕەهەندی ئابووری، ڕەهەندی ژینگەیی) کە دەگونجێن لەگەڵ ئەم توێژینەوەیە بەردەست نەبوو، توێژەر لە ڕێگەی خوێندنی بەڵگەنامەی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە پێناوی گەشەپێدانی بەردەوام و پەرتووکی یۆنسکۆ ( بەروەردە لە پێناوی گەشەپێدانی بەردەوام بە هەردوو بڕوانامەی عەرەبی و ئینگلیزی)ەوە لەگەڵ چەندین توێژینەوەی پێشوو ئەوانەی پەیوەندییان هەیە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەدا و

---

(*) د. مەهاباد عبدولکەریم، حوسێن یارە ئەحمەد جاف، عوسمان عەلی مەحموود و حوسێن عوسمان مەعروف/ چاپی دووەم / ١٤٣٦هـ ـ ٢٠١٥م ـ ٢٧١٥ کوردی و دانراوە بۆ ساڵی خوێندی ٢٠٢٠ـ ٢٠٢١م.

هەندێکیش لە چاپکراوە و سەرچاوە زانستییەکان کە گرنگی دەدەن بە بابەتی گەشە پێدانی بەردەوام و ڕەهەندەکانی، جگە لەو پەرتووک و توێژینەوەکان کە دانەرەکانیان کاتی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی ناوەڕۆکی توێژینەوەکانیان پەیڕەوی ڕێبازی وەسفییان دەکرد، بەهۆی گەیشتن بە ئەنجامەکان ئەوەی بە پێیان گەیشتن بە بڕیاردان و پێشنیازکردن، بە هۆی گەیشتن بە ئامانجی پەرەسەندن و بەرەوپێشچوونی پرۆسەی پەروەردە و پرۆگرامەکانی خوێندندا.

توێژەر لەکۆمەڵێك لە دەرخستەکاندا وەرگێڕانی دەکرد و بە شیکردنەوەی بابەتەکانی پەرتووکەکە چەند دەرخستێکی دیکە دەردەهێنا، جگە لە دروستکردنی چەند دەرخستەیەك پەیوەندییان لەگەڵ گەشەپێدانی بەردەوامدا هەیە و دەگونجێن لەگەڵ قۆناغەکانی فێرکردن و ڕەوشتی کۆمەڵگاکانی نیشتمانی عێراقدا. توێژەر ئامادەی ڕاپرسییەکی بەستراو دەکرد کە لە کۆمەڵێك لە دەرخستی لاوەکی بۆ هەر ڕەهەندێك لە ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام ڕێك بێت ، ئەوەی هەبوونیان هەیە لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردیدا بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی.

**4 ـ ئامادەکردنی ئامرازەکە:**

**توێژەر چەند هەنگاوێك پەیڕەو کرد لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپرسی توێژینەوەکەی (فۆرمی ڕاپرسی)،کە ئەمانن:**

ـ ئامادەکردنی ڕاپرسێك بە شێوەیەکی سەرەتایی بۆ ڕهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوامدا،کە لە (44) ئاماژەکەر پێکدێت و دابەش کراون لەسەر ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوامەوە، کە ڕوونی کراوە لە پاشکۆوەی (2 ) بەم شێوەیە:

1ـ ڕەهەندی کۆمەڵایەتی(17) ئاماژەیە

2 ـ ڕەهەندی ئابووری (14 ) ئاماژەیە.

3 ـ ڕەهەندی ژینگەیی ( 13) ئاماژەیە.

پێشانی کۆمەڵێك لە پسپۆڕانی بواری وانەوتنەوە و پەروەردەییەکان و پسپۆڕانی زمانی کوردی و داهێنەری پرۆگرامەکانی خوێندنەوەدا کە ناوەکانیان لە پاشکۆی (1) ڕوونیان کراوە، بە هۆی پێشکەشکردنی تێبینی و پێشنیارکانیان و دلنیابوونی توێژەر لە ڕاستیی دامەزراندن و پتەویی و ڕێکخستنی ڕاپرسەکە.

ـ دوای بە جێهینانی پێشنیار و تێبینییەکانی بڕیاردەرەکان، توێژەر دەستی کرد بە داڕشتنی ڕاپرسەکە بە شێوە کۆتاییەکە، ئەوەی ڕوونی کراوە لە پاشکۆی ( 3 ) کە (38)

ئاماژەکەر پێك دێت، بەش بەش کراوە پێشکەش کردنی بۆ مامۆستا پەیوەندکەرەکان لە ڕێگەی ئەم پرسیارە لە خۆی دەگرێت: ئایا پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لەخۆی دەگرێت؟ کە بە شێوەیە پێشکەشکرا:

1- ڕەهەندی کۆمەڵایەتی(15)ئاماژەکەر.

2 - ڕەهەندی ئابووری (10 ) ئاماژەکەر.

3 - ڕەهەندی ژینگەیی ( 13)ئاماژەکەر.

توێژەر پشت بەستن بە ڕاپرسییە کۆتاییەکە دەستی کرد بە شیکردنەوەی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لەگەڵ شیکەرێکی تردا* دوای دابینکردنی بەیەك وێنە لە ڕاپرسیە کۆتاییەکە و وێنەیەك لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی.

- نموونەیەك لە شیکردنەوەی بابەتەکانی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی کە توێژەر ئەنجامیدا لەوانەی سێیەم (وشە) لاپەڕە(٢٧) و بۆی دەرکەوت هەبوونی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە دیاری کردنی(چاندنی تۆوی گیانی خۆشەویستی و پێکەوە ژیاندایە بەشێوەیەکی ئاشتییانە لە نێوان دانیشتوانی نیشتمانێکدا) و دیاری کردنی (جەختکردن لەسەر ئەنجام نەدانی درۆو فێڵکردن لە هەموو لایەنەکانی ژیاندا).

**5- ڕاستی و دروستی ئامرازەکە:**

**ڕاست و دروستی (veracity):** ئەوەیە کاتێك بەڕاستی پێوانەی ئامرازێك بکرێت ئەوەی ئامادە کراوە بۆ پێوانە کردن.(ألنجار، ٢٠١٠، ص٢٨)، ڕاست و دروستی یەکێکە لە مەرجە گرنگەکانی ئامادەکردنی ئامرازی توێژینەوەکان، ڕاست و دروستی ناوەڕۆکی توێژینەوەکان دیاری دەکات کاتێك ئەگەر بە ڕاستی توانای هەبێت بە پێوانە کردنی ئەو

---

(*) پ.ی.د علاء عبدالخالق المندلاوي پسپۆرە لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زمانی عەرەبی.

ئامرازەی پێیی دەپێورێت(محمود، ٢٠١٩، ص٦٧٧) چونکە دەتوانێت خەمڵاندنی ئامرازە ئەنجامەکان بکرێت، لە ڕێگای پێشاندانی کەرەستەی ئامرازی توێژینەوەکەوە، بۆ چەند پسپۆرێك یان ئەوانەی پەیوەندییان هەیە لەگەڵ بواری فێرکردن و ڕێککەوتن و ڕازیبوونی زۆرترینی پسپۆرەکان، بە گوێرەی شایستەیی بەندەکانی ئامرازی توێژینەوەکە.

هەروەها ڕاست و دروستی توێژینەوەکە گرنگییەکی گەورەی هەیە بۆ دیارکردنی نرخی تاقیکاری و ئامانجەکانیان و دیاریکردنی دروستی ڕاپرسیەکە، ئەوەی کاتێك توێژەر ئامادەی دەکات بە داڕشتنە سەرەتاییەکەی و پێشانی کۆمەڵێك لە پسپۆر و شارەزا دەدات لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پێوانە و هەلسەنگاندن و زمانی کوردی وئەوانەی بۆ دیاریکردنی پێشنیاز و تێبینییەکانیان دەربارەی وردی داڕشتنی دەستەواژەکانی ڕاپرسیەکە لەگەڵ ڕوونی و شایستەییان بۆ بەجێگەیاندنی ئامانجی توێژینەوەکە، کە توێژەر ڕازیبوونی( 18) پسپۆر و شارەزا وەرگرت لە کۆی پەیوندیکەرەکان ئەوەی لە پاشکۆی(١) دیارییان کراوە و ئەم دوو پسپۆرە بەداخەوە نەگەیشتە دەستی توێژە هەتا لە پێشنیاز و تێبینییەکانیان سوود وەربگرێت، بۆیە ڕێژەی سەدیی شایستیی پێوەرەکانی ڕاپرسییەکەی گەیشتە (90%).

کە توێژەر پشت بەستن لەسەر ڕێژەی( 80٪) کرد لە یەك ڕای بڕیاردەرەکاندا بە شایستەیی پێوەرکانی ڕاپرسییەکە وەك ڕاست و دروستێك بۆ گوێرەی ڕازیبونیان و دوورخستنەوەی هەرچی یەك لە ڕێژەیە کەمتر بێت. (أللبان، ٢٠١٦، ص٢٧٩)

دوای ئەوە توێژەر دڵنیا بەپێشنیازی شارەزاکان و تێبینییەکانیان و ڕازیبوونیان لە شایستەیی برگەکانی ڕاپرسەکە بوو، ئینجا دەست کرد بە پرۆسەی چاککردنەوەی ڕاپرسییەکەیدا لە ڕووی داڕشتنی بەندەکان و خستنەسەر و راستکردنەوەی هەندێك لێیان، هەتا لە ڕووی پسپۆڕایی و زمانەوانییەوە دڵنیا بێت لە ڕاستوگۆیی شیکردنەوەی ئەنجامەکانی ڕاپرسیەکان.

**6 - جێگیری :** بەوە دەوترێت کاتێك تاقیکارییەکە ئەنجامەکانی وەك یەك بن، یان نزیك بێت لە ڕاستیەوە، ماوەی پێوانەی دیاردەیەك زیاتر لە یەك جار پێی دەکرێت. (ألخزاعلة،٢٠١١، ص٤٨٥).

هەروەها جێگیری یەکێکە لە تایبەتمییەکانی دڵنیابوون لە بەکارهێنانی ئامرازی توێژینەوەکە کە بێی دەوترێت هاونەوایی ناوەکی(Internal consisency) بۆ پێوانەی شتێك بمانەوێ پێوانەی بکەین (ملحم، ٢٠١٠، ص٢٤٨)، کە سێ ڕێگا هەیە بۆ ژماردنی هاوکۆڵکەی جێگیری، یەکەمیان دووبارەکردنی تاقیکردنەوە و دووەمی وێنەی هاوڕێژەیی(equivalent picure) و سێیەمییان دابەشکردنی نیوەیی( split half)(ألإمام ،١٩٩٠، ص٥٢). توێژەر بەکاری یەکەم ڕێگای بەکارهێنا (دووبارەکردنی تاقیکردنەوە)، چونکە ئەم ڕێگەیە لە بڵاوترین ژماردنی جێگیرییە.

بۆ ژماردنی ڕاستی شیکردنەوەکە توێژەر هاوکێشەی (Holsti) بەکارهێنا، بۆ دەرخستنی هاوکێشەی ڕێککەوتن.(بارعیده و ألزبیدي،٢٠٢١، ص٥٩٠ - ٦١٣ )، لێردا توێژە پەیڕەوی دوو شێوازی دەکرد، بۆ دیاریکردن و جێگیری شیکردنەوەکەی کە ئەمانەن:

- ڕێککەوتن لە نێوان توێژەر و شیکەرێکی تردا کە لە لاپەڕەی (٨٩) ئاماژەی پێی کرا، بۆ شیکردنەوەی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، هەر یەکێکیان لە لایەکەوە، دوای پێدانی دانەیەك لە ڕاپرسییە کۆتاییەکە و دانەیەك لە پەرتووکەکە.

- ڕێککەوتن بەپێی کات ئەوەش بە هەوڵدانی توێژەر بە دوو جار، (ماوەی نێوان هەوڵدانی چواردە ڕۆژی خایاند)، کە (Adams) دەڵێت:ماوەی بەچێهێنانی یەکەم شیکردنەوەی ئامرازی توێژینەوە(ڕاپرسەکە) و دووەم جاری شیکردنەوە دەبێ لە چواردە یان بیست و یەك رۆژ زیاتر نەبێت.(Adams,1960,p:85)

**7- پراکتیزەکردنی ئامرازەکە:** دوای دڵنیابوونی توێژەر لە ڕاستوگۆیی ئامرازی توێژینەوەکە، دەستی کرد بە جێبەجێکردنی پێوەرەکانی ڕاپرسەکە لەسەر پەرتووکە هەڵسەنگێراوەکە، بە دوو جار و جارێکیتر لەگەڵ شیکەرێکیتردا،کە گەیشت بە ئەنجام دەستی دەکرد بە ژماردنی ئەنجامەکان لە ڕێگەی بە کارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان.

ئەنجامی هاوکێشەی ڕێککەوتنی دڵنیابوون لە خشتەی خوارەوە دیاری کراوە:

**خشتەی(1)**

**بۆ دیاریکرنی هاوکۆڵکەی ڕێککەوتن بەکارهێنانی هاوکێشەی (Holsti) نێوانی توێژەر و شیکەرێکی دیکە و هاوکۆڵکەی ڕێککەوتن بەکارهێنانی کات :**

| ژ | جۆری ڕێککەوتن | ڕێژە سەدی |
|---|---|---|
| 1 | هەوڵدانی توێژەر لەگەڵ شیکەرێکی دیکە | |
| | ڕەهەندی کۆمەڵایەتی | **0.96٪** |
| | رەهەند ئابووری | **0.95٪** |
| | ڕەهەندی ژینگەیی | **100٪** |
| 2 | **هەوڵدانی توێژەر بەکارهێنانی کات** | |
| | ڕەهەندی کۆمەڵایەتی | **0.80٪** |
| | رەهەند ئابووری | **0.90٪** |
| | ڕەهەندی ژینگەیی | **100٪** |

| ژ | جۆری ڕێکەوتن | ڕێژەی کۆتایی هاوکۆڵکەی پتەوی |
|---|---|---|
| **1** | هەوڵدانی توێژەر لەگەڵ شیکەرێکی دیکە | **0.97** |
| **2** | هەوڵدانی توێژەر بەکارهێنانی کات | **0.90** |

جۆری ڕێککەوتنی ئەم ئاستانە نێوانی ئەنجامەکان، سەلماندنە لە دڵنیابوون و پەسەندی و بڕواکردن بۆدڵنیابوون لە شیکردنەوە ئەم توێژینەوەیە.

**8- ئامرازی ئامارییەکان:**

**أ ـ دووبارەكراوەكان :**

**ب ـ هاوكێشەی ڕێژەی سەدی:**

$$V = \frac{V1}{Vall} \times 100$$

**V = ڕێژەی سەدی.**

**V1 = ژمارەكە.**

**Vall = ژمارەی گشتی.** ( عبدألله، ٢٠١٦، ص١٤٤)

توێژەربەكاری ڕێژەی سەدی هێنا بۆ دیاریكردنی ڕێژەی سەدیی گشت بڕگەكانی ڕاپرسەكە هەتا بتوانێت بڕگەكانی ڕاپرسەكە ڕێك بكات و لە ئەنجامدا لێكدانەوەی ئەنجامەكان (عطية ، ٢٠٠١ ، ص٢٧٥ )

**ج ـ هاوكێشەی هۆلستی بۆ دۆزینەوەی هاوكۆڵكەی ڕێككەوتن نێوانی دوو شیكردنەوە.**

$$R = \frac{2C}{C1+c2}$$

**كە :**

**R = هاوكێشەی ڕێككەوتن.**

**C = كۆی بەندە ڕێككەوتەكان نێوانی دوو شیكردنەوە.**

**C1 = ژمارەی بەندەکانی شیکردنەوەی یەکەم.**

**C2 = ژمارەی بەندەکانی شیکردنەوەی دووەم.**

بەکار هێنا بۆ دۆزینەوەی هاوکێشەی پتەوی نێوانی هەوڵدانی توێژەر لەگەڵ شیکەرێکی تردا و هەوڵدانی توێژەر بکارهێنانی کات.

(Holsti,1964,p:68)

# بەشی چوارەم

## خستنەڕووی شیکردنەوەی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە

**بەشی چوارەم /خستنەڕووی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە**

لە دوای چارەسەرکردنی ئەنجامەکانی شیکردنەوەی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی لێکۆڵینەوەکەی بە ئەنجامانەی خوارەوە گەیشت.

لە ئەنجامی شیکردنەوەی ئامارەکە ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوامدا لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی گەیشت بەمانەی خوارەوە :

أ : ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بە پلەی یەکەم هاتووە بە دووبارەکراوەکانی (120) دووبارەکراوە بەڕێژەی سەدیی(76٪ ) لە کۆی دووبارەکراوەکان لە کۆوە گشتییەکە(160) دووبارەکراوە.

ب ـ بەڵام ڕەهەندی ئابووری بە پلەی دووەم هات بە دووبارەکراوەکانی (34) دووبارەکراوە بەڕێژەی سەدیی (20,25) لە کۆی گشت دووبارەکراوەکان.

پ ـ لە پلەی سێیەم ڕەهەندی ژینگەیی دووبارەکراوەکانی (6) دووبارەکراوە بە ڕێژەی سەدیی(3,75 ) لە کۆی گشت دووبارەکراوەکان.

کە دیارییان کراوە لە خشتەی خوارەوەدا :

**خشتەی(2)**

**ڕێژە سەدییەکان بۆ ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی:**

| پەرتووک | ڕەهەند | دووبارەکراوەکان | ڕێژەی سەدیی |
|---|---|---|---|
| زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی: | ڕەهەندی کۆمەڵایەتی | 120 | 76٪ |
| = | ڕەهەندی ئابووری | 34 | 20.25٪ |
| = | ڕەهەندی ژینگەیی | 6 | 3.75٪ |
| کـــــــۆ | | 160 | 100٪ |

**2- شیکردنەوەکەی ئەنجامەکان:**

خستەڕوویی ئەنجامەکان، ئەوەی دیاریی ڕێژە سەدییەکان دەکرد، بۆ توێژەر دەرکەوت: ڕێژەی سەدیی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی لە نێوانی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ فێرخوازانی پۆلی پێنجەمی ئامادەیی زۆر بەرزە ( 76% )و دوای ڕێژەی ڕەهەندی ئابووری(20.25٪) هات و دواتر ڕەهەندی ژینگەیی(3.75٪)، لێردا دەتوانین بەم شێوەیە شیکردنەوە بۆ ئەنجامەکان بکەین

1- پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی هەر سێ ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لە خۆی گرتووە.

2 ـ کاتی ژماردنی ئەنجامەکان دیاردا کە زۆر لە پێوەرەکانی ڕەهەندی ئابووری و ژینگەیی دیاریان لاواز بوو ، ئەمەش لاوازییەکە کاتی ڕێکخستنی بابەتەکانی پەرتووکەکە بە گرنگیدانی دامزرینەکان بە ڕەهەندێك و دوورخستنەوەی ڕەهەندەکانی ترەوە.

3 ـ پەرتووکەکە بایەخ بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی دەدات، بەڵام بە ڕەهەندی ئابووری و ژینگەیی بەڕێژەیەکی کەمتر دەدات،و ئەم دوو ڕەهەندانە گرنگییان زۆرە لە ژیانی ڕۆژانەی داهاتوومان، جگە لەوەش کە هەردووکیان بەشێکن لە ڕەهەندە سەرەکییەکانی گەشەپێدانی بەردەوام و بە کاردەهێنرێن لە هەموو لایەنەکانی ژیان و سوودیان هەیە بۆ خەڵک و وولات لە داهاتوو و ئایندەدا.

4- جیاوازی ڕێژەی سەدیی شیکردنەوەکە دیاریی نایەکسانی دابەشکردنی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام کاتی بەجێهانی بابەتەکانی پەرتووکەکە ،کە ئەنجامەکەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بە پلەی یەکەم دیاردا و دواتر ڕەهەندی ئابووری و لەدواییان و بەتایبەت ڕەهەندی ژینگەیی بە ڕێژەیەکی زۆر کەم هات ، ئەمەش دیاری لاوازیی ئامادەکردنی پەرتووکەکە بوو لە لایەنی بەکارهێنانی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لە نێوانی بابەتەکانی پەرتووکەکە.

**ڕوونکردنەوەی ئەنجامەکان:**

کاتی شیکردنەوەی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی (بابەتی توێژینەوەکە) توێژەر بە چەند ئەنجامێك گەیشت، هەر یەکێك بە پێی ڕەهەندەکەی بەم شێویەی خوارەوە دەخاتە ڕوو :

**أ ـ ڕەهەندەكان:**

لە ڕێگای شیكردنەوەی ناوەڕۆكی پەرتووكی زمان و ئەدەبی كوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی كە ڕەهەندی كۆمەڵایەتی بە پلەی یەكەمی بە ( 120) دووبارەكراوە و بەڕێژەی سەدیی(76٪) لە كۆی (160) دووبارەكراوە هاتووە.

بەڵام ڕەهەندی ئابووری لە پلەی دووەم بە (34) دووبارەكراوە و بەڕێژەی سەدیی (20,25) لە كۆی گشت دووبارەكراوەكان ئەوەی (160) دووبارەكراوە بوو.

هەروەها ڕەهەندی ژینگەیی (6) دووبارەكراوە بوو و ڕێژەی سەدیی(3,75 ) لە كۆی گشت دووبارەكراوەكان، ئەوەی (160) دووبارەكراوە بوو.

توێژەر دەبینێت، ئەنجامەی ئەم توێژینەوەیە دەگونجێت لەگەڵ سروشت و كۆمەڵگای وڵاتی عێراق و ڕەوشتی دانیشتوانەكەیدا ، چونكە گرنگی بە چەسپاندنی خۆشەویستی نیشتمان و زانست و چاندنی چەمكەكانی هاووڵاتی و دڵنەرمی و پەرەپێدانی حەزلێكردنی فێرخوازان بۆ مامۆستا و خوێندنگەكانیان دەدەن لە گەڵ بەهێزكردنی بەهاكانی ئاینی ئیسلام لە كۆمەڵگای عێراقدا، چونكە زۆرترینیان مۆسەڵمانن، لەبەر ئەمانە توێژەر دەبینێت كە پەرتووكەكە بەشە هەرە زۆرەكەی ڕەهەندی كۆمەڵایەتی بوو.

هەروەها لەوڵاتی عێراقدا كۆمەڵگایەكی پیاوانەیە، و هەوڵ بەرەو كاركردن دەدات، سروشت و داب و نەرێتییان هاندانە بەرەو كەم خەرجكردن و داهێنان ، دەبێت ڕەهەندی ئابووری لەگەڵ رەهەندی كۆمەڵایەتی بە ڕێژەیەكی یەكسان بێت ، بەڵام كەم گرنگیدان بەم ڕەهەندە لە ناوەڕۆكی بابەتەكانی پەرتووكەكەدا،كە دەبێ هانی كاركردن و چارەسەركردنی هەڵوێست و كێشە ئابوورییەكان بدات ، ئەوەی گرنگە بۆ وڵات و هاو وڵاتەكان، جگە لە چەند بابەتێك پەرتووكەكە ئاماژەی پێی دەكرد بەڕێژەیەكی كەمەوە وەكو پاراستنی سەرچاوەكانی وزە و ناساندنی بنچینەیی جۆرەكانی و چۆنیەتی بەكارهێنانیان، بەشێوەیەكی دروست و تەندروست دوور لە بەفیڕۆدان، بەهۆی پاراستنی دەسكەوتە سروشتییەكان بۆ نەوەكانی ئایندە.

بەڵام ڕەهەندی ژینگەیی، ئەم ڕەهەندە زۆر گرنگە و بەتایبەت كە دەمێكە پیسبوونی ژینگە زۆر باو بووە و زۆرخەرجكردن بۆ بەكارهێنانی سەرچاوەكانی وزە كاربۆنییەكان ئەوانەی گاز و كاربۆنە پیسكەرەكانی ژینەگەیان لێدەردەكەوێت، لەبەر ئەوە توێژەر دەبینێت كە پەرتووكەكە گرنگی نەداوە بەم ڕەهەندە، چونكە گرنگی ئەم ڕەهەندە كەمتر نییە لە هەردوو ڕەهەندەكانی گەشەپێدانی بەردەوام، كە دەركەوت بابەتەكانی پەرتووكەكە ڕەهەندی ژینگەیی زۆر كەم باس كردووە، جگە لە چەند هەوڵدانێكی شەرمەن دەربارەی بیرخستنەوەی فێرخوازان بە گرنگی پاكی و سوودمەندییەكانی، لەگەڵ

باسکردنی خاوێنی ئاوی ڕووبارەکان و ناساندنی فێرخوازان بە گرنگی ژینگە و هاندانی پاراستنی لە هەموو لایەنەکانەوە.

**ب ـ ئاماژەکان :**

**1- ڕەهەندی کۆمەڵایەتی:** ئەم ڕەهەندە بە (15) ئاماژەکەر لە ناوەڕۆکی بابەتەکانی دیاردا، بە کۆیرەی(120) دووبارەکراوە، کە سێیەم ئاماژەکەر ئەوەی دەڵێت(چاندنی تۆویی گیانی خۆشەویستی و پێکەوەژیان بە شێوەیەکی ئاشتییانە لە نێوان دانیشتوانی نیشتمانێکدا) بە برزترین دووبارەکراوە دیاردا بە ژمارەی(31) دووبارەکراوە و بەڕێژەی سەدیی(83.25) لە کۆی گشت دووبارەکراوەکانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە. توێژەر دەبینێت هۆکاری ئەوە دەگات بۆ گرنگی چاندنی گیانی خۆشەویستی و پێکەوەژیان نێوان نیشتمانەکەمان و بڵاوکردنی چەمکی ڕۆشنبیریی بەیەکەوە ژیان بە ئاشتییانە بەهۆی پەروەردەکردنی نەوەیەك توانای هەبێت بەرگری لەسەر نیشتمان و میراتی بەهەموو شتێک هەیەتی بە دڵ وگیان بۆ گەیشتن وڵاتەکەی بە ئاستی وڵاتە پێشکەوتووەکان.

هەروەها ئاماژەی (گەشەپێدانی حەزو ئارەزووی فێرخوازان بۆ خوێندنگە و مامۆستاکان) بە پلەی دووەم هات بە(16) دووبارەکراوە، بە ڕێژی سەدی(13.33٪) لە کۆوە گشتییەکەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتیدا، چونکە پەیوەندی نێوانی فێرخواز و مامۆستاکەی دەبێ دروست بێت و متمانەی لەسەر ڕیزگرتن و خۆشەویستی و پاراستنی خوێندنگەکەیان چونکە وەك ماڵی دووەمینی خۆیە و موڵکی هەمووانە، بەڵام هەردوو ئاماژەی (جەختکردن لەسەر بەهێزکردنی گیانی ئەندامیەتیی فێرخوازان لەگەڵ کۆمەڵگاکانیان) و (ڕاهێنانەوە و مشقکردنی فێرخوازان لەسەر زیرەکی لێهاتووەکانیان لەبەر ئەوەی یارمەتییان بدات لە هەڵبژاردنی بیرکردنەوەیەکی دروست و بەهێز بو نەخشەکێشانی ژیانی ڕۆژانە و دیاریکردنی ئاییندەیان) لە پلەی سێیەم بە (15) دووبارەکراوە و ڕێژەی سەدیی(10٪) لە کۆیە گشتییەکەی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی. لێرەدا توێژەر دەبینێت ئەگەر بیانەوێت فێرخواز ببێتە خاون کەسایەتییەکی سەربەخۆ و ئامادەکروا و خویَ دەبینێت بە بەشکی گرنگ لە گشت کۆمەڵگاکەی و خۆی وەك لێپرسراو دەبینێت و دەستکردن بە فێرکردنی لێهاتووەکان ئەوەی یارمەتیی دەدات بە چۆنیەتیی بیرکردنەوە و نخشەکێشان بۆ هەموو لایەنەکانی ژیاندا ئەوەی دەیەوێت ئەنجامی بدات.

ئاماژەی (پتەوکردنی گیانی ڕاگرتن لە هەموو شوێن و کاتێك، چونکە ئەمانە لە گرنگترین هۆیەکانی بەرەوپێشچوونیی کۆمەڵگاکانە) لە پلەی چوارەم هات بە (9) دووبارەکراوە و بەڕێژەی سەدیی(7.5٪) لە کۆی دووبارەکراوەکانی ڕەهەندی کۆمەڵاتی

و ئاماژەی (یەکخستنی بەها چاکەکانی  فێرخوازان وەك ئازایەتی و کۆمەڵخوازی و دوورخستنەوەی گیانی خۆوپەرستی، چونکە ئەمانە لە بنەماکانی بونیادنی کۆمەڵگایەك نیشتمان و دەسکەوتەکانی دەپارێزێت) لە پلەی پێنجەم هات بە (8 ) دووبارەکراوە  و ڕێژەی سەدیی (6.66٪) لە کۆی گشت دووبارەکراوەکانی ڕەهەندی کۆمەلایەتییەوە.

هەروها ئاماژەی (پتەوکردنی چەمکی دیموکراسی و ڕازیبوون بە بیرو ڕایانی فێرخوازان دیکەدا) لە پلەی شەشەم هات بە (7) دووبارەکراوە و بە ڕێژەی سەدیی (5.83) لە کۆی دووبارەکراوە گشتییکانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە ، هەردوو ئاماژەی(جەختکردن لەسەر ئەنجامنەدانی درۆ و فێڵکردن لە هەموو لایەنەکانی ژیان) و (هەوڵدان بۆ ناساندنی سەرجەم ئەو بەها ئاسمانییانەی کە لە لایەن  خودای گەورەوە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نێردراوە ، چونکە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگان وەك باوەڕکردن بە خودای مەزن و ڕێزگرتنی باوك و دایك و ڕێزگرتنی خەڵك و ڕێزگرتنی بیرو باوەڕەکانیان و داواکردن بە چاکەکاری و قەدەغەکردنی خراپە) لە پلەی شەشەم هاتن بە (6) دووبارەکراوە و ڕێژەی سەدیی( 5) بۆ هەر یەکێك لێیان لە کۆی گشتیی دووبارەکراوەکانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتیدا.

بەڵام لە پلەی حەفتەم ئاماژeی  (پتەوکردنی بەهای گیانی دەستپاکی  و ڕاستوکۆیی و حەزکردن لە چاکەکاری، چونکە  گرنگن بۆ بونیادنانی کۆمەڵگاکان) هات بە (4) دووبارەکراوە و بە ڕێژەی سەدیی( 3.33) لە گشتیی دووبارەکراوەکانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و ئاماژەی (  دورکەوتنەوە  لە داب و نەرێتانەی  کە دەبنە سەرچاوە بۆ مایەی ناکۆکیی دانیشتوانی یەك نیشتمان وەك تیرەگەری و ڕەگەزپەرەستی و هۆزاییتیدا) لە پلەی نۆیەم هات بە (2) دووبارەکراوە و بە ڕیژەی سەدیی( 1.66)لە کۆی گشتی و ئاماژەی و (پێدانی زانیاری و ئاگادارکردنەوەی فێرخوازان لە پرنسیپیەکانی مافی مرۆڤ بە تایبەت لە مافی منداڵ و ئافرەتان) و (پتەوکردنی بەها چاکەکانی مرۆڤ و هاندان بۆ بڵاوبوونەوەیان وەك ڕێزگرتنی دراوسێیەکان و بەزەیی هاتن بە ئاژەڵەکاندا) و (پتەوکردنی بەها چاکەکانی مرۆڤ و هاندان بۆ بڵاوبوونەوەیان وەك ڕێزگرتنی دراوسێیەکان و بەزەیی هاتن بە ئاژەڵەکاندا) لە پلەی دەیەم هاتن بە (1) دووبارەکراوە و بەڕێژەی سەدیی (0.83) بۆ هەر یەکێك لێیان لە کۆی گشتیی دووبارەکراوەکانی ڕەهەندی کۆمەڵایەتییەوە.

توێژەر دەبینێت کە بەهۆی ئەم ئەنجامانەوە بۆ پێویستی ڕەنگاوڕەنگی بەها و بابەتەکان دەگات، ئەوەی پێشکەشیان کراوە بۆ فێرخوازان لەم قۆناغەدا، چونکە لەم قۆناغەدا دەست دەکات بە هەستکردن بە گرنگی دان بە داب و نەریتە کۆمەڵایەتییەکان، ئەوەی خاوەن بیر و باوەڕی ئیسلامین و بە ڕەوشتی ئادەمیزادی بێخەوش و بەتوانا

خۆیان دەنوێنن، بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ یەکێکی تر بەڕەفتاری چاک و ڕەوشتە بایە دارەکان هەتا ڕەنگ بداتەوە لەکاتی مامەڵەکردن لەگەڵ کۆمەڵگادا.

ئەوەی پاشماوەکان دیاریان کردووە باسی پێوستییەکانی فێرخواز دەکات بۆ چۆنیەتی بەسەربردنی ژیانی لە ژیانی گشتی بە دیموکراسییەت و ئازادی و دەربڕین لە سەر بیر و باوەڕ و بەها چاکەکانی و ڕاستکۆیی و بێفیزییەوە.

## خشتەی(3)

## بۆ دیاریکردنی ڕێژەی سەدی و دووبارەکراوەکانی ڕەهەندی کۆمەلایەتییەوە

| ژ | ئاماژەکەرەکان | دووبارەکراوەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | چاندنی تۆویی گیانی خۆشەویستی و پێکەوەژیان بە شێوەیەکی ئاشتییانە لە نێوان دانیشتوانی نیشتمانەکەدا. | 31 | 25.83 |
| 2 | گەشەپێدانی حەزو ئارەزووی فێرخوازان بۆ خوێندنگە و مامۆستاکان. | 16 | 13.33 |
| 3 | جەختکردن لەسەر بەهێزکردنی گیانی ئەندامیەتیی فێرخوازان لەگەڵ کۆمەڵگاکانیان. | 12 | 10 |
| 3 | ڕاهێنانەوە و مشقکردنی فێرخوازان لەسەر زیرەکی لێهاتووەکانیان لەبەر ئەوەی یارمەتییان بدات لە هەڵبژاردنی بیرکردنەوەیەکی دروست و بەهێز بو نەخشەکێشانی ژیانی ڕۆژانە و دیاریکردنی ئاییندەیان. | 12 | 10 |
| 4 | پتەوکردنی گیانی ڕاگرتن لە هەموو شوێن و کاتێك، چونکە ئەمانە لە گرنگترین هۆیەکانی بەرەوپێشچوونیی کۆمەڵگاکانە. | 9 | 7.5 |
| 5 | یەکخستنی بەها چاکەکانی فێرخوازان وەك ئازایەتی و کۆمەڵخوازی و دوورخستنەوەی گیانی خۆوپەرستی، چونکە ئەمانە لە بنەماکانی بونیادنی کۆمەڵگایەك نیشتمان و دەسکەوتەکانی دەپارێزێت. | 8 | 6.66 |
| 6 | پتەوکردنی چەمکی دیموکراسی و ڕازیبوون بە بیرو ڕایانی فێرخوازان دیکەدا. | 7 | 5.83 |
| 7 | جەختکردن لەسەر ئەنجامنەدانی درۆ و فێڵکردن لە هەموو لایەنەکانی ژیان. | 6 | 5 |
| 8 | جەختکردن لەسەر ئەنجامنەدانی درۆ و فێڵکردن لە هەموو لایەنەکانی ژیان. | 4 | 3.33 |
| 8 | ناساندنی فێرخوازان بە گرنگییەکانی | 4 | 3.33 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | ئازادیی تایبەتی و ئەو ئازادییەی کە بەستراون بە کۆمەڵێك یاسا و بیر و باوەڕە ئاینەکانەوە. | |
| 1.66 | 2 | دوورکەوتنەوە لە داب و نەریتانەی کە دەبنە سەرچاوە بۆ مایەی ناکۆکیی دانیشتوانی یەك نیشتمان وەك تیرەگەری و ڕەگەزپەرستی و هۆزاییتیدا. | 9 |
| 0.83 | 1 | پێدانی زانیاری و ئاگادارکردنەوەی فێرخوازان لە پرنسیپیەکانی مافی مرۆڤ بە تایبەت لە مافی منداڵ و ئافرەتان. | 10 |
| 0.83 | 1 | پتەوکردنی بەها چاکەکانی مرۆڤ و هاندان بۆ بڵاوبوونەوەیان وەك ڕێزگرتنی دراوسێیەکان و بەزەیی هاتن بە ئاژەڵەکاندا. | 10 |
| 0.83 | 1 | هەوڵدان بۆ ناساندنی سەرجەم ئەو بەها ئاسمانییانەی کە لە لایەن خودای گەورەوە بۆ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی نێردراوە ، چونکە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ بونیادنانی کۆمەڵگان وەك باوەڕکردن بە خودای مەزن و ڕێزگرتنی باوك و دایك و ڕێزگرتنی خەڵك و ڕێزگرتنی بیرو باوەڕەکانیان و داواکردن بە چاکەکاری و قەدەغەکردنی خراپە. | 10 |
| 0.83 | 1 | جەختکردن لەسەر ڕێزگرتنی کارو پیشەی کەسانیترەوە، چونکە ئەم ئیش وکارانەدا زنجیرەیەکی بەستراوە بەیەکەوە بۆ خزمەتکردنی هەموو ڕۆڵەکانی کۆمەڵدا. | 10 |
| %99.99= 100 | 120 | | |

## 2- ڕەهەندی ئابووری :

ئەم ڕەهەندە ( 10) ئاماژەی پێشنیازکراو بە(34) دووبارەکراوە لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بەم شێوەیە دابەش کراوە :دیاریکراوی پێوەری (هاندانی گیانی حەزکردن لە کارو پێشەی و داهێنان و شاکارانە، چونکە لەگرنگترین گەشەسەندی کۆمەڵگایە) بە پلەی یەکەم هات بە (10) دووبارەکراوە و بەرێژیە سەدیی(29.41 )، توێژەر دەبینێ کە هۆی ئەوە دگات بۆ گرنگیی کارکردن بۆ ئادەمیزاددا چونکە کارکردن بە گرنگترین هۆیەکانی پەرەپێشچوونی ئابووریی مرۆڤە دەنوێنێت، بەڵکۆ داهێنان و شاکاری لە ڕووالەتی کۆمەڵگا زرنگ و ڕۆشنبیرەکانە، ئەوانەی هەوڵدەدەن هەتا بگەنە پلەی کۆمەڵگا داهێرنەرەکان.

هەروەها هەردوو ئاماژەی (ڕۆشنبیرکردن لەسەر گەشەپێدانی گیانی کەمکردنی دەست بڵاوی بە هەموو شێوەکانی، چونکە ئەمە هۆیەکی سەرەکییە بۆ پڕاندنی دەسکەوتە سروشتییەکان) و (کەڵك وەرکرتن لە زۆرترین هێز و توانای مرۆڤ لە کۆمەڵگادا، بەکوێرەی توانا لەگەڵ پەککەوتەکانیش بە پێوەندی کردن بە پێشکەوتنی کۆمەڵگاکانیان) لە پلەی دووەم ( 5) دووبارەکراوە و بەرێژە سەدیی( 14.70٪). توێژەر دەبینێ کە هۆی ئەوە دەگەڕێت کە هەموو ئاینە ئاسمانییەکان و کۆمەڵگا بەروپێشچووەکان بانگ دەکەن بۆ کەم خەرجکردن بە هەموو جۆرەکانی ئەوەش دیاریی کراوە لە قورئانی پیرۆز ماوەی خودای گەورە دەفەرمێت ((إِنَّ الْمُبَذِّرِينَ كَانُوا إِخْوَانَ الشَّيَاطِينِ ۖ وَكَانَ الشَّيْطَانُ لِرَبِّهِ كَفُورًا ) أالإسراء:٢٧ و لە لایەکیترەوە دەڵێت : (وَالَّذِينَ إِذَا أَنفَقُوا لَمْ يُسْرِفُوا وَلَمْ يَقْتُرُوا وَكَانَ بَيْنَ ذَٰلِكَ قَوَاماً} سورةالفرقان:ألآية ٦٧، چونکە بە فیڕۆدانی ستەمکردنی مافی کەسانی دیکە تییایە و پڕاندنی دەسکەوتەکان، نادادوەری تییایە.

بەڵام ئاماژەی (جەختکردن لەسەر ڕابەریکردن بۆ بەکارهێنانی وزەکان لەگەڵ بیمەی مافی نەوەکانی ئایندە لێیان) و (ڕاگەیاندن بە گرنگیی گەشەپێدانی ئابووری و جەختکردن لە سەر ئەم بابەتە چونکە هۆیی نەمانی هەژارییە و پەرەوپێشچوونیی کۆمەڵگاکان تییایە ) و (جەختکردن لەسەر گەشەپێدانی سامانی کشتوکاڵی،لەبەر ئەوەی سامانێکی بەرهەم هاتووی بێ کۆتایی کۆمەڵگایە) هاتن لە پلەی سێیەمەوە بە ( 4) دووبارەکروە و ڕێژیە سەدیی (11.76٪) بۆ هەر یەکێک لێیان .

هەروەها ئاماژەی پلەی چوارەم (جەختکردن لەسەر دەرفەتی دۆزینەوەی کارکردنی گونجاو بۆ هاووڵاتییان بە هۆی بڵاوبوونەوەی گیانی گەشەپێدان و داهێنان نێوانیان) بوو بە (3) دووبارەکراوە و ڕێژەی سەدیی ( 8.82) و ئاماژەی پلەی پێنجەم (جەختکردنەوە لەسەر نە فیڕۆدانی سەرمایە گشتییەکان و پاراستنی سامانە سروشتییەکان) بە ژمارەی (2) دووبارەکراوە و ڕێژەی سەدیی ( 5.88٪) و ئاماژەی پلەی شەشەم (جەختکردن لەسەر کەشەسەندنی سامانی نەوتی بۆ بونیادنانی وڵاتێکی خاوەن ئابووریەکی بەهێز داهاتوو و ئاییندە بە شێوەیەکی ستراتیژیەتی) بوو کە (1) دوبارەکراوە دەگرت و بەڕێژەی سەدیی (2.49 )، بەڵام ئاماژەی (جەختکردن لەسەر گرنگی گەشەپێدانی دانیشتوانی دابینکراو، بەهۆی بیمەی ژیانی دروست بۆ دانیشتوانی وڵات) هیچ دووبارەکراوەیەك نەدەگرت .

توێژەر ئەوە دەبینێت کە نەبوونی هەندێك لە پێوەرەکان یان دەرکەوتنیان بەشێوەیەکی لاواز، لەکاتی دیاریکردنی دیاریکراوەکانی ڕەهەندی ئابووری لە بابەتەکانی پەرتووکەکەیدا، نیشانەی لاوازی پەرتووکەکەیە، چونکە گرنگی دراوە بە چەند لایەنێکی سادە سەر بە ڕەهەندی ئابووری و فەرامۆشی چەند لایەنێکي کردووە، کە لە دیاریکراوە

لاوەکییەکاندا باسیان کراوە، لەبەر ئەوە ڕێژەی سەدی ئەم ڕەهەندە بە لاوازی دیاریدا ئەگەر لەگەڵ ڕەهەندی کۆمەڵایەتیدا بەراورد بکرێت.

**خشتەی (4)**

**بۆ دیاریکردنی ڕێژەی سەدی و دووبارەکراوەکانی ڕەهەندی ئابوورییەوە**

| ژ | ئاماژەکەرەکان | دووبارەکراوەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | هاندانی گیانی خۆشەویستی لە کارو پیشەی و داهێنان و شاکارانە، چونکە لەگرنگترین گەشەسەندی کۆمەڵگایە. | 10 | 29.41 |
| 2 | ڕۆشنبیرکردن لەسەر گەشەپێدانی گیانی کەمکردنی دەست بڵاوی بە هەموو شێوەکانی، چونکە ئەمە هۆیەکی سەرەکییە بۆ پڕاندنی دەسکەوتە سروشتییەکان. | 5 | 14.70 |
| 3 | جەختکردن لەسەر ڕابەریکردن بۆ بەکارهێنانی وزەکان لەگەڵ بیمەی مافی نەوەکانی ئایندە لێیان. | 4 | 11.76 |
| 3 | ڕاگەیاندن بە گرنگیی گەشەپێدانی ئابووری و جەختکردن لە سەر ئەم بابەتە چونکە هۆیی نەمانی هەژارییە و پەرەوپێشچوونیی کۆمەڵگاکان تییایە. | 4 | 11.76 |
| 3 | جەختکردن لەسەر گەشەپێدانی سامانی کشتوکاڵی،لەبەر ئەوەی سامانێکی بەرهەم هاتووی بێ کۆتایی کۆمەڵگایە. | 4 | 11,76 |
| 4 | جەختکردن لەسەر دەرفەتی دۆزینەوەی کارکردنی گونجاو بۆ هاووڵاتییان بە هۆی بڵاوبوونەوەی گیانی گەشەپێدان و داهێنان نێوانیان. | 3 | 8.82 |
| 5 | جەختکردنەوە لەسەر نە فیڕۆدانی سەرمایە گشتییەکان و پاراستنی سامانە سروشتییەکان. | 2 | 5,88 |
| 6 | کەڵك وەرکرتن لە زۆرترین هێز و توانای مرۆڤ لە کۆمەڵگادا، بەکوێرەی توانا لەگەڵ پەککەوتەکانیش بە پێوەندی کردن بە پێشکەوتنی کۆمەڵگاکانیان. | 1 | 2.94 |
| 6 | جەختکردن لەسەر گرنگی گەشەپێدانی دانیشتوانی دابینکراو، بەهۆی بیمەی ژیانی دروست بۆ دانیشتوانی وڵات. | 1 | 2.94 |
| 7 | جەختکردن لەسەر کەشەسەندنی سامانی نەوتی بۆ بونیادنانی وڵاتێکی خاوەن ئابووریەکی بەهێز داهاتوو و ئایندە بە | 0 | 0 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | شێوەیەکی ستراتیژیەتی. | |
| **99.97=100** | **34** | | |

## 3 - ڕەهەندی ژینگەیی :

ئەم ڕەهەندە (13) ئاماژەی پێشنازکراو پێکدێت، (3 ) ئاماژەکەر هەبوونی هەبوو لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی، کۆی ژمارەیان (6) دووبارەکراوە بە ڕێژەی سەدیی(3.75٪) لە کۆی رێژی سەدیی هەموو ڕەهەندە سەرەکییەکانی گەشەپێدانی بەردەوامدا بوو، دیاریکراوی(ناساندنی فێرخوازان بە گرنگیی پاك و خاوێنی و سوودوەرگرتن لێیان لە لایەنەکانی تەندروستی و ژینگەیی) پلەی یەکەم بوو بە ژمارەی ( 3) دووبارەکراوە و بەڕێژەی سەدیی ( 50٪) لە ڕێژەی دووبارەکراوەکانی ڕەهەندی ژینگەیی، توێژەر دەبینێ کە هۆی ئەوە دەگەڕێت بە گرنگیی پاکی و خاوێنی بۆ تاکایەتیی مرۆڤ و ژینگە و نرخی لە لایەنی دەروونییەوە و کاریگەریی لەسەر تەندروستیی کۆمەڵگا و نیشتمانە بەگشت.

بەڵام لە پلەی دووەمدا، ئەم سێ ئاماژەی (ڕۆشنبیرکردن لەسەر گرنگی کشتوکاڵکردن و هەوڵدان بۆ فراوان کردنی زەوییە سەوزەکان، چونکە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ هاوسەنگیی ژینگەیی) و (جەختکردنەوە لەرسەر پاکی ڕووبار و دەریاچە ئاوییەکان و چۆنیەتی پاراستنیان، چونکە سەرچاوەیەکی سروشتیین بۆ سامانە ماسییەکاندا) لەگەڵ (دامەزراندنی لێژنەی چالاکیەکانی خوێندنگاکاندا به مەبەستی هاندانی فێرخوازان بۆ پێشبڕکێ کردنیانان لە پاکداکردنی ژینگە و پاداشتدانی باشترینیان، ئەمەش وەکو هاندانێکە بۆ فێرخوازان) هاتن بە (1) دووبارەکراوە و بەڕێژی سەدیی ( 16.66) بۆ هەر یەکێك لێیان ، توێژەر دەبینێت کە گرنگیی کشتوکاڵ بۆ ژینگە وەك گرنگیی هەوا بۆ ئادەمیزادە، چونکە بە گشتوکاڵ و زیادکردنەوەی چاندنی ڕێژەی گازی ئۆکسجێن زیاد دەبێت لە کەش و هەوای زەوی و گەرمی کەم دەبێت و ئەو ژەهرانەی تیبایە دەپاڵێوێت، جگە لە پاکی زێ و دەریاچە ئاوییەکان و پاراستنیان لە پیسکەرە ناسروشتییەکان دەستبەرە بۆ بوژاندنەوەی ژینگە ئاوییەکانی خۆمان، جگە لە هاندان بەرەو پاکردنی ژینگە بۆ پێشبڕکێ کردن و پاداشتدان رۆڵێکی ئاشکرای هەیە بەرەو گەسەندن و بەردەوامیی ژینگە .

بەڵام ئەم ئاماژانە (ئاشناکردنی فێرخوازان بە گرنگترین سەرچاوەکانی تری وزەدا، وەك وزەی خۆر و هەوا کە لە سایەیاندا زەویمان کەمتر پیس دەبێت)، (ناساندنی فێرخوازان بە گرنگترین ڕێگا بەخشراوەکان بۆ لە ناوبردنی پیس بوونیی ژینگە و فێرکردنیان بە جۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ژینگەدا) ، (هاندانی فێرخوازان بە

وەبەرهێنانی ئایندەیی لە سەرچاوە سروشتییەکان ئەوەی دوستی ژینگەیەن، چونکە ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لەم بوارە)، (گەشەپێدان و پتەوکردنی هەستی نیشتمانپەروەری لە دەروونی فێرخوازان و هاندانیان لە دروستکردن و داهێنانی ئامێرەکان کە دەبنە هۆی کەم پیسکردنی ژینگە)، (بەهێزکردن و بەڕێزسەیرکردنی فێرخوازن بە ئەو مرۆڤانەی کە ڕۆڵیان هەیە لە پاککردنەوەی کۆمەڵگا و ژینگە و بەگرنگ و ڕێز سەیرکردن لە کارەکانیان)، (جەختکردنەوە بە فیڕیونەدانی پاشماوە و خاشاکەکان لە شوێنە تایبەتییەکاندا)، (پێشاندان و گرنگپێدانی بە ژینگەی لادەێ لەبەر سوودی بۆ مرۆڤ و ژینگە و کۆمەڵگادا)، (هاندان لەسەر دروستکردن و هاوردنی ئامێر و پێداویستییە بەکەڵکەکان، ئەوە کە لەگەڵ ژینگەدا دەگونجێت) لەگەڵ (فێرکردنی فێرخوازان بۆ بە کارهێنانی چەمکە لێهاتووەکانی ژینگە و چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەم لێهاتووانە بە پاراستنی ژینگە) دیارنەدان لە ناوەڕۆکی پەرتووکەکە، لە بەر ئەوە توێژەر دەبینێت خستنە پشت گوێیی ئەم دیاریکەرانە نیشانەیێکە بۆ لەخۆ گرتنی لاوازییە بۆ پەرتووکەکە لەبابەتەکانی ژینگە و لقەکانیدا، ئەمەش هۆیێکە بۆ لاوازیی دامەزراندنی پەرتووکەکەدا، چونکە هەر پێوەرێك گرنگیی خۆی هەیە بۆ گەشەپێدانی لایێك لە لایەنەکانی پاراستنی ئەم ڕەهەند لە لای فێرخوازەوە.

## خشتەی (5)

### بۆ دیاریکردنی ڕێژەی سەدی و دووبارەکراوەکانی ڕەهەندی ژینگەییەوە

| ژ | ئاماژکەرەکان | دووبارەکراوەکان | ڕێژەی سەدی |
|---|---|---|---|
| 1 | ناساندنی فێرخوازان بە گرنگی پاك و خاوێنی و سوودوەرگرتن لێیان لە لایەنەکانی تەندروستی و ژینگەیی. | 3 | 50 |
| 2 | ڕۆشنبیرکردن لەسەر گرنگی کشتوکاڵکردن و هەوڵدان بۆ فراوان کردنی زەوییە سەوزەکان، چونکە ڕۆڵێکی گەورەی هەیە بۆ هاوسەنگیی ژینگەیی. | 1 | 16.66 |
| 2 | جەختکردنەوە لەرسەر پاکیی ڕووبار و دەریاچە ئاوییەکان و چۆنیەتی پاراستنیان، چونکە سەرچاوەیەکی سروشتیین بۆ سامانە ماسییەکاندا. | 1 | 16.66 |
| 2 | دامەزراندنی لێژنەی چالاکیەکانی خوێندنگاکاندا بە مەبەستی هاندانی فێرخوازان بۆ پێشبڕکێ کردنیانان لە پاکداکردنی ژینگە و پاداشتدانی باشترینیان، ئەمەش وەکو هاندانێکە بۆ فێرخوازان. | 1 | 16.66 |
| 3 | ئاشناکردنی فێرخوازان بە گرنگترین | 0 | 0 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | سەرچاوەکانی تری وزەدا، وەك وزەی خۆر و هەوا کە لە سایەیاندا زەویمان کەمتر پیس دەبێت. | |
| 0 | 0 | ناساندنی فێرخوازان بە گرنگترین ڕێگا بەخشراوەکان بۆ لە ناوبردنی پیسبوونیی ژینگە و فێرکردنیان بە جۆنیەتی چارەسەرکردنی کێشەکانی ژینگەدا. | 3 |
| 0 | 0 | هاندانی فێرخوازان بە وەبەرهێنانی ئایندەیی لە سەرچاوە سروشتییەکان ئەوەی دوستی ژینگەیەن، چونکە ڕۆڵێکی گەورەیان هەیە لەم بوارە. | 3 |
| 0 | 0 | گەشەپێدان و پتەوکردنی هەستی نیشتمانپەروەری لە دەروونی فێرخوازان و هاندانیان لە دروستکردن و داهێنانی ئامێرەکان کە دەبنە هۆی کەم پیسکردنی ژینگە. | 3 |
| 0 | 0 | جەختکردنەوە بە فڕێدانی پاشماوە و خاشاکەکان لە شوێنە تایبەتییەکاندا. | 3 |
| 0 | 0 | بەهێزکردن و بەڕێزسەیرکردنی فێرخوازن بە ئەو مرۆڤانەی کە ڕۆڵیان هەیە لە پاککردنەوەی کۆمەڵگا و ژینگە و بەگرنگ و ڕێز سەیرکردن لە کارەکانیان. | 3 |
| 0 | 0 | پێشاندان و گرنگپێدانی بە ژینگەی لادەێ لەبەر سوودی بۆ مرۆڤ و ژینگە و کۆمەڵگادا. | 3 |
| 0 | 0 | هاندان لەسەر دروستکردن و هاوردنی ئامێر و پێداویستییە بەکەڵکەکان، ئەوە کە لەگەڵ ژینگەدا دەگونجێت. | 3 |
| 0 | 0 | فێرکردنی فێرخوازان بۆ بە کارهێنانی چەمکە لێهاتووەکانی ژینگە و چۆنییەتی بەکارهێنانی ئەم لێهاتووانە بە پاراستنی ژینگە. | 3 |
| **99,98=100** | **6** | **کۆ** | |

# بەشی پێنجەم

## ئەنجام و ڕاسپاردە و پێشنیارەکان

## بەشی پێنجەم:

---

## ئەنجامەکان:

**لێکدانەوەی ئەنجامەکان:**

1 - پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی ،ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لە خۆی دەگرت .

2 - پەرتووکەکە گرنگی دا بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی بە ڕێژەیەکی بەرزەوە و دواتر بە ڕەهەندی ئابووری لەگەڵ ڕێژەیەکی کەم گرنگیدان بە ڕەهەندی ژینگەییدا.

3 - زۆر لە پێوەرە لاوەکییەکانی رەهەندی ژینگەیی هیچ دووبارەکراوێکی بە دەست نەکەوت ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ لاوازیی ڕێکخستن و دامەزراندنی پەرتووکەکەدا.

**بەپێیی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر دەتوانێ ئەم سەرئەنجامانە بخاتە ڕوو:-**

1- هەبوونی ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لە پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی بەڵام بە ڕێژەیەکی جیاواز.

2 - پەرتووکەکە گرنگی دا بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و بە ڕەهەندی ئابووری بە ڕێژەیەکی کەمتر و دیاربوونی رەهەندی ژینگەیی بەشێوەیەکی لاوازەوە.

3 - گەشەپێدانی بەردەوام پەیوەندی هەیە بەڕۆشنبیرکردنی فێرخوازان و پێدانی گرنگی بە ڕۆڵیان بۆ بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگاکانیان و چۆنیەتی پاراستنی دەسکەوتەکان بۆ نەوەکانی ئایندەدا.

4 - ناساندنی فێرخوازان بەگرنگیی ڕەهەندی ئابووری و سوودمەندیی بۆ تاك و کۆمەڵگایەوە.

5 - ناساندنی فێرخوازان بە گرنگی ڕەهەندی ژینگەیی و سوودی بۆ پاراستنی ژێنگەکانیان بەهەموو لایەنەکانی و دوورکەتن لە هەر شتێك ستەمکردنی ژنگە تییایە.

**ڕاسپاردەکان :**

**بەپێیی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ڕادەسپێرێ بە ئەم خاڵانەی خوارە**

1- ناساندنی مامۆستایانی زمان و ئەدەبی کوردی بە ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام
2 - پشت بەستن بە ڕەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لە پرۆگرامەکانی فێرکردن لە قوتابخانەکانی تر

3 - هەوڵدان بۆ بەجێهینانی رەهەندکانی گەشەپێدانی بەردەوام لە ژینەگەی خوێندنگاکان و ڕاهاتنی فێرخوازان و هاندانیان بەرەو چۆنیەتی جێبەجێکردنیان

**پێشنیازەکان :**

**بە هۆی گەیشتن بە ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەی خوارەوە:**

1 - ئەنجامدانی توێژینەوەیەك هاوشێوە لە گەڵ توێژینەوەی ئێستا بۆ قوناغی زانکۆکان.

2 - ئەنجامدانی توێژینەویەك هاوشێوە لە گەڵ بابەتەکانی تردا.

3 - دەبێ گرنگی بە هەموو ڕەهەندە سەرەکییەکانی گەشەپێدانی بەردەوامدا بە شێوەیەکی یەکسان بدرێت ، جونکە هەموویان تەواوکەری یەکتیرین .

4 - ئامادەکردنی پرۆگرامێکی نیشتمانی بۆ بەجێهێنانی رەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لە هەموو قۆناغەکانی خوێندن.

5 - پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی بۆ پۆلی پێنجەمی ئامادەیی هەموو لایەنەکانی زمانەوانی لە خۆی دەگرێت وەك زمان و ڕێزمان و خوێندنەوە و وێژە و وتووێژ، دەتوانین بە یەکسانی دابەشی رەهەندەکانی گەشەپێدانی بەردەوام لەسەر بابەتەکانی پەرتووکەکە بکەین .

# سەرچاوەکان

**سەرچاوەکان  بە زمانی کوردی**

**سەرچاوەکان  بە زمانی عەرەبی**

**سەرچاوە بیانییەکان**

# سەرچاوەکان

**ـ ألقرآن ألكريم.**

## سەرچاوەکان  بە زمانی کوردی:


ـ ئەمین ، وریا عومەر،(٢٠٠٩ز)، ***ئاسۆیەکی تری زمانەوانی*** ، چ/٢ ، هەولێر، ئاراس.

ـ حاجی سەلام ، عوسمانی،(٢٠١٩ز) ، ***چۆن دەبێتە مامۆستایەکی سەرکەوتوو***، چ/٢ ، هەولێر، ناوەندی سارا.

ـ خەزنەدار، مارف، (٢٠١٢ز)، ***مێژووی ئەدەبی کوردی***، بەرگی یەکەم ، هەولێر، دەزگای ئاراس.

ـ خۆشناو، نەریمان عەبدوڵلا ،(**٢٠١٣ز)**، ***زمانی ستانداردی کوردی*** ، هەولێر، چاپخانەی هێڤی.

ـ***دەستووری عێراقی فیدراڵ***(٢٠٠٥) ، **عێراق**. http//www.miqpm.com

ـ ڕەسوول، ڕەسوول ئیبراهیم،(٢٠١٤ز)، ***دەروازەیەک بۆ وانەوتنەوە***، هەولێر، چاپخانەی نارین.

ـ عەزیز، کەریم ئەحمەد،(٢٠١٤ ز)، ***بنەما گشتیەکانی ڕێگاکانی وانەوتنەوە***، هەولێر، چابخانەی نارین.

ـ قادر، (٢٠١٨)، ڕەمەزان حەمەدەمین، ***ڕێگاکانی وانەوتنەوە«شێوازەتێوری و پراکتیکییەکان»*** ، چ٢، هەولێر، عێراق، لە بڵاوکراوەکانی کتێبخانەی سۆفیا.

ـ کەمری، بێرنارد و جێرید دایمەند و واڵن ، دەوك و هارەسن، ك ـ دەیڤید،،(٢٠٠٧ز)، ***زمان***، وەرگێران( قەرەداخی، کامل مەحەمد)، هەولێر، وەزارەتی ڕۆشنبیری کوردستان.

ـ نیزامەددین، فازیل، (٢٠٠٨ز)، ***فەرهەنگی شیرینی نوێ***، سلێمانی ، عێراق، چاپخانەی سەردەم.

# سەرچاوەکان

## سەرچاوە بە زمانی عەرەبی:


- إبراهيم، سناء أبو دقة(٢٠٠٤م). ***التقويم وعلاقته بتحسين نوعية التعليم في برامج التعليم ألعالي***، مؤتمر ألنوعية في التعليم ألجامعي ألفلسطيني، جامعة ألقدس ألمفتوحة في مدينة رام ألله.

- إبراهيم، فوزي طه و رجب، أحمد ألكلزه (٢٠٠٠م). ***ألمناهج المعاصرة*** ، مصر، مطبعة نشأة ألمعرفة.

- ابوجودة، إلياس(٢٠١١م). ألتنمية ألمستدامة وأبعادها ألإجتماعية وألاقتصادية وألبيئية، بحث منشور في" ***مجلة ألدفاع ألوطني أللبناني***" ، ألعدد:٧٨، تشرين ألاول، ص٥٩- ٩٧ .

- ابو طير، نبيل (٢٠١٠م). ***المحروقات والتنمية المستدامة ومدى أهمية المراهنة على الطاقات البديلة***، مذكرة ماجستير غير منشورة ، كلية العلوم الاقتصادية و علوم التسيير، جامعة باجي مختار، عنابة، الجزائر.

- ابو النصر، مدحت و محمد، ياسمين مدحت (٢٠١٧م). ***ألتنمية ألمستدامة مفهومها - أبعادها - مؤشراتها*** ، ألقاهرة، مصر، ألمجموعة ألعربية للتدريب و النشر .

